بێوار ئەلیما

# دوایین ژێر دەستە

## کێشەی باکووری کوردستان

(پارچەی ژێر چەپۆکی ترك لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ)



وەرگێڕانی :

جەلیل عەباسی ( ج. قەقنەس )

**دوایین ژێر دەستە**

**کێشەی باکووری کوردستان**

**(پارچەی ژێر چەپۆکی ترك لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ )**

*

**نووسەر: بێوار ئەلیما**

*

**وەرگێڕ: جەلیل عەباسی**

ناسنامەی کتێب:...

ناوی کتێب: دوایین ژێر دەستە (کێشەی باکووری کوردستان لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ)

نووسەر: بێوار ئەلیما

وەرگێڕ: جەلیل عەباسی (ج. قەقنەس)

پیت چنین و کاری بەرگ: ئەدهەم عەباسی

چاپی یەکەم: سلێمانی 2004

تیراژ: 1000

چاپ: چاپەمەنی و ئۆفسێتی گەنج

ژمارەی سپاردن: (191)ی ساڵی 2005/ وەزارەتی رۆشنبیری

{ مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ }

## یەکەم چرپە

( بارم هەر خەمەن سەربارم خەما
وێم بەوێم کەردەن هەڵای هەر کەما)

مێژووی گەلی کورد، چەندە دێرین و لە مێژینەیە، ئەوەندەش پـڕە لـە کارەسـات و شـەڕ و شـۆڕ و سـتەم و چەوسـاندنەوە و ئاوارەیی.

ئەم نەتەوەیە لەوەتی هەبووە، هەر ژێر دەستە و پێشێل کـرا و و بەشخوراو بووە و هەر کراوەتە پرد بـۆ پەڕینـەوە و سـەرکەوتنی نەتەوەکانی دیکە و لە هـەمان کاتیشـدا خـۆی هـەر پلیشـاوەتەوە. کەچی ئەو هەموو هەڵدێران و پلیشانەوە و شەڕ و شـۆڕ و ئـاوارەیی و دەربەدەرییـەی نەکردۆتـە ئـەزموون و تەجروبەیـەك بـۆ دواڕۆژ و نەیتوانیوە یـانخود نەیویسـتووە بیکاتـە چـرایەك و سـوودی لێـوەر بگرێت بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگای شەوەزەنگ لێداوی تاریکسـتانی چارەنووسی خۆی.

ئەم گەلە خاوەن کلتـوورە، جـاریێ بـۆ جـاران فریـو خـواردنێکی نەکردە وانەیەك بۆ هوشیاری و بە ئاگاهاتنەوە، شکستێکی نەکردە ئـەزموونێك بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگـاو تـاکتیکی سـەرکەوتن، بـەزین و دابەزینێکی نەکردە پلیکانەیەك بۆ هەڵبـەزین و...!، هـەر شکسـت

دوای شکست و بەزین دوای بەزین و فریو خواردن دوای فریو خواردن و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت هەر بندەستی و ڕەزالەتی چەوسانەوە و بە پرد بوون!.

کورد لە منداڵێکی ساوا دەچێت بە مێشك و دڵێکی بچووك و ساوا و ساویلکەوە کە هەموان بە دۆست (بەباوك و برا!!!) دەزانێت و خۆی داوێتە ئامێزی هەر ڕێبوارێك کە بەدەمیەوە پێ بکەنێت ، ئیدی بەبێ ئەوەی بتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو ڕێبوارە کێیە و نیاز و مەبەستی لەو بزە و پێکەنینە چییە؟!.

ئەم منداڵە ساوایە، بۆ مژینی هەموو مەمکەیەك خۆی ڕادەوەشێنێت بە بێ ئەوەی بتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کەکامەیان هی دایکیەتی و کامەیان هی ئافرەتێکی بێگانەیە ، یان کامە شیریان پاك و خاوێن و پڕ لە سۆزی دایکانەیەو کامەیان نەخۆش و گەنیو و پڕە لە ژاراوی ڕق وکینە و نەفرەت و قورگی دادەگرێت و دەیخنکێنێ!.

زۆر جار زەجرم لە تەعبیری دزێوی ((کوردی ئازا)) کێشاوە و بە خۆم گوتووە: بریا نەماندەهێشت ئاوامان پێ بڵێن ... بریا وامان دەکرد کەلە جیاتی کوردی ئازا پێمان بڵێن ((کوردی ژیر))!

من لە وشەی بێزراوی ــ کوردی ئازا ــ دا هەر شەڕ و ناتەبایی و پێکدادان و بە گژا هەڵچوونی کوردم بینیوە و هیچی تر. لەوەتی لەبیرم بێت یان بیستبێتم ، ئێمەی کورد بەو تەعبیرە دزێوە

فریودەرانە هەڵخەڵەتاوین و هان دراوین بۆ شەڕە کەڵەشێرێ لە گەڵ یەکدیدا و دژی یەکتر و لە ئەنجامیشدا بەرژەوەندیی نامەشروعی دوژمنانمان پێ پارێزرا وە و بە پێچەوانەوەش کراوینەتە ــ پواز ــ بۆ هەڵ قڵیشاندنی داری هەبوونی خۆمان، بووینەتە ــ تەور ــ یَك بۆ نەك هەر داپاچینی لق و پۆپ بەڵکوو بۆ لە ڕەگەوە بڕینەوەی نەمامی مەشروعییەتی خۆمان و...! .

ئێمەی کورد لە ڕاستیدا ئەو خنجێرە دەبانە بووین کە ڕۆژێك سەلجووقییەکان بە هەسانی (کوردی ئازا) دەمەزەردیان کردۆتەوە ڕۆژێ عوسمانییەکان، جاریَ فارس و جاریَ ترك و جاریَ عەرەب!، هەرجارەو یەك لەو هۆزە نامۆ و دوژمنانەمان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان هەڵیان خەڵەتاندوین و جاری واش هەبووە کە لەیەك ئان و ساتدا کراوینەتە سێ چوار دەستەی دژبەیەك و هەر دەستەیەکمان بندەستی یەك لەو لایەنانە بووین و تەنیا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی چەوت و داسەپاوی ئەوان و هەر بە چووتی ئەوانیش ڕووبەڕووی یەکدی بووینەتەوە و لێکتر هەڵچووینە و یەکدیمان کوشتووە و کوژرانی هەردەستەیەکیشمان بە دەستی ئەوی تر لە لای هەرکام لەو لایەنانە نەك هەر گرینگ نەبووە بەڵکوو هەموویانی شاد و شاگەشکە کردووە چوونکە لای ئەوان بە هەر هەموویانەوە: (( سەگ، چ ڕەش و چ سپی، فەرقی نییە))!.

ئەگەر ئێمەی کورد کە بۆ یەکەمجار بە وشەی هاندەرو دزێوی ـ کوردی ئازا ــ فریومان خوارد و خزمەتی ئەوان و خیانەتمان بە خۆمان کرد، بهاتباینەوە سەر خۆو تۆزقاڵێك دەرکەی داخراوی مێشك و ئەقڵی خۆمان بەرەو تیشکی هۆش و بیر ئاوەڵا بکردبایە و چیتر نەبووینایەتە چیلکەی وشك بۆ خۆش کردنی ئاگری ناو ئاگردانی ئەوان و نەبووینایەتە کەڵەشێری سەرگەرم کەریان، ئەوا دەمانتوانی لەو قۆناغە نالەبار و ئاڵۆزو پڕووکێنەرەی ((ئازایەتی؟!)) تێپەڕین و بگەینە هەواری ((ژیری))و ئاشکرایشە کە کوردی ژیر نابێتە دەستە چیلە و نابێتە ــ بووکۆکە ــ ی قورمیشیی دیتران! مرۆڤی ژیر بە هەڵەداوان و سەر لێ شێواوی خۆی ناخاتە ناو کوێرە ڕێی نەهات بەڵکوو بە بیر و لێوردبوونەوەیەکی مرۆڤانەوە شاڕێگای سەربەستی و سەربەرزیی خۆی دەگرێتە بەر تا دەگاتە لووتکەی کەرامەت و بەختیاری. بەڵام زۆر بە داخەوە ئێمەی کورد نەمانتوانیوە و گەر توانیبێتیشمان نەمان ویستووە(کوردی ژیر) بین و خۆمان بیر بکەینەوەو ڕێگای خۆمان لە دڕك و داڵ و چقڵ و ڕێوی پاك بکەینەوەو بگەینە لووتکەی سەربەستی و سەرفرازی! ئەگەر بە خەلیفە هەوەسبازەکانی (عوسمانی)مان بگوتبایە کە ئێمەی کورد پێش ئەوەی ـ فەقێ ــ ی وانە شەیتانییەکانی ئێوە بین، ئینسانین و ئەگەر بە نەقیزەی ئەوان نەکەوتباینە گیانی هاونەوعە

ئەرمەنیەکانمان، ئەگەر بەرپەرچی سیاسەت و پیلانی (سەلجووقی) یـە کانمـان بدابایـەوە، ئەگـەر ئـەو جـل و بەرگـە کوردییـەمان بسـووتاندبایە کـە ئاتـاترك ڕێـوی سـیفەتانە لـە ناومانـدا و بـۆ فریودانمـان لـە بـەری دەکـرد، ئەگـەر پـاش یەکـەمین خیانـەتی سیاسیانە و رسوای رووسیا ـ بوت ـ ـە ناوبۆشەکەی (ستالین) مـان لـە دڵـی خۆمانـدا بشـکاندبا، ئەگـەر زووتـر بـەریتانیای فێڵبازمـان بناسیبا و پشتمان پێ نەبەستبا، ئەگـەر ئـەڵمانیامان رسـوا بکردبـا کاتێ کە پسپۆڕی کوشتنی بە گـازی کیمیـایی دەنـاردە ترکیـا دژی سەرهەڵدانی کورد، ئەگەر تووکمـان لـە فەرەنسـا بنابـا لـەوەی کـە بووە پردی پەڕینەوەی قاتڵـە چـەکدارەکانی تـرك بـۆ سـەر ئێمـەی کورد، ئەگەر بە یەك دەنگ ڕامان بگەیاندبا کە : (( حیکمەت چەتین لە ناسنامەی کوردی بەری دەکـەین چـوونکە بۆتـە جـەلادی تـرك و کـورد قرانیـان بـۆ دەکـات!))،((بـرایم تـاتلّیس بـە کـورد نـازانین و رسوای دەکەین چوونکە لە خەرمانی کلتووری کـوردی دەدزێـت بـۆ تێر کردنی نەوسی شۆڤینیانەی ئەربابە ترکەکانی!))،(( زیاگۆکالپ لە ئێمە نیەولیّمان بەرییە چوونکە خۆی فرۆشتووە و دەهـۆڵی پـان ترکیسـم دەژەنـێ !)) و ئەگـەر ... !ودەیـان و سـەدان ئەگـەر و خۆزگە و بریـای دیکـە، بـەکوردی ئـازا نەدەناسـراین و نەدەبووینـە دەستە چـیلەی دووژمنـان و دەمـان سـەلماند کـە کـوردی ژیـرین و نەتەوەیــەکی لــە مێژینــە و خــاوەنی کلتــوور و شارســتانیەت و

ڕۆشنبیرین و خۆمان خۆمان بەڕێوەدەبەین و ...لە ئاکامیشدا دەگەیشتینە ئەو جێگەی کە شیاوی خۆمان بوو، دەگەیشتینە ئەو مافە ڕەوایانەی کە هەمیشەی مێژوو بە هۆی نەزانیی خۆمانەوە لێمان زەوت کراون.

بەم پێوەر و پێودانگەیە کە دەڵێم :کورد بۆی نیە ناڵە و زاری بکات و لەم و لەو بپاڕێتەوە و گلەیی لەم و لەو بکات کە بۆچی ستەمیان لێ کردووە و بۆچی رزگاری ناکەن و ... بەڵکوودەبێ لەخەوی غەفڵەت و ساویلکەیی ڕاچەنێت و بەو دێڕە شیعرە پەندئامێزەی سەرەتای باسەکە بهەژێت و لەدادگای ئەقڵ و ئەندێشەی ئینسانیدا خۆی بکێشێتە پای مێزی مەحکەمە و ئەو ((ئازا)) یەتییەی خۆی مەحکووم بکات و بگەڕێت بەشوێن((ژیری))ی ون بوویدا و بیدۆزێتەوە، با هەر هیچ نەبێ لەمڕۆوە بناغەی دواڕۆژی خۆی پێ دابمەزرێنێت و چیتر بە زەلیلی، وەکوو هەتیوێکی بابەژن داری دەرکراو چاوی حەز و تاسە و حەسرەت نەبڕێتە بێگانە.

دەبا کورد ئەقڵی ڕابردووی خۆی بکێشێتە ژێر پرسیار و لە وڵامەکانیدا ڕاستی و ڕووناکی بدۆزێتەوە.

دەبا کورد چیتر (( کوردی ئازا)) نەبێت و پیشانی هەموو جیهان بدات کە ((کوردیژیر))ەو لەڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی سەربەستی

و سەربەرزیدا شارەزا و چاو ساغی ناوێت و خۆی ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە.

* *

## چرپەی دووەم
## ( گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە)

دەڤەرەکانی کرماشان و لوڕستان کە ساڵەهای ساڵ بە هۆی سیاسەتی شۆڤینیی دەسەڵاتدارانی ئێران و بە تایبەتی بەهۆی زەقتر و بەر جەستەتر کردنەوەی جیاوازیی ئایین و مەزهەب و ... لە بنەڕەتی کوردیی خۆیان بڕابوون و نامۆ کرابوونەوە، چەند ساڵێکە لە خەوی غەفڵەت ڕاچەنیون و هەستی کوردی لە ناخی تینوویاندا چەکەرەی کردووە کە بە دڵنیاییەوە بە هۆی دڵسۆزیی ئاودێرە قەڵەم بەدەستەکانیانەوە لە داهاتوودا پێدەگات و بەر دەدات . چالاکی و بزووتنەوەیەکی بەرچاو و دڵخۆشکەر لەناو کۆمەڵگەی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کرماشان و ئیلام ولوڕستاندا سەری هەڵداوە کە ئەمجارەیان بە هیچ هەورێکی ڕەشی جیاوازیی ئایین و...داناپۆشرێت و هەر لە گەشە و پێشکەوتندایە.

یەك لەو قەڵەم بە دەستە ڕۆشنبیرانەی دەڤەری لوڕستان کاك نوورعەلی مرادی (بێوارئەلیما) یە کەدەمێکە هەوڵ دەدات ڕاستییە

مێژووییەکان زیندوو بکاتەوە و شارێگەیەك بکاتەوە بۆ ناسینەوەی بنەڕەت و گەڕانەوەی جەماوەری ئەو دەڤەرانە بەرەو بنەما ڕەسەنە کوردییەکەی خۆیان .

بێوار ئەلیمای نووسەری ئەم کتێبە، گۆش کراوی ئەدەب و مێژوو و ڕۆشنبیری و کلتووری فارسە و لە گەڵ ئەوەشدا لە بواری دۆزینەوە و ناسینەوەی ڕەسەنایەتیی ڕەگەزی خۆیدا ، خۆی پێگەیاندووە و ئەو دیواری نامۆییەی ڕووخاندووە و چالاکییەکانی لەم بوارەدا دیار و بەرچاوو دڵخۆشکەرن و دیارە بۆ نووسینی ئەم بەرهەمەش گەلێك خۆی ماندوو کردووە و بەم چەشنە ئەرکی کۆمەڵایەتی سەر شانی خۆی بە جێ هێناوە. ئەم کتێبە کە بە ناونیشانی (( اخرین مستعمره ... بحران کردستان ترکیه از اغاز تاکنون)) لەساڵی (1378)ی هەتاوی لە ئێراندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە ، بریتییە لە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ کە بە نەخشەی کوردستانی گەورە ڕازاوەتەوە و پێشەکییەکی نووسەر و چەند وێنەیەکی پێویست لە خۆ دەگرێت.

کتێبەکە لە (192) لاپەڕەدا نووسراوە و لە لاپەڕە (11)وەتالاپەڕە(107) لەسەر مێژووی کێشەی کورد لە ترکیادا ڕۆیشتووە ولەلاپەڕە (108)یشەوە تاکۆتایی، باس لە PKK دەکات .

من کتێبەکەم وەك دووبەش سەیر کرد و بەلەبەر چاو گرتنی هەل و مەرج و بار و دۆخێکی تایبەت و جیاواز لەوەی لای نووسەر، تەنیا بەشی یەکەمم هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان و وازم لە بەشەکەی دیکە هێنا، لەلایەکیشەوە بەشی یەکەمیم لەلا گرینگتر بوو و حەزم کرد بکەوێتە بەر دیدی خوێنەری کوردو ئەو بەشەکەی تری هێندە گرینگ و پێویست نەبوو کە کاتی خۆم و خوێنەری بەڕێزیشی پێوە بگرم ، هەروەها پێشەکییەکەی نووسەرم وەر نەگێڕا و ویستم بۆ خۆم لە پێشەکییەکی جیاوازدا قسەی خۆم بکەم . دەبێ بڵێم کە کەمترین دەسکاری و ئاڵ و گۆڕیشم لە ناوەرۆکی کتێبەکەدا نەکردووە و تەنانەت لە هەندێ شوێندا ڕەخنەم لە سەری هەبووە بەڵام هیچ ئاماژەیەکیشم پێ نەکردووە و ویستوومە بەو پەڕی ئامانەتەوە قسەکانی کاك بێوار ئەلیمای کوردی دەڤەری لوڕستان(ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بگەیەنمە لای خوێنەری کوردلە هەموو کوردستانی گەورەدا، هەر ئەوەندە نەبێت کە هەندێ وشە و نیشانەم بە تایبتی خستوونەتە ناو نیشانەی} {ەوە.

ئەوەش شایانی ئاماژە پێکردنە کە نووسەر بەرهەمەکەی خۆی پێشکەشی دوو کەسایەتیی ڕۆشنبیر و ناسراوی ترکیا کردووە کە منیش نەمتوانی خۆمی لێ لابدەم ، بۆیە لێرەدا و وەك دوایین پەیڤی ئەم چرپەیە، دەقی ئەو پێشکەش کردنەش وەردەگێڕم و دەیهێنمەوە و هیوادارم منیش لە ڕێبازی هوشیاریی مێژوویی

گەلەکەمدا هەنگاوێکم هەڵگرتبێت و کارەکەشم شیاوی خوێندنەوە و بیرلێکردنەوەیەك بێت لە لای خوێنەری خۆشەویستی کورد:...

((بە پێویستم زانی کە یەکەم لاپەڕەی دەسپێکی ئەم کتێبە بە ناوی دووکەس لە دۆستانی گەلی کوردی ترکیا بڕازێنمەوە، بەڕێزان : پرۆفیسۆر ـ یالچین کوچوك ـ ی ڕۆژنامە نووسی ئازاد ئەندێشی ترك و دکتۆر ـ ئیسماعیل بیشکچی ـ کۆمەڵناسی ئازادیخوازی ترك کە پتر لە 20 کتێبی لە سەر مافەکانی گەلی کوردی ترکیا نووسیوە و زۆربەی تەمەنی خۆی لە زینداندا بردۆتە سەر، بەجۆرێك کە سەرجەم بە76ساڵ و7 مانگ زیندان مەحکووم کراوە و ئێستاکەش لە بەندیخانەی ناوەندیی ئەنقەرەدا لە زیندان دایە. بێگومان بەشێکی هەرە زۆری دەنگدانەوەی هەمەلایەنەی کێشەی کوردستانی ترکیا لەناو بیروڕای گشتیی جیهانیدا، بەرهەمی شۆڕشگێڕانەی ئەم دوو بیرمەندەی ترکیایە... یادیان پیرۆزبێت... بێوار ئەلیما)). منیش بە هەموو باوەڕمەوە دەڵێم کە بەڕێزان (یالچین کووچووك) و (ئیسماعیل بێشکچی)م وەکوو مرۆڤێکی بە شەرەف و ڕاستگۆ خۆشدەوێن و سەری ڕێزیان بۆ دا دەنەوێنم بەڵام ناتوانم ئەوەش بشارمەوە کە لە ترك بوونی ئەوان بە گومانم و لام وایە دەبێ (بەهەر جۆرێك) خوێنی غەیرە ترکیان لە لەشدا بێت.. چوونکە لە ڕاستیدا من بە خەون و ئەفسانە و ئەفسوونیش، بەدرێژایی مێژوو و هێشتاش کەمترین و بچووکترین نیشانەی ڕاستی

و ڕاستگۆیی و کەرامەتی ئیسنانیم لە ڕەگەزی ترکیدا شك نەبردووە بۆیە لێرەشدا من بەو دوو مرۆڤە هێژایە نالێم ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵناسی ترك بەڵکوو دەڵێم دوو مرۆڤی ڕاستەقینە، دوو گوڵی سوور کە لە ڕەشترین و پیسترین خاکدا ڕواون و لەناو دڕکستانێکدا توانییان جیهانی مرۆڤایەتی بۆنخۆش بکەن!!!

جەلیل عەباسی

تەمووزی 2001 هەولێر

* * *

## ئاسیای بچووك

کۆماری ترکیا[1]، زیزو زویرلەوەی کە هێشتا لە نەخشە جوگرافییەکاندا (( ئاسیای بێ نرخ))ی پێدەڵێن، بە هەر زۆر و

---

[1] من پێموایە وشەی (ترکیا) هەڵەیەکی زەقی سیاسییە و شتێك یا وڵاتێکمان بەو ناوەوە نییە چوونکە ترکەکان نەتەوە (میللەت) نین تا وڵاتێکیان هەبێت بەڵکوو گرووپێکی بەدوی و وەحشی و سەرگەردانن کە لە بیابانەکانی قەفقازدا لەڕێی ڕێگری و جەردەیی و قەتڵ و غارەتەوە دەژیان و دواتر هەندێکیان لەو ناوچە جوگرافییەی ئێستایاندا گیرسانەوە و

نقێکـه هـەوڵ دەدات سـیمای رەشـتاڵەی ئاسـیاییی خـۆی لـە ژێـر سووراو سپیاوێکی خەست و نەشیاوی ئەوروپیدا بشارێتەوە .

ئەم وڵاتـە، هـەموو میراتـە ئـایینی و رۆژ هەڵاتیـەکانی خـۆی بـە حیسابی چڵك و چەپەڵیەکی ناوازە وە لا ناوە و بە کراسێکی دەڵبی ئـەوروپی کـە هێنـدەش بـە بـاڵای لاوازی ناکـەوێت، لـە چـاوی هاوسێکانیدا خۆی وەك سیمبولێکی دڵڕفێن دەنوێنێت! ئەم مـیرات گـرەی عوسمـانلی کـە سـەر دەمانێـك لـە سـێ کیشـوەر و بەسـەر گەلانی وەك: بولغار، سلۆڤی، ئەرمەنی، عەرەب، کورد، یونانی و... دا حکومـەتی دەکـرد، لـە گـەڵ سـەر هەڵـدانی ترکـە گەنجـەکان و دواییش سەرۆکایەتی مسـتەفا کـەمالی ئـەتا تـرك و سیاسـەتی دژی ئایین و دژی رۆژ هەڵاتی و لە یەك وشەدا سیاسەتی پـان ترکیسـت، رێگایەکی سەد ساڵەی بە یەك شەو بڕی! کیشەی ئەرمەنیـەکان بـە سڕینەوەی بناغەیی مەسەلەکە کۆتایی پێ هێنرا و کوردەکان نـاوی ترکی کێوییان بە سەردا بـڕا! شۆڕشـە ئـایینی و نەتەوایەتییـەکانی

---

دیارە بەمەبەستی کرین یا داتاشینی ڕابردوو و مێژوویەکی درۆیین و بە فرت و فێڵێکی سیاسی و خیانەتکارانە ناوێکی نەشیاویان بۆ مۆڵگەکەیان داتاشی، بەڕای من گەر بەوپەڕی بەزەیی و خۆش بینیشەوە بڕوانینە مۆڵگەی ئەو گرووپە بەدوی و ناسەقامگیرە ئینجا دەبێ بە مۆڵگەکەیان بڵێین (ترکستان) لەبیریشمان نەچێت کە هیچ کوردێکی بەتەمەن (ئەوانەی وەحشیگەری و ستەمەکانی دەسەڵاتی چەوتی عوسمانییان تەجروبە کردووە ناڵێت ترکیا بەڵکوو دەڵێت (ترکەکانی عوسمانلی)! (وەرگێڕ)
– وەرگێڕ –

کورد بێبەزەییانە سەرکوت کران، رێنووس لە عەرەبییەوە گۆڕدرا بۆ لاتین[2]، جل و بەرگ و شێوازی لەش گۆڕاو بە کورتی هەموو هۆکارو پێداویستیەکان دابین و تەرخان کران بۆ ئەوەی ئەوروپا ئەم منداڵە رەش تاڵە ئاسیاییە بە ناو و رەگەزێکی نوێوە بە کۆڵەبەسی خۆی وەر بگرێت !.

ترکیای نوێ کە لە سەرەتاکانی سەدەی رابردودا بە سەر وێرانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلییەوە دامەزرا، هەر لە سەرەتاوە بە هۆی هەڵکەوتەیی ستراتیژی تایبەتیەوە کەوتە بەرچاو و جێ سەرنجی تایبەتی رۆژ ئاواییەکان و لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا وەکو پەرژینی پتەوی رۆژئاوا لە بەرامبەر جەمسەری رۆژ هەڵاتدا و بەشێك لە سەنگەری رۆژ ئاوا لە بەرامبەر کۆمۆنیزمدا گرنگیەکی تایبەتی پێ درا.

---

[2] لە باری زمانیشەوە هەر ترکەکان کۆڵ و بێ بەشن.. گەر وردتر بڕوانین دەبینین کە ترکەکان زمانێکیان پێی بلێین زمان و پێیەوە بناسرێن، ئەو زمانۆکەیەش کە هەیانە هێندە کەم و لاواز و ناتەواوە تەنانەت ناتوانن ناوی منداڵەکانیانی پێ دیاری بکەن و گەر سەیرێکی ناوەکانیان بکەین دەبینین سەرپاك یا عەرەبین یا کوردی و یاخود فارسی و ئەگەر ئەو چەند زمانەیان لێ بسێنرێتەوە هیچیان نامێنێت. سەرنج بدەین کە کاتێ زمانی دێرین و دەوڵەمەند و زیندووی کوردی شاکارێکی وەك (مەم و زین)ی خانیی پێ دەنووسرا ئەوان (ترکەکان) زمانیان نەبوو، بۆ وێنە گەر بیانویستبا ستایشی خوا بکەن ئەوا دەرۆزەیان لە زمانی عەرەبی دەکرد و گەر ترکێك بیویستبا باسی ئەشق و دڵداری بکات ئەوا سواڵی لە زمانی فارسی دەکرد و هەرتەنیا لەناو ئاژەڵ و مەڕوماڵاتەکەیاندا دەیانتوانی بەو زمانۆکەی خۆیان بئاخفن! ( وەرگێڕ )

داڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و بەو پێیەش کەم بونەوەی مەترسی کۆمۆنیزم ئەو گومانەی خستە دڵی زۆر کەس و لایەنەوە کە ئاستی ئەو گرنگی پێدانەی رۆژئاواییەکان بە ترکیا دێتە خوارەوە. کە چی ئاڵ وگۆڕەکانی دواتر لـە ناوچـەکەدا و بـە تایبـەت لـە کۆمارەکـانی قەفقاز و ئاسیای ناوەراسـتدا بوونـە هۆکارێـك کـە ئـەرکی گەشـە و پەرە پێدانی بنەما رۆژئاواییەکان لە وڵاتـە تـازە ئـازاد بووەکانـدا و هەرواش پارێزگاری کردنی بەرژەوەندییەکانی رۆژ ئاوا لـە بەرامبـەر دوو هێزی ناوچەکەدا واتـە رووسـیا و ئێـران بخرێتـە ئەسـتۆی ئـەم وڵاتــە و هــەر ئەمــەش وای کــرد کــە ترکیــا لــە ناوچــەکەدا بــۆ بەرژەوندییەکانی رۆژ ئاوا هەر هەمان سەرنج و گرنگیـەتی پێبـدرێت و هەر بەم پێیەش هەر چەشنە ئاڵو گۆڕێك تیایـدا بـە وردی بخرێتـە بەر سەرنج و لێکدانـەوە. لـەم بوارەشـدا پێوەنـدیی ترکیـا لـە گـەڵ وڵاتە ئازادبووەکان و پەرەسەندنی شەپۆلی ئایین خوازی لەم وڵاتەدا و پەیوەندی هـەرە نزیکـی لـە گـەڵ ئیسـرائیلدا لـەم چـەند سـاڵەی رابردودا سـەرنجی خـەڵکی جیهـان و بـە تایبـەتی رۆژئـاوای بـۆ لای خۆی راکێشاوە بەڵام لەم نێوانەدا شتێك هەیـە کـە چ بـە ئەنقەسـت بێت و چ بە نەزانی، ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و بە هەند نەگیراوە، ئەو شتەش هەمان کێشەی کوردە لە ترکیا دا!.

**کورد**

**نەتەوەی چوار هەزار ساڵە**

**هەزاران ساڵ پێش ئەوەی ترکەکان رێیان بکەوێتە ئاسیای بچوك، دانیشتوانی کوردستان لەوێدا دەژیان کە بریتی بوون لە یافسی ( قەفقازی [3])، سامی و هندو ئەوروپی کە هەر لە دەریای رەش لە باکوور تا کو میزۆپۆتامیا ( بەین نەهرەین) لە باشوریان دەگرتەوە بە هەمووپانتایی ئەنەدۆڵەوە . (( کاردۆ )) کان دەبێ یەکەم بنچینەی کورد بن کە ( گزنفۆن) لە پاشە کشە بە ناو بانگەکەی خۆی لە چوارسەد و یەکی پێش زاییندا لە (نەسیبین) و (دیاربەکر) و ( مووش) دا رووبەرویان بویەوەو دواتر ئاماژەیان پێدەکات.**

**هەروەها (( کورتی)) یەکان کە ئیسترابۆن ناویان دێنێ هەر لە سەرزەمینی مادی بچووك دا دەژیان ((خالید ))ە کانیش لە باکوورەوە هاوسێی کاردۆکان بوون و لە پێکهێنانی بنەماڵەی نەژادیی کورددا رۆڵێکی بنەرەتییان هەبووە. کاردۆ و خالیدەکان هەروەك ((لولوبی)) یەکان کە دەبنە ئەژدادی ((لوڕ))ەکان،**

---

[3] واسیلی نیکیتین ـــ کرد و کردستان ـــ ترجمەی محمد قاچی ـ تهران نشر نیلوفر چاپ اول 1366

((عیلامـــی))یـــەکان، ((ســـومەری ))یـــەکان و تەنانـــەت نەتـــەوەی ((باسك)) یش لە یەك ریشەو نەژادن و یەکەمین دانیشتوانی ئاسیای ناوین و ئاسیای نزیك بوون کە پێیان دەگوترێت ( یافسی). لە گـەڵ هاتنی هۆزە هندو ئەوروپییـەکان وەکـو ئەرمـەنی و مـاد و پـارس و ....... قەڵـەمڕەوی غێـرە هنـدو ئـەوروپیی ئەنـەدۆڵ و زاگـرۆس تووشـــی ئـــاڵو گـــۆڕێکی بـــەرفرەوانی نـــەژادی هـــات و لـــەم مـــاوە زەمەنییەشدا زمانی کوردی گۆڕانکاری بنەڕەتیی بە سەرداهات و لە ( یافسی )یەوە بەرەو زمانێکی هندوئەوروپی گۆڕا. لەوەو دوایە کە ئێمە ناوی چەند هۆزێکی وەك: ((ماتایی ))، ((مـادا))، ((مانـایی )) و ((مارد)) لە نێوان گۆلی ورمیٚ و وان دا دەبیسین کە هـەموویان لـە ناو هۆزی مـاددا توانـەوە و دواتـر بوونـە بەشـێك لـە چوارچـێوەی هۆکاری پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتی ماد .

## ئێمە رۆڵەی میدیا

## و

## کەیخەسرەوین [4]

دەتـوانین (مـاد)ەکـان بـە سـزاوارترین و شایسـتەترین بـەردی بناغەی رەگەزی کورد بزانین، خودی کوردەکانیش بە هـەق خۆیـان میراتگری ئەو رۆشنبیری و شارستانییەتە دەزانـن. رۆژمێـری مـادی

---

[4] بەشێکە لە سروودی نەتەوەیی کورد.

که کوردەکان بە کاری دێنن دەگەڕێتەوە بۆ (600)ی پـێش زایـین واتە سەرەتای پاشایەتی مادەکان پاش گرتنی نەینەوا .

یۆنانییەکان کە لە ئاسیای بچووکدا هاوسێی مادەکـان بـوون، بـە هــەموو ئێرانــی و ( پــارس)ەکــانیش هــەر دەیــانگوت مــاد و شەڕەکانی نێوان ئێران و یۆنان بە شەڕی ( مەدیك) واتە مـادی نـاو دەبــەن. هــەر وەك چــۆن لــە کتێبــی (عەهــدی عــەتیق )یشــدا (داریووش)یان بە داریووشی مادی نووسیوە. ماد دواتر بوو بـە دوو بەشـی مـادی بچـووك و مـادی گـەورە و زۆرجـاریش بـە تایبـەت لـە (کارنامــەی ئەردەشــیری بابــەکان )دا نــاوی کــوردە مادییــەکان هاتووەە[5]

لە زمانی پالەوی سەردەمی ساسانییەکاندا ناوی ماد بـە ((مـای)) و دواتریش بە ((ماه)) هاتووە، پاش داڕووخـانی حکومـەتی ساسـانی ئەم ناوە دێرینەیە لـە بـیر کـرا بـەڵام هـەر تارماییـەکی بێڕەنگـی لێ مایـەوە بـە جۆرێـك کـە عەرەبـەکان پـاش داگیرکردنـی کوردسـتان شاری (دینەوەر ) یان کردە((ماەکوفە)) چونکە خەراجی بـە کوفـە دەدا و (نەهاوەند)یشیان کردە ((ماەبەسرە))کە خەراجی بە بەسرە دەدا . سـەرهەڵدانی ئیسـلام و هـاتنی عەرەبـەکان خـاڵێکی هـەرە دیـارو گرینگـە لـە مێـژوی نەتـەوەی کـورد دا . نزیکـەی(640) ی

5 گ.ب. ئاکۆف ـ م. أ . حەسارۆف: کوردانی گۆران و مەسەلەی کوردی ترکیا ـ و. بۆ فارسی سیرووس ئیزەدی تاران 1376

زاییـنـی لـه سـەردمی خەلیفـەی دووەمـدا کوردەکـان دژی سـوپای عەرەب راپەڕین و لە گەڵ ئەوەشـدا ئـاییـنی ئیسـلامیان قبـوڵ کـرد هەر چەند کە چەند بەشێکی کـورد هێشـتاش لـە سـەر بـیرو بـڕوای هەزاران ساڵەی خۆیان ماون .

زۆری پێنەچوو کە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بەرە بـەرە ئەمارەتـە کوردەکان سەریان هەڵدا بەجۆرێك کـە تـا ناوەڕاسـتەکانی سـەدەی نـۆزدە پـتر لـە هـەزار سـاڵ لـە بـواری سیاسـی و سـەربازیدا بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ، یـان نیـوە سـەربەخۆ هـەبوونی خۆیـان سـەلماندووە. ئـەم ئەمارەتـە جـۆر بـە جۆرانـە وەکـوو (ئـەمارەتی شەدادیان340 ی کۆچی) کەناوەندەکەی (گەنجە) و (ئانی) بـوون، ئەمارەتی (بەرزیکانی348 یکۆچی) لە لوڕی بچـووك وکرماشـاندا، ئـەمارەتی (مـەروانیان380 یکۆچـی) لـە رۆژهـەلاَت و رۆژئـاوای ترکیای ئێستادا، ئەمارەتی(بەنو ئـەناز380یکۆچـی) و ئـەمارەتی (ئەتابـەکانی هـەزار ئەسـپە) یـان خـود (فەزلەوییـەیکورد550ی کۆچـی) لـە لـوڕی گـەورەدا، هـەموویان سـەرەڕای هێـزو توانـای ئینسـانیو سـەربازی (بەپێیشـێوازیخێڵەکی)، کـەمتر ئاوڕیـان لـە جیهانگیری دەدایەوە و رۆحی یەکبوون و پێکەوە ژیانی جیهانییـان تێدا بەدی نەدەکرا.

هـەر وەهـا بـەو هۆیەشـەوە کـە هەمیشـە دەکەوتنـە بەرمەترسـیی هێرشـی عـەرب و تـرك و....... ! زۆرترهەڵوێسـتێکی بـەرگرییان

وەرگرتبوو تا هەڵمەت وهێرش. ئـەوەش یەکێکـە لـە خاڵـەگرینگ و جـێ سـەرنجەکانی مێـژووی گەلی‌کوردکـە هەرچـەند کوردەکـانیش وەکـوو ترکـەکان تاڕادەیـەك ژیـان و خـوو و ڕەوشـتی هاوبـەش و شێوازێکی خێڵەکییان هەبوو،کەچی هەرگیز وەکوو ترکەکان لە زێدو ماوای خۆیان کۆچیان نەکرد و بەزۆر و بە ناچاری نەبووبێت وەکـوو ئەوان لەجیهاندا بڵاوەیان نەکرد و لە زێد و ژیواری خۆیان دانەبڕان. گەلی کورد لە مێژوودا دوو هەلی هەرەگرینگ وناسکی بۆ دامەزراندنی حکوومـەتی نەتـەوەیی بۆرەخسـاوە،بـەڵام سـەرەڕای ئـەو هـەموو ئەشـق و دلگـەرمی و تامەزرۆییـەیان، بەداخـەوە ئـەو دوو هەلـە گرینگـەیان لـە دەسـت دان و لێیـان بێبـەش بـوون. ئـەو دوو هەلـە مێژووییەش بریتی بوون لە سەردەمی دەسـەڵاتدارێتی (ئـەیووبیان) و سەردەمی حکوومەتی (زەند).

میوانە

ناوەختەکان

سەدەی یازدەی زایینیش هەر خاڵێکی گرینگە لە مێژووی کوردستاندا، کوردەکان لە نێوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا تووشی بگرە و بەردە و بەربەرەکانێ هاتن لە گەڵ میوانگەلێکی ناوەخت کە لەو سەری دنیایەوە هاتبوون! واتە ترکە (ئوغوز)ەکان کە لە قووڵایی بیابانەکانی ئاسیای ناوینەوە گەیشتبوون!.

ئاكامی ئەم پێكدادانە خوێناویەش بۆ كـورد شكسـتێكی قـورس بـوو، ئەمارەتــە كوردەكــان لەلایــەن خێڵــی تركــە ئوغوزەكانــەوە تێكشــكان، ســەركردە و ســەرۆك هــۆزە كوردەكــان ناچــاركران هاوڕێیــەتی تركــەكان بكــەن بــۆ هێــرش و هەڵمــەت و داگیركــاری. سوڵتانە سەلجوقیەكان سوودی زۆریان لە هێز و توانـای ئینسـانی و ســەربازیی كوردەكــان وەرگــرت هەرچــەند كــە هێشــتاش چــەند ئــەمارەتێكی كــورد بــە ســەر بــەخۆیی و نیمچــە ســەر بــەخویی مابونەوە.

لە سەدەكانی (13 و14)شدا دیسانەوە ئـەم میوانـە ناوەخـت و نەخوازراوانە واتــە تـرك و تركمـان روویـان لـە كوردسـتان كـردەوە، بــەڵام ئــەمجارەیان لــە ژێــر فــەرمانی ئیلخانــەكانی مــەغوول و تەیموریەكانــدا بــوون، هێنــدەی پــێ نەچــوو كــە ئیمپراتۆریــەتی عوسمانلی دامەزرا و سێیەمین خاڵی گرینگ و حەیاتی لـە مێـژووی گەلی كورددا دانرا كە ئـەویش شـەڕی (چاڵدران) بـوو كـە لـە نێـوان ئیمپراتۆریەتەكانی ئێران و عوسمـانی لـە كۆتاییـەكانی 15 _14ی زاییــنــی روی دا و بــووە هــۆی دابــەش كــردن و دوولــەت بــوونی كوردستان كـە بەشـی زۆرتـری كەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتـۆری عوسمانی ئەویش بە هۆی (سوڵتان سەلیم ) و بە هاوكاری (ئیدریس بەتلیسی)ی كورد كە 20 كەس لە سەركردەكانی كوردی فریـو دان و كێشانیە ژێر ركێفـی سـوڵتان سـەلیمەوە. گەرچـی لـە سـەردەمی

حکوومەتی عوسمانلییەکاندا کورد لەو مافانەی کە دیکەی هۆز و نەتەوەکان هەیانبوو بێبەش کرا، بەڵام لە بەر ئەوەی کە حکومەتی عوسمانلی لە ژێر سەرپۆشی خەلافەتی ئیسلامیدا خۆی دەنواند و کوردەکانیش بە تەواوەتی پابەندی ئایین بوون، هەرکات کێشەیەك لە نێوان ئەوان و (بابی عالی) دا پێش دەهات هاوبەشیە ئایینییەکان دەکرانە بیانویەك بۆ سڕینەوەی گرفتەکان، بەم حاڵەشەوە دەبێ سەرنجی ئەو راستیە بدرێت کە لە سەردمی حکومەتی عوسمانلیەکاندا هەندێ سەرۆکی کورد هەبوون کە سەربە خۆیی خۆیان پاراستبو و دەسەڵاتدارانی (بابیعالی)ش هەمیشە هەستیان بە مەترسی لە لایەن ئەو هۆزە سەربەخۆیانەوە کردووە بۆیە هەردەم خەریکی پیلان گێڕان و تێکدانی ئەو هۆز و سەرۆکانە بوون و زۆر جاریش بە هۆی نەزانین و بێ لیاقەتی هەندێ لەو سەرۆکانەوە لە پیلانەکانیاندا سەرکەوتوون. ئەم سیاسەتە لە سەردەمی (سوڵتان سلێمان)ی یەکەمدا دەستی پێکرد. دەتوانین سەردەمی حکومەتی ئەم سوڵتانە بە سەرەتای سەرهەڵدانی دوژمنایەتی کوردو بابی عالی بژمێرین کە نەبوونی بڕواو متمانەیەکی دوولایەنەش پەرەی بەو دوژمنایەتییە دەدا.

بە پێی گێڕانەوەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی،ئەو ئەمیر و ئەمارەتانەی کورد کە بە دەستی  حکومەتی عوسمانیەکان لە نێو بران بریتین لە:

1_ ئـەمارەتی(جزیـرە) کـە خۆیـان بـە ئـەولادی خەلیفـەکانی ئەمەوی دەزانی.

2_ ئەمارەتی(مووش) کە لە ناوچەی (هەنیس)ەوە هاتبون.

3_ ئەمارەتی(شیروان) لە ناوچەی (سیرت) و (بۆتان) دا کە پا شماوەی بنەماڵەی کوردە ئەیووبییەکان بوون.

4_ ئـەمارەتی (روزاگـی) لـە رۆژئـاوای (تفلـیس) و (سـاس) کـە خۆیـان بـە پاشمـاوەی ساسـانییەکان دەزانـی، (شـەرەفخانی بەتلیسی نووسەری یەکەم مێژووی کورد لەو بنەماڵەیە بوو).

5_ ئەمارەتی(ساسون) کە لە بنەماڵەی ئەیووبییەکان بوون.

6_ ئـەمارەتی(سـەویدی) کـە خۆیـان لـە هـۆزی بەرمەکییـەکان دەزانی.

7_ ئەمارەتی (پازوکی) لە بەتلیس.

8_ ئەمارەتی (مەردانی) کە خۆیان بە پاشمـاوەی خەلیفـەکانی عەباسی دادەنا.

9_ ئەمارەتی(چەشمگەزەك).

10_ ئەمارەتی (عیمادیە) و چەند ئەمارەتێکی بچووکی وەکوو: زەرزا، تەرزا، داسنی، سۆران، موکری و...............

11_ ئەمارەتی (حەسەن کیفە) لە بنەماڵەی ئەیووبییەکان.

12_ ئەمارەتی (سلێمانیە) کە خۆیان لە بنەماڵەی بەنی ئومەیە دەزانی.

13_ ئەمارەتی (ئەزراقی).

14_ ئەمارەتی (کیلیکیە) کە دانیشتووی ناوچـەکانی ئەنتاکیـە بوون.

15_ ئەمارەتی (هەکاری) لە نێوان جزیرە و کۆیەدا.

16_ ئەمارەتی (یەزیدیان و مەروانیان) لە باکووری هەکاری دا.

17_ ئەمارەتی (دونبەلی) لە شەمزینان و خوی و ورمێ.

18_ ئەمارەتی (برادۆست).

19_ ئەمارەتی (ئەستینی)یەکان لە شەمزینان و هەرکی.

20_ ئەمارەتی (بابان) لە سلێمانی.

## دوایین ئەمیری کـــورد

ئەمیر بەدرخان سەر بە کۆنترین بنەماڵـەکانی کوردسـتان و ئـەمیری ناوچـەی بۆتـان، دوایـین ئـەمیری ئـەو هـەموو ئەمارەتـە کوردییانە بوو.

ئەمیر بەدرخان ئەو هەلـەی قۆسـتەوە کـە لـە لاوازیـی سـوڵتانی عوسمانی دوای شکست هێنان لە پاشای میسر (شکستی نیزیپ 4 تا 21ی حـوزەیرانی 1839) بـۆی ڕەخسـا و سـەر بـەخۆیی ڕاگەیانـد و سـکەی بـەناوی خۆیـەوە لێـدا و لـە نوێـژی هەینیـدا خوتبەی بە ناوەوە خوێنرایەوە.

بـەدرخان هـەر هـەموو کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی عوسمـانیی بەدەستەوە بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە سوڵتانی عوسمانی

شکستی خوارد و لـه دوورگـەی (کـەرت) دا دەسـت بەسـەرکرا و دواتریش دوور خرایەوە بۆ دیمەشق و هەر لەوێش کۆچی دوایـی کرد. لە زمانی ئـەمیر بەدرخانـەوە دەگێڕنـەوە کـە گوتوویـەتی: ((من پاشای وڵاتم نەك سوڵتانی عوسمانی، ئەگەر ئەو لە من بە هێزترە، ئەوا من لەو بە شەرەف ترم)) [6]

ئەم ئەمیرە نەتەوە پەرستەی کورد دوو شتی لە پاش خۆی بـە یادگار جێهێشت: یەکەم ناسیۆنالیزمی کورد، دووەم بە سـەدان منـداڵ و نـەوە و نەتیجـە و... کـە هـەر کامـەیان دەورێکـی بەرچاوی هەبووە لە داڕشـتنی بناغـەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی و گەشە و پەرەپێدانی زانیاریەکانی کورددا.

توانـەوەی ئەمارەتـە کوردیـەکان لـە سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـدا و بۆشـایی کۆمەڵایـەتی و سیاسـیی نەبونی ئەوان کە بووە هـۆی ئـاڵۆزتر بـوونی وەزعەکـە و زەقـتر بوونەوەی ناتەبایییەکان، دەرفەتی بۆ پێشەوا ئایینیەکانی کـورد رەخساند کە لەو بارودۆخە گرنگەدا رێبەرایەتی بزوتنەوەی گەلی کورد بگرنە ئەستۆ کە ئـەویش بەسـەرنج دان بـە هەسـتی ئـایین پەروەری گەلی کورد، جێی خۆی کردبوویەوە.

رابردوو، نەمردووە

---

[6] کریس کۆچێرا،جنبش ملی کرد،و.بۆفارسی:ئیبراهیم یونسی تاران 1377

ئـەتاترك بـڕوای وابـوو کـە ڕابـردوو مـردووە ! بـەڵام ئـەمڕۆ دەردەکەوێت کە رابردوو نەك هەرنەمردووە بـەڵکوو تەنانـەت ڕایـش نــەبردووە ! ئــەو هــەواڵ و ڕاپــۆرت و بەرنامــە زۆرەی لــە مــەڕ کێشـەئایینیەکان کـە لـەم چـەند سـاڵەی دوایـی و لـە ڕێـی کەناڵـە تەلەفزیۆنیەکانــەوە بــە جــەماوەری دونیــا ڕاگەیەنــدراون ئــەم بۆچونەمان دەسەلمێنێت، یانخود سەفی دوور و درێژ و چەند سـەد کیلۆمەتری کچانی خوێندکاری سەرپۆش بەسەری زانکۆ، زنجیرێکی ئینسـانی کـە هـەر لـە (ئـەزمیر) و (بۆرسـا) و (قەیسـەریە)وە هـەتا ئەنقەرە ڕاکێشراوە، کۆ بوونەوەی هەزاران لاوی خوێنـدکار لـە بـەر دەرکی داخراوی زانکۆکان لـە ئەنقـەرە و ئەسـتەمبوڵ و دیاربـەکردا کـە لـە بـەر ئـەوەی پێشـیان هێشـتۆتەوە ئیزنـی چـوونە زانکۆیـان نـادرێتێ، ڕێـزی حـزب و لایەنـە ئایینیـەکان لـە نـاو جـەماوەردا و تووڕەیی و خـۆ گـیڤ کردنـەوەی جەنەراڵـەکانی ترکیـا لـەم رەوتـە پیشاندەری ئەوڕاستییەن. بەڵام لە ناو هەموو ئەم فاکتەرانـەدا ئـەو شتەی کە ڕای گشتی لێی بێ ئاگایە و چاودێرانی سیاسیش ئـاوڕی لــێ نادەنــەوە، دەوری جــەماوەری کــوردی کوردســتان یــان وەك ترکـەکان دەڵـێن (جـەماوەری ویلایەتـەکانی ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهەڵاتی ترکیا) یە لە بە ڕێخستنی ئەو شەپۆلەدا، ئەوەی کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشـوری ترکیـا و ئەوانـەش کـە ملیـۆن ملیـۆن بەزۆری زۆرداری کۆچێنراون بۆ رۆژئاوا، واتە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ

و بۆرسا و ئەزمیر، زۆرترین نەخش و کاریگەرترین ڕۆڵیان هەبووە لە وروژاندنی هەستی ئایینی لە ناو گەلانی ترکیادا، کەچی لە لایەن ڕای گشتییەوە هیچ سەرنجێکی نەدراوەتێ. ئەم نەخشە کاریگەرە کاتێ بەرجەستەتر دەبێتەوە کە بزانین زۆرترین دەنگ بۆحزب و لایەنە ئایینیەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ترکیاوە بووە کە دەکاتە ڕێژەی 45٪ی هەموو دەنگەکان، هەر وەها زۆرترین دەنگ لە ڕۆژئاوای ترکیاشدا لە لایەن ئەو کوردانەوە بووە کە بە زۆر و بە هۆی ترس و برسێتی و مەرگ و میرەوە ئاوارەی ئەو بەشە بوون، شارە کوردەکانی دیاربەکر و وان و بۆتان و ئورفا و ئادانا لەسەرووی هەموو شارو ناوچەکانی لایەنگرانی حزبە ئایینییەکانەوەن. ریشەی ئەم راستییەش لەمێژووی پڕ لە هەڵدێر و نشێوی گەلی کوردی ترکیا و بزووتنەوە ئایینیەکانی ئەم سەدەیەی ئەواندایە کە هەر هەموویشیان لە لایەن ترکەکانەوە بێ بەزەییانە سەرکوت کراون. سەرەتا و دەسپێکی هەموو بزووتنەوە ئایینیەکان لە کوردستاندا بووە و لە سەر دەستی پێشەوا ئایینیەکانی کورددا گەشەی سەندووە کە ئەوانیش بریتین لە: ((شێخ عوبەیدیللای نەهری)) و ((شێخ سەعیدی پیران)) و ((سەید رەزای دەرسیمی)) و......

کوردستان،

## (هیند)ی جیهانی ئیسلام:

کوردەکان بە درێژایی مێژووخەڵکێکی ئایین پەروەر بوونە و خولیایان بیرکردنەوە و ڕۆچوونە ناو مەسەلە ئایینی و عیرفانییەکان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەم شوێن کەوتووی شافعی و هەم شیعەگەری بوون، بناغەداڕێژی گەلێ تەریقەتی عیرفانی و سۆفیگەریش بوونە. لە ناو گەلی کورددا شوێن کەوتوانی زۆربەی ئایین و بیر و بڕواکان پێکەوە دەژین وەك: ئیسلام، مەسیحی، یەهوودی، سوننی، شیعەی ئیمامی، شیعەی عەلەوی، شیعەی نەسیری و تەریقەتە عیرفانییەکانی وەك: نەقشبەندی و قادری و حسەین ئەبداڵ و بەکتاشیە و ئەهلیحەق(کاکەیی) و ئیزدی (لە سەر بنەمای زەردەشتی و مانەوی) و.......هەر ئەم پێکەوە ژیانەش وامان لێدەکات کە بڵێین: کوردستان هیندی جیهانی ئیسلامە. کورد و ترك لە ترکیادا لە شەڕی جیهانی بەدواوە هاوکات ناسنامە و نەتەوەی خۆیان ناسیوەتەوە بەڵام هەر لەو سەرەتایەوە ئایین و بیری نەتەوایەتی لای کورد ئاوێتەی یەکدی بوون ئەویش لە بەر ئەوەی کە پاش داڕوخانی ئەمارەتەکوردییەکان لەسالی1847و بە دەستی حکومەتی عوسمانی، پێشەوا ئایینیەکانی دوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری توانییان ڕێبەرایەتیی هەموو خواستە ئایینی و سیاسیەکانی ئەم گەلە بگرنە ئەستۆی خۆیان و هەوڵی بۆ بدەن.

## پێشەوایانی ئایینی،
## ئاڵا هەڵگری ناسیۆنالیزمی کوردی!

سەر هەڵدانی پێشەوایانی ئایینی وەك رێبەری نەتەوەیی لە نێو کورددا دەگەڕێتەوە بۆ رێز و متمانەیەك کە ئەوان بەهۆی رێ و شوێن و بەرپرسایەتیی ئایینیەوە هەیانبووە. پاش توانەوەی ئەمارەتە کوردەکان و هاتنە گۆڕێی ئالۆزی و ناتەبایی لە کوردستاندا، شێخ و پێشەوا ئایینیەکان تاقەهێزی پاڵپشتی ئەخلاق و رەوشت بوون کە بتوانن تەبایی و سەقامگیری بگەڕێننەوە کوردستان. هەر بۆیەش لە دەیەکانی 1850 دا شێخەکانی شەمزینان و بارزان و بەرزنجە سەریان هەڵدا و بۆشایی نەبوونی ئەمیر و ئەمارەتە کوردەکانیان لە ناو جەماوەری کورددا پڕکردەوە. ئەم پێشەوا ئایینیانە رۆڵێکی هەرەگرینگیان لە پەرەپێدان و گەشەی هەستی نەتەوایەتی و بزووتنەوە سیاسی و چەکدارییە ئازادیخوازانەکانی ئەم گەلە لە ترکیادا گێڕاوە. پشتگریکردنی بیری نەتەوایەتی لە لایەن پێشەوا ئایینیەکانەوە هۆکارێکی هەرە گرینگ بوو بۆ پەرە سەندنی بیر و هەستی نەتەوایەتی لە ناو جەماوەری کورددا ئەویش بەو هۆیەوە کە ئەوان پێوەندییەکی هەرە نزیکیان لەگەڵ جەماوەری کورددا هەبوو. ئەم بیر و هەستەش بەو بۆنەیەوە بە ئاسانی بڵاو دەبوویەوە کە لە

لایــەن کەســانێکی دژ بەحکوومــەتی غــەیرەدینی دەربــڕ دەکــرا و رادەگەیەندرا. لە راستیدا هۆی ســەرەکی ســەر هەڵدانی شــێخەکان هــەمان حکومــەتی غــەیرە دینیــی (ترکەگەنجــەکان) و گۆڕانکــاریی کەمالییــەکان بــوو. ئەڵبــەت حکومــەتی عوسمــانیش لــە ســەدەی نۆزدەوە سیاســەتێکی گرتبــۆوە بــەر کــە لایەنــە غــەیرە دینیەکــەی هەردەم لە گەشە سەندندا بــوو کــە پاشماوەکەیشــی واتــە کۆمــاری ترکیا، هــەر هــەمان رێگــای گرتــە بــەر و درێــژەی پێــدا و هــەر ئــەو درێژە پێدان و بەرجەستە کردنەوەی سیاسەتی غەیرە دینیش بوو ئــەو چەشــنە بــیر و را نەتەوایەتییــەی هێنــاگۆڕێ کــە پێشــەوا ئایینیــەکان رێبەرایــەتییان دەکــرد. ســەرجەمی را و بۆچــوونی تۆژێنــەرەکانی دوو دەیــەی1960 و1970 کــە زۆرتــر لــە مێشــکی پسپۆڕانی کۆمەڵناسی و رۆژهەڵاتناسە رۆژئاواییەکانەوە دادەچۆڕا، پیشاندەری ئەوە بوو کە گوایە بیری نەتەوایەتی و رەوشتی ئــایین و بەتایبــەتی زانــا ئایینیــەکانی ئیســلام پێکــەوە یــەك ناگرنــەوە و پێوەنــدیی ئــەم دوو لایەنــە لێــك جیایــە، هــیچ نــەبێت لــە بــواری بزووتنەوەی سیاسیدا پێك نایــەت،[7] کەچــی ســەرهەڵدان و شۆڕشــی

---

[7] رابرت ئۆلسون:قیام شیخ سعیدپیران،و.بۆفارسی:ئیبراهیم یوونسی،تاران 1377

سێ پێشەوای ئایینی واتە شێخ عوبەیدیللا و شێخ سەعید و شێخ ڕەزا، پێچەوانەی ئەو ڕاوبۆچوونانەی سەلماند.

## شۆڕشی

## شێخ عوبەیدیللای نەهری

شێخ عوبەیدیللا یەکەمین و دەتوانین بڵێین گەورەترین ڕێبەر و پێشەوای ئایینی و کۆمەڵایەتیی کوردستان بوو. پلە و پایەی ئایینیی شێخ نەفووز و کاریگەرێتییەکی پێدەبەخشی کە هەر هەموو پێشەوا ئایینیەکان بە جارێك هەیان بووبێت. شێخ جگە لە قودسیەت و ڕەوشتی هەرە بەرز، خاوەنی کەسایەتی و توانایەکی تایبەتیش بوو. شێخ عوبەیدیللا بە ئاسانی دەیتوانی خەڵك پێکەوە کۆ بکاتەوە و لێکیان نزیك بخاتەوە و شەڕ و ئاژاوەکان کۆتایی پێ بهێنێت، ناوبانگ و کاریگەرێتیی شێخ لە بەر زەکاوەت و زیرەکی و دەسەڵاتی مەعنەوی و هەر واش لە بەر نەسەبەکەی بوو کە دەگەڕایەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی. سەر هەڵدانی شێخ عوبەیدیللا وەك کەسایەتیەکی بەرجەستەی ئایینی و سیاسی پیشاندەری ئاگایی زۆرتری کوردەکانی ترکیا بوو لە بواری نەتەوایەتیدا. هەر چەند پێشتریش کوردەکان لە بواری کۆمەڵایەتیدا هاو دەنگ و پاڵپشتی یەکدی بوون بەڵام قسە جوان و ڕێك و بێ گرێ وگۆڵ و سەریحەکانی شێخ دەسەڵاتی ئەوی لە هی

ئەوانەی پێش خۆی بەتایبەت ئەمیر بەدر خان جیا دەکردەوە کە لە ساڵەکانی 1820تا1840 باشوور و رۆژهەڵاتی ترکیای لە ژێر دەست دا بوو، هەر ئەم ناوچەیەش دواتر کەوتە ژێر دەسەڵاتی شێخەوە، ئەڵبەت لایەنە ئایینیەکەش هەر ئەو نەخش و رۆڵەی هەبوو . عوبەیدیللا، شێخ بوو و ئەم شتەش پیشاندەری کار و کردەوەی شێخ وەك پێشەوای تەریقەتی نەقشبەندییە بوو، شێخ وە کوو پێشەوایەکی ئایینی لەو ناوچە و دەڤەرانەشدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەمیرە ناوچەییەکاندا بوون هەر دەستی دەڕۆیشت و حوکمی دەکرد. شێخ عوبەیدیللا ناوەرۆکی نەتەوەیی لە دەستەواژە گەلی ئایینیدا بە شێوازێکی شیاو و لە بار دەر دەبڕین و کارێکی دەکرد کە لە توانای فلانە ئەمیر یانخود فیسارە بەگ دا نەبوو. شێخ بە راشکاوی داکۆکی دەکردە سەر دامەزراندنی کوردستانێکی سەر بە خۆ و جیا لە ئەستەمبووڵ، شێخ لە نامەیەکدا بۆ قونسوولی ئینگلیز نووسیبووی: ((گەلی کورد نەتەوەیەکی جیایە، ئایینیان جیایە، رەسم و یاسا و داب و دەستوریان جیایە، ئێمە دەمانەوێ کار و بارمان لە دەستی خۆماندا بێت......جەماوەری کورد چیتر ناتوانن لە ژێر ئەو هەموو زەبر و زەنگ و فەرق و جیاوازی و ستەمە مێژینەیەی حکومەتدا

بــــژین و بێـــدەنگ بـــن[6])). ئاکـــام و ئـــەنجامی شـــەڕەکانی 1877و1888ی نێـوان رووس و عوسمـانی لـە سـەر جـەماوەری ویلایەتـە رۆژهەڵاتییـەکانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی کـە هـەمان کوشت و بڕ و قـەتڵ و غـارەت و ئـاوارەیی و قـات و قـڕی و دزی و جەردەیی و هێرش و دەسدرێژی بوو بۆسەر رەمـەکیی خـەڵك ، وای لە شێخ عوبەیدیللا کرد کە پلان و سیاسەتی نەتەوایـەتی خـۆی بـە ئاشکرا بۆ هەموو لایـەك را بگەیـەنێت و پـەیمانی (بـەرلین) یـش لـە کانونی دووەمی 1878دا عەزمی شێخی بۆ ئـەو مەبەسـتە جـەزمتر کرد. مادەی (161)ی ئەم پەیمان نامەیـە وای دەگەیانـد کـە بـابی عالی لـە بەرانبـەر مەسـیحیەکانی ڕۆژهەڵاتـدا چـەندبەڵێنێکی داوە و واش دانرابـــوو کـــە هێـــزە ئەوروپیـــەکان ســـەر و کـــاری بـــە ئەنجامگەیانــدنی ئــەو بەڵێنانــە بگرنــە ئەســتۆ. لــە ئەنــەدۆڵی ڕۆژهەڵاتییشدا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لـە بەشـێك لـە کوردسـتانی ترکیـادا و ڵاتێکـی مەسـیحی دادەمـەزرێت. شـێخ عوبەیـدیللا لـە دژکردەوەیەکـدا بەرامبـەر بـەو ئاکـارە گوتبـووی: ((چـی دەبیسـم ...مەسـیحیەکان دەیانـەوێ لـە (وان) دا وڵاتێکـی سـەر بـە خـۆ دابمەزرێنن و ئاڵای ئینگلیز بشەکێننەوە و خۆیان بە هاوڵاتی ئـەوان

---

[6] هەمان.

بزانن؟  من قەد ئیزنی ئاوا شتێك نادەم تەنانەت ئەگەر ناچاریش ببم بەوەی کە ئافرەتانیش چەکداربکەم))!

شێخ دەستی دایە ستراتیژییەکی رێك و پێك و ژیرانە کە بووە هۆی هاتنە گۆڕێی((کۆمەڵەی یەکبوونی گەلی کورد)) کە لە نەوعی خۆیدا یەکەمین یەکێتی کوردان بووە. سەرنج ڕاکێشتریش ئەوەیە کە حکومەتی عوسمانی لەو کات و ساتە ناسك و ئاڵۆزەدا پشتگری لەو یەکیەتیە دەکرد ئەویش چونکە پەیماننامەکانی پێشوو لە گەڵ ئەوروپیەکاندا ببووە هۆی کەمبونەوەی دەسەڵاتداریێتی و هێزی عوسمانی لە ناوچەکانی بالقان و باکوری ئەفریقیادا و عوسمانیەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە دەتوانن جارێکی دیکە کوردەکان فریو بدەن و کەڵکی زۆریان لێوەر بگرن لە بەرامبەر روس و ئینگلیز لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵاتیدا . بەڵام شێخ عوبەیدیللا دواتر لە ڕێگای پەرە پێدانی ناوچەی ژێر دەسەڵات و بەڕێوە بردنی بەرنامە و سیاسەتەکانیدا توشی کێشە هات و شکستی خوارد. حکومەتی عوسمانی، بەدووهۆ، یەکەم لە ژێر زەبر و زەنگی هێزە ئەوروپیەکان و دووەمیش لە ترسی ئەوەی کە پشتگری کردن لە بیری نەتەوەیی و ئاینیی کوردەکان بە ئاسانی لە ژێردەسەڵات و سەیتەرەی ئەودا دەر دەچێت، شێخ عوبەیدیللای یەخسیرکرد و دووری خستەوە بۆ دوورگەی عەرەبستان کە دواتریش شێخ هەر لە شاری (مەکە) دا کۆچی دوایی کرد. شۆڕشی شێخ عوبەیدیللا

بزووتنــەوەی ئازادیخوازانــەی کوردەکـانی کـردە کێشــەیەکی نێـو نەتەوەیی، کێشەیەك کـە هێـز و حکومەتـەکانی ئـەو سـەردەمە بـە چـاوی دوژمنایەتیـەوە سـەیریان دەکـرد: روسـیا نەیدەویسـت ئـەو ناوچانە لە دەست بـدات کـە لـە ئـەنجامی پەیماننامـەی بـەرلین لـە رۆژهـەڵاتی ترکیـادا کەوتبوونـە دەسـتی و زۆربەیشـیان کوردنشـین بـوون، هــەروەها نەیشیدەویســت ولاٌت و حکومــەتێکی کـورد بـە بەرنامە و رێبەرایەتیەکی ئایینی لە هاوسێیەتیی سنووری موسـڵمان نشینی قەفقازدا هەبێت. بەریتانیای کـەبیر لـە گـەڵ شۆڕشـی شـێخ عوبەیدیللا دا دژایەتیی دەکرد چونکە نەیدەویست ئێران لە رووسـیا نـزیکتر بکەوێتــەوە. لـەم نێوانــەدا ئیمپراتۆریــەتی عوسمـانی بـە پێیسیاســەتەکانی ســوڵتان عەبدولحەمیـد جـار و بـار رەفتــارە توندەکانی خۆی تا رادەیەك نەرم دەکردەوە بەڵام ئـەویش بـۆ ئـەم کارە، نیاز و مەبەستی تایبەت بە بەرژەوەندی خۆی هـەبوون دەنـا وە نــەبێ ئــەویش حــەزی لــە دامەزرانــدنی حکومــەتێکی کــوردی کردبێت ! .

### حەمیدییە،

### سوپای جاشایەتی !

پاش شکست و ناکامیی شۆڕشی شێخ عوبەیدیللا، سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم پیلانێکـی داڕشـت کـە هـۆزە کوردەکـان لـە

خـۆی نزیـك بكاتــەوە و بتوانێـت دژی ئەرمەنیــەكان و بــەریتانیای پاڵپشتیان ڕێكیان بخات و بەكاریان بهێنێ. دامەزرانـدنی هێزەكـانی سـووكی سـوارەی حەمیدیـە، مەبەسـتەكانی تـری عەبدولحەمیـدی دابین دەكرد، لەوانەش: سەقامگیرکردنی هێز و دەسەڵاتی ناوەنـدی و هێنانە كایەی وەزعێكی نوێی سیاسی و كۆمەڵایەتی بۆ بە بڕشـت تر كردنی حكومەت لـە ئەنـەدۆڵی ڕۆژهەڵاتیـدا، كـەڵك وەرگـرتن لـە هێزە خێڵەكیەكان بـۆ مەبەسـتە سـەربازییەكان، بـەكار بردنـی ئـەو هێـزە سـواركارە دژی ئەرمەنیـەكان و بـە هێـز تـر كردنـی لایـەنی سەربازی، دابین كردنی پاڵپشتیی رووسیا و بەرگریكردن لـە نفـوزی بـــەریتانیا لـــە ئەنـــەدۆڵی ڕۆژهەڵاتیـــدا و....... هـــەموو ئـــەم مەبەستانەیش لـە گـەڵ گـۆڕینی شـێوازی سیاسـەتی عوسمـانی لـە ڕێگــای هێنانــە دیــی یــەكبوونی نێــوان موســڵمانەكاندا یــەكیان دەگرتەوە و حەمیدیە و كوردەكانیش بەشێك بوون لـەم سیاسـەتە. حەمیدیە، پاش دامەزراندنی، لە دوو بەرەی شـەڕدا بـە كـار هێنـرا، یەكەم لە بەرەی نێـوان ئـەرزەڕوم و وان و رووسـەكان ، دووەمـیش بەرەی ماردین و ئورفـا لـە بەرانبـەری ئینگلیزەكانـدا. دامەزرانـدنی حەمیدیـە و چـالاكیەكانی دواتـری ئـەم سـوپایە، خـاڵی سـەرەكیی دژایەتی و بەدگومانی نێوان ئەرمەنیەكان و كوردەكان بوو لە سـاڵی 1878بـەدواوە. لـەم نێوانـەدا عوسمانیـەكان پشـتی كوردەكـان و رووس و ئینگلیزیش پشتی ئەرمەنیەكانیان دەگرت. حەمیدیە پـاش

داڕوخانی بناغە داڕێژەکەی واتە عەبدولحەمیدی دووەم، هەروەك خۆی مایەوە و لە لایەن ترکە گەنجەکانەوە لە ژێر ناو نیشانی ((لەشکری ئوغوز)) رێك و پێکتر کرایەوە و شەڕەکانی (باڵکان) ی خرانە ئەستۆ. دامەزراندنی سوپای حەمیدیە خاڵی سلبی و ئیجابی زۆری بە دواوە بوو بۆ پەرەسەندن و پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمی کوردی. بۆ وێنە لە بەر ئەوەی کە ئەو سوپایە بە تەنیا لە کوردە سونییەکان پێك هێنرابوو و هەر بە ئەنقەست شێعەکان (عەلەوی و قزڵباش) ی لێ بێبەش کرابوون، بووە هۆی کڵپە سەندنی رق و قین لە نێوان کوردی سوننی و شێعەدا، بە جۆرێك کە تۆژێنەرەکانی مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد، سەردەمی عەبدولحەمید بە سەردەمی تاڵی حکومەتی خێڵەکی و سەرکوت و تاڵان و بڕۆ دادەنێن کە حەمیدیە بە سەر خەڵکانی دوور لە خۆی بە تایبەتی عەلەوییەکاندا دەیهێنا. هەر ئەوەش، واتە دژایەتی نێوان کوردی سوننی و عەلەوی بە رادەیەك پەرەی سەند کە شۆڕشەکانی دواتری کوردستانی خستە ژێر کاریگەری سلبیی خۆیەوە، بۆیەش لەوە و دوا ئەگەر کوردە عەلەویەکان شۆڕشیان بکردبا، کوردە سوننیەکان بێدەنگ و بێ موبالات دەمانەوە و ئەگەر شۆڕش لە لایەن کوردە سوننیەکانەوە سەری هەڵدابا، عەلەویەکان خۆیان لێ دوور و لا تەریك دەگرت و هەر بەم پێیەش بوو کە عەلەویەکان پێشوازییان لە روخاندنی خەلافەت بە دەستی کەمالییەکان کرد بەو بڕوایەی کە

کۆتـــایی پێهـــاتنی خەلافـــەت، دوژمنایـــەتی نێـــوان شـــیعە و سوننییەکانیش کۆتایی پێ دێنێ! !

لـە لایـەکی تریشـەوە ئـەو هـەزاران کـوردەی کـە لـەو سـوپایەدا خزمەتیان دەکرد و بە تایبەتی ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لەفێرگە تایبەتیەکانی ئەو سوپایەدا کە عەبدولحەمیدی دووەم دایمەزراندبوو خوێندبوویان و هەرواش بەشداریی شەڕەکانی (باڵکان)یان کردبـوو، شارەزای سیاسـەتی نێـو دەوڵـەتی و ناسـیۆنالیزمی باڵکـان ببـوون واتە حەمیدیە ئەو هەلـەی بۆ رەخسـاندن تـا جیهـانێکی بـەرین تـر بناسن، کـوڕە ئـەمیر و خانـەدانی کـورد توانییـان بچـنە نـاو فێرگـە سەربازییەکان و بۆ یەکەمجار کادیری کورد پەروەردە کـران کـە لـە فێرگـەکانی ئەسـتەمبووڵ و بـە پێـی فێـر کـاری و ئەزموونـەکانی سـەردەم ڕا هـاتبوون کـە دواتـریش هـەر ئـەم ئەفسـەرە کوردانـەی فێرگـــەکانی ئەســـتەمبووڵ بوونـــە ســـتوونی فەقـــەراتی کۆمەڵـــە جەماوەریە کوردیەکان و سەر کـردە و کـادیر و ئەنـدامی کـارا و بـە ئەزموونی ئەو کۆمەڵانـە و رۆڵ و دەورێکـی کاریگـەریان گێـڕا. هـەر وەها زۆربەی کوردەکان لـە رێگـەی حەمیدیـەوە شـارەزای زانسـتی سەربازی و چەکی جـۆر بـە جـۆر بـوون، هـەر ئـەوەش بـوو وای لـە سـوڵتان عەبدولحەمیـد کـرد کـە لـە کۆتاییـەکانی دەیـەی 1890دا سیاسەتیخۆی سەبارەت بە حەمیدیـە و کوردەکـان گـۆڕی و بـەرە بەرە لاوازی کرد چونکە هەستی دەکرد حەمیدیـە خەریکـە دەبێتـە

پێگەیەك بۆ كۆ كردنەوە و یەكخستنەوەی ئەو كوردانەی كە لە(1847) ەوە لێك دا بڕابوون و پەڕیوەی ناوچەكانی دیكەببوون!

ناسیۆنالیزمی كورد و ترك،

دوو كۆرپەی جمك

شۆڕشی 1908ی تركەكان سەربەندی سەرەتایی پێكهێنانی دەستە و كۆمەڵە نەتەوەییەكانی كورد بوو. لە راستیدا ئەوە رۆحی كرمانجێتیی كوردی تركیا بوو كە بۆ یەكەمجار خزایە نێو لەشی ساردی ناسیۆنالیزمی كورد و گیانی پیێ بەخشی و بەگەڕی خست. هەویری بیری نەتەوایەتی كورد، هاوكات لە گەڵ بیری نەتەوایەتی تركدا شێلرا و هاوكاتیش لەگەڵ یەكدا گەشەی سەند و بەرەو پێشەوە چوو. سەرەتا رێكخراوە نەتەوەییەكانی كورد لە ئەستەمبووڵ و لە سەر دەستی كوڕە خانەدانەكانی كورد بەتایبەتی فەرماندەكانی سوپای حەمیدیەدا دامەزران و تاپێش دەسپێكردنی جموجووڵی تركە گەنجەكانیش، كورد و ترك هاوڕێ و شان بە شانی یەكدی لە چالاكییە نوێخواز و چاكسازیخوازانەكاندا بەشدارییان دەكرد. بۆوێنە پێكەوە و لە پاڵی یەكدیدا لە ناو رێكخراوێكی سیاسی بە ناو نیشانی ((كۆمیتەی یەكبوون و پێشكەوتن)) دا ئەندام بوون و چالاكییان دەنواند. سەرەڕای ئەوەش دامەزرێنەرانی ئەو كۆمیتەیە چوار كەس بوون كە یەكیان

ترك و یەكیان عەرەب  و دوو كەسیان كورد بوون واتە ((ئیسحاق كوتی))  و ((عەبدوڵا جەودەت)). ئەمە و گەلێ كوردی دیكەش بە یەكەم پاڵپشتی ئەو رێكخراوەیە دەناسران وەك: عەبدلڕەحمان بەدرخان و حیكمەت بابان و ئیسماعیل حەقی بابان و سلێمان نەزیف، هەر وەها خودی ((زیا گوكالپ))یش كە دواتر }خۆی دۆڕاندو{ بوو بە یەكێك لە ئاڵا هەڵگرانی(پان تركیست)، خۆی یەكێك بوو لە كوردەكانی دیاربەكر!.

ئەم كۆمەڵەیە بەشێكی رۆشنبیری دامەزراند بە ناونیشانی ((كۆمەڵەی بڵاو كردنەوەی زانیاری كورد)) كە گۆڤارێكیشی بە ناونیشانی ((كوردستان)) دەر دەكرد. ئەڵبەت نابێ ئەوە لە یاد بەرین كە یەكەمین رۆژنامەی كوردی گەلێ پێش ئەوە بڵاو كرابوویەوە و هەر لەو سەردەمەدا دەستی كردبوویە بڵاوكردنەوەی بیری نەتەوەیی و ئاگاكەرەوە. گوایە یەكەمجار ((عەبدولڕەحمان)) ناوێك لە ((ژنێڤ)) دا چەند بابەتێكی بە زمانی كوردی و لە مەڕ هاریكاری نێوان كورد و ئەرمەنی نووسیوە كە لە گۆڤاری ((دروشاك))ی زمانحاڵی حزبی (داشناكنیسون)دا بڵاو كراونەتەوە كە لە ساڵەكانی 1895___1896دا چاپ و بڵاو دەكرایەوە. بێ شك ئەویش هەمان ((عەبدولڕەحمان بەگی بەدرخان))ە كە ساڵی 1898 دەستی دایە بڵاو كردنەوەی یەكەمین رۆژنامەی كوردی بە ناونیشانی(كوردستان).

له ژماره(1) تا(5) ی ئەم رۆژنامەیە لە قاهیرە و ژمارە(6) تا(19)ی لە ژنێڤ و ژمارەی(20) تا (23) دیسان لە قاهیرە و ژمارەی (25) لە لەندەن و ژمارە (25) تا(29) ی لە فۆلکستۆ و ژمارەکانی(30) و (31)یشی دیسانەوە لە ژنێڤ دا چاپ و بڵاو کرانەوە، گۆڤاری کۆمەڵەی ((بڵاو کردنەوەی زانیاری کورد))یش درێژە پێدەری رێبازی هەمان رۆژنامەی کوردستان بوو. ئەم کۆمەڵەیە لە ئەستەمبووڵدا بۆ منداڵە کوردەکان قوتابخانەی کوردیی دامەزراند کە ساڵی 1908سی هەزار قوتابیی کورد لەو قوتابخانە کوردیانەدا دەیانخوێند. کۆمەڵەی پێشکەوت و گەشەی کورد ساڵی1909لە لایەن ترکەکانەوە داخرا و دوای ئەو کۆمەڵەیەکی دیکە لە ساڵی1912دا بە ناونیشانی ((هیوای کورد)) دامەزرا کە زۆرتر خوێندکارانی زانکۆی لە خۆ گرتبوو، بەم چەشنە ناسیۆنالیزمی کوردی لە بواری شوێنی جوگرافییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ترکیاوە بۆ رۆژئاوا واتە ئەستەنبووڵ و لە بواری هێزی ئینسانیشەوە، لەدەستی شێخ و پێشەوا ئایینیەکانەوە بۆ ناو لاوانی ڕۆشنبیر گوێزرایەوە. شێخ و میر و تەنانەت ئەفسەرەکانی حەمیدیەش حەزیان نەدەکرد کە هاریکاری ڕۆشنبیرانی کوردی ئەوروپی رەنگ یان ترکی رەنگی دانیشتووی ئەستەمبووڵ بکەن، ئەوان لە گەڵ هاتنە سەرکاری ترکە گەنجەکان داخوازییەکیان بۆ بەرز کردنەوە کە بریتی بوو لە چەند خاڵێك وەکوو:

1_دامەزراندنی دەزگای بەڕێوە بەرایەتی کوردی لە پێنج ویلایەتی کوردستاندا

2_دانانی بەشی زمانی کوردی بۆخوێندن لە ناوچەکانی کوردستاندا

3_دانانی کارگێڕ و بەڕێوەبەری کورد لە ناوچەکەدا

4_دانانی قازی و موفتی لە پێڕەوانی شافعی

5_ بەڕێوە بردنی یاسا و دابین کردنیدادوەری بە پێی دەستوری شەرع

6_ئەو داهاتەی لە خەڵکی کورد وەردەگیرێ هەر لە کوردستاندا سەرف بکرێت.

ئەم داخوازیە لە لایەن (( شێخ عەبدولسەلامی بارزان و شێخ محەمەدی دهۆك ))ەوە بەرز کرایەوە بۆدامودەزگای ساوای ترکەکان بەڵام ڕوداوەکانی دواتر و بەتایبەتیش شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو درز و بۆشاییەی نێوان لایەنی خۆماڵیی کورد لە ڕۆژ هەڵات و لایەنی ڕۆشنبیری کورد لە ڕۆژ ئاوای ترکیای سڕییەوە. کوردە نەتەوە پەرستەکان روو بە ڕووی ناسیونالیزمی ترك بوونەوە کە گەلێ لەوەی خۆیان بە هێزتر و زۆریش چاوچنۆك بوو ئەوەش وای لەپێشەوا ئایینیەکان کرد کە شیری ناسیۆنالیزم بە هەسانی ئایین دەمەزەرد و تیژتر بکەنەوە و دەشزانین کەدواتر هەر ئەو کارەیان کرد. نەتەوە پەرستە کوردەکان لە ئەستەمبوڵدا بە گوڕ و

تینەوە چالاکیان دەنواند. (( مەولانزاد رەفعەت )) ڕۆژنامەیەکی کوردیی بڵاو دەکردەوە بە ناونیشانی ((سەربەستی)) کە ببووە زمانحاڵی نوسەرە کوردەکان. ((رەوەند ڤزلوڤانی زادلەر )) یەکێکی دیکە بوو لە نەتەوە پەرستەکانی کورد کە بووە سکرتێری حزبی ((ئازادی و پێکەوەبوون )) کە150 کوردی نەتەوەپەرستی لە خۆ گرتبوو، ((عەبدولا جەودەت و ئیبراهیم تفی تەمو )) حزبی ((دیموکراتی عوسمانی))یان دامەزراند و ((لوتفی فکری)) یەکێکی تر لە نەتەوە پەرستەکان کە بە دژی(کۆمیتەی پێشکەوت و گەشە) ناسرابوو حزبی ((ئازادیپەروەر))ی دامەزراند. لەو ساڵانەدا پێوەندی نێوان نەتەوە پەرستەکانی کورد و ترک پڕئاڵوگۆڕ بوو، کوردەکان جارێک سەربەست دەبوون کە کۆمەڵە و ڕێکخراوی نەتەوەیی لە ئەستەمبووڵ ودیاربەکر و مووسڵ و بەغدا دابنێن و ڕۆژنامەی کوردی وەك: (ڕۆژیکورد)، (ژین) و (ڕۆژنامەی کورد)چاپ و بڵاو بکەنەوە و جارێکیش دەخرانە نێو تەنگەتاویەوەو حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانیان دا دەخران و هەندێ سەر کردەیان وەك: (ئەمین عەلی بەدرخان) و (شەریف پاشا) مەحکومی مەرگ دەکران و هەندێکیشیان ڕاوەدوو دەنران و بە ناچار لە وڵاتی خۆیان هەڵدەهاتن. ستەم و دیکتاتۆریەتی ((ئەنوەر پاشا))ش ئەم تەنگە بەرییەی دوو چەندان دەکرد.

## کوردستان،

## گۆڕەپانی شەڕی یەکەمی جیهانی

هەر لەو سەر و بەندی بگرە و بەردەیەی ترکەکان دژی کوردەکان، لە ساڵی 1914دا، شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێدەکات و کوردەکانیش بە ناچار تووشی ئەم شەڕی بە رواڵەت ((وڵات))ە بوون و کوردستان تا کۆتایی ئەو شەڕە، ببووە گۆڕەپان و بەرەی شەڕەکە. هەر لە (سارقامیش) لە باکوور تا(خانەقین) لە باشوور و تا (ئەرزەنجان) لە رۆژئاوادا، سوپای نۆیەم لە(ئەرزەڕوم) و سوپای دەیەم لە (سیواس)دا هەر لە لاوانی کورد پێکهاتبوون. کوردەکان خۆیان ببوونە ئاگری شەڕ و وڵاتەکەیان ببووە گۆڕەپانی شەڕ و سەرەڕای ئەمانەش قاتوقڕی و نەخۆشی و سەرما و برسێتی و.......بەرۆکی گرتبوون. قوربانییەکانی ئەو شەڕە لە کوردستاندا، چ لە بواری سەربازی و چ جەماوەریدا جێی سەرسووڕمان بوون!

ڕێژەی 9و41 لە سەدی دوملیۆن و نیو لەو موسڵمانانەی کە لە شەڕدا کوژران لە شەش ناوچەی کوردستاندا بوو کە ئەگەر ڕێژەی مەرگ و میری کوردەکانی عێراق و سووریا و ئێران و رووسیای بخەینە سەر دەبینین ڕێژەی ئەو کوردانەی کە بوونە قوربانیی شەڕ لە یەك ملیۆن تێدەپەڕێت. هەر دوا بە دوای ئیمزای کۆتایی پێهێنانی شەڕ لە نێوان عوسمانی و هێزە هاو پەیمانەکان لە31 ی تشرینی یەکەمی 1918دا (پەیماننامەی مەدرەس)،

چالاکیی نەتەوەیی کوردەکان دەستی پێکردەوە. کۆمەڵەی پێشکەوت و گەشەی کورد لە 1918دا بە ناونیشانی ((کۆمەڵەی گەشەی کوردستان)) سەر لە نوێ دەستی بە کار کردەوە. ئەم رێکخراوە نوێیە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو، تەنیا تایبەتی رۆشنبیرانی دانیشتووی ئەستەمبووڵ نەبوو بەڵکوو ژمارەیەك لە ئەمیرە کوردەکان و پێشەوا ئاینییەکانی دانیشتووی رۆژهەڵاتیشی لەخۆ گرت. هەر وەها کۆمەڵەی هیوای کورد بووژایەوە و دواتر لە گەڵ گروپێکی سەر بە کۆمەڵەی گەشەی کوردستاندا کە بریتی بوو لە لاوە رادیکاڵەکان یەکیان گرتەوە و حزبی (( رێکخستنی کۆمەڵایەتی کورد ))یان پێکهێنا. زۆربەی لاوە نەتەوە پەرستەکان کە لە سیاسەتی (سەید عەبدولقادر) و بەدرخانیەکان لە سەر دەست هەڵگرتن لە سەربەخۆیی و رازی بوونیان بە شێوازێکی بەر تەسکی خودموختاری توورە بوبون و داوای سەر بەخۆیی تەواویان دەکرد و هەرواش جەماوەری کوردی ئەستەمبووڵ بە گەرمی پشتگرییان لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی کورد دەکرد. ئەندامانی ئەو حزبە کاری زۆریان کردە سەر حزبی(کۆمەڵەی ئازادی کورد) کە ئەویش لە شۆڕشەکانی دواتر و بەتایبەت شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دا نەخش و رۆڵێکی دیار و کاریگەری هەبوو.

## دیپلۆماسییەتی کورد

دەست پێکردنەوەی دووبارەی چالاکیی نەتەوە پەرستە کوردەکان پاش کۆتایی شەڕ، سەرەڕای هەوڵ و تەقالای خودی کوردەکان، ئاکامی پشتگریی گەرمی ترکەکانیش بوو چوونکە لە لایەکەوە بەریتانیا دەیویست کوردەکان دژی ترك یەك بخات و لە لایەکی دیکەشەوە ترکەکان بەڵێنی چەشنە خود موختارییەکیان دابووبە کوردەکان ئەویش لە ناو وڵاتێکی ترکیدا کە لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتان خەلیفەدا دەبوو. ترکەکان تاکو ئیمزاکردنی پەیمانی (لۆزان)یش لە24ی ئابی 1923دا، هەر ئەو بەڵێنەیان بۆ کوردەکان دوپات دەکردەوە. لە20ی تشرینی دووەمی ساڵی 1919دا پێکهاتنێك لە نێوان (شەریف پاشا)ی نوێنەری کوردەکان لە کۆنفرانسی (ڤێرسای) و (بوغاس نوبار _ بوغوس پاشا)ی نوێنەری ئەرمەنیەکاندا ئیمزا کرا لە سەر ئەوەی کە کوردەکان پشتگریی سەر بەخۆیی ئەرمەنستان و ئەرمەنیەکانیش پشتگری لە سەر بەخۆیی کوردستان بکەن. هەر دوولا لە پەیمانەکەیاندا لە سەر ئەو خاڵە پێکهاتن کە جیا کردنەوەی سنوورەکان بخەنە ئەستۆی کۆنفرانسی ئاشتی. کوردەکان بە مەبەستی وە دەست هێنانی هاودڵیی هێزە ئەوروپییەکان و بە تایبەتیش ئەمریکا کە سەبارەت بە قەلاچۆی ئەرمەنیەکان زویر ببوون، ڕایان گەیاند کە بە پێی مادەی دوازدە لە ڕاگەیەندراوەکەی بەڕێز (ویلسۆن) ڕازی دەبن بە دامەزراندنی حکومەتێکی سەر بەخۆی ئەرمەنی لە ناوچەکانی

باشـــوری ڕۆژهـــەڵاتیی ئەنەدۆڵــدا. شـــەریف پاشـــا کـــە نوێنـــەری کوردەکان بوو لە کۆنفرانسی ئاشتی (ڤێرسای)دا، لە(بابان)ە کـانی ســـلێمانی و کەســـایەتییەکی ژیـــر و خـــاوەنی ئـــەزمونێکی زۆری دیپلۆماســی بــو، نــاو بــراو کــە پێشــتر بــاڵیۆزی عوســمـانی بــوو لــە ســتۆکهۆڵم، یــەکێك بــوو لــە خوازیارەکــانی ڕووخانــدنی خەلافــەتی عوسمانی بەڵام دواتر نێوانی لە گەڵ کۆمەڵــەی پێشـکەوت وگەشــە، هەرواش لەگەڵ  تەلعەت شەوکەت و ئەنوەر پاشـادا تێکچـوو و بـوو بە ئەندامێکی چالاك لە بواری مەسەلەی سەربەخۆیی کوردسـتاندا و (کۆمیتەی خۆیبوون)یش لەپاریس دا لە ژێر چاودێریی ئەودا بەڕێوە دەچوو. ئەو کە لە گەڵ ئەندامەکانی ئەنجومەنی باڵای کۆمیسـیۆنی ئاشتی و نوێنەرانی حکومەتە گەورە بەشدار بووەکان لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریسدا ئاشنابوو، سەرنجی تایبـەت  و ڕێـزی ئـەوانی بـۆ لای خواســتی کوردەکــان  بــۆ ســەر بــەخۆیی راکێشــا و هــەرواش شایســتەیی خــۆی لــە نەورووژانــدنی دوژمنایــەتیی ئێــران لــە مــەڕ کێشـــەی کوردســـتان و هـــەروەها وەدەســـت هێنـــانی پشـــتگری حکومەتــەکانی ئــەمریکا و بــەریتانیا لــە کێشــەی نێــوان کــورد و ئەرمەنیەکاندا سەلماند. ئەم مەسەلەیەش، ئەو راستییەی سـەلماند کە نەتەوەپەرستە کوردەکان هیچ دژایەتییــەکی ئـاوات و ئـارەزووی ئەرمەنیەکان ناکەن  و تەنانەت لەو دەورە پێشوویەی خۆیان کە بە ناچـاری  و نەبــەدڵی لــە مــەڕ ئەرمەنیــەکان گێڕاویانــە پەشـیمانن.

سەرەڕای ئەوەش مادەم ئەرمەنیەکان نەمابوون، چیتر کوردستانی سەر بەخۆ نەدەکەوتە بەر هیچ مەترسییەك. بە پێی سەر چاوەی بڕوا پێکراو، ساڵی 1919 ئەندامەکانی کۆمیتەی(یەکبوون و پێشکەوت) کە لەئالازیق(خارپووت)دا نیشتەجێ بوون، کوردەکانیان هان دەدا بۆ بەرز کردنەوەی داخوازیی سەر بەخۆیی بۆ کۆنفرانسی ئاشتیی ڤێرسای. چالاکی ئەندامەکانی ئەو کۆمیتەیە بۆ پشتگری لە نەتەوە پەرستە کوردەکان پیشاندەری رۆڵ ودەوری گرینگی ئەم کۆمیتەیەیە لە رێبەرایەتیی بەرخودانندا چ پێش و چ پاش بزووتنەوەی مستەفا کەمال. شەڕەکانی (بەرخودان)ی مستەفا کەمال لە ناوچەیەکدا دەستی پێکرد کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون و لەوانەشە ئەم هەڵبژاردنەی ناوچە کوردنشینەکان بە هاودەنگیی کۆمیتەی یەکبوون و پێشکەوت بووبێت. مستەفا کەمال کوردە ناودارەکان و بە تایبەت نەتەوە پەرستەکانی بانگهێشت کردبوون بۆ کونگرەکانی ئەرزەڕووم (23ی ئابی1919) و سیواس (4تا11ی ئەیلوولی 1919) و بەڵێنی دابوونێ کە کوردەکانیش مافی بەرامبەریان لە گەڵ ترکەکاندا دەبێت. ڕێژەی نوێنەرانی کورد لە کۆنگرەی ئەرزەڕووم دا بەر چاو بوو. لەم کونگرەیەدا لە نۆ کەسی دەستەی هەڵبژاردن، سێ کەسیان کورد بوون. دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: ئەو داکۆکیەی کە هێزە کەمالیستەکان لە ساڵەکانی1919_22دا لە

سەر ئایین دەیانکرد بۆ وە دەست هێنانی پشت گریی کوردەکان، دەورێکی زۆر گرنگ وکاریگەری هەبوو. نامە زۆرەکانی مستەفا کەمال لە ((بەشی بەلگەکان)) ی ((گوتە مەزنەکان)) دا کە بۆ ئەمیر و سەر کردە کوردەکانی نووسیون، پیشاندەری راستیی ئەو بۆ چوونەیە. مستەفا کەمال بۆ راکێشانی سەرنجی سەرکردە کوردەکان بەرەو لای خۆی، کڕنۆشی بۆ دەبردن و دەستی ماچ دەکردن و تەناتەت وای دەنواند کە ئاواتی ئەوەیە ببێتە زاوای کورد!

رابێرت ئۆلسۆن تۆژێنەری مێژووی کوردستان پێی وایە: ((زیادە رەوی نیە گەر بلێین بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی ترك بە بێ پشتیوانی کوردەکان ئاوا سەر نەدەکەوت)) .

ئەوەش راستییەکی تالە بۆ مێژووی کورد کە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوێری ترك و شەڕی لە گەلٚ دیکەی هێزە دەرەکیەکاندا لە ناوچەیەکدا روویدا کە بەشێك بوو لە ولاتی کورد!. کوردەکان یارمەتیی ترکیان دا کەچی ترکەکان بە پێچەوانەوە پێشیان بە وەدیهاتنی ئاواتی کوردەکان گرت!

ئۆجالان لە چاو پێکەوتنێکدا دەلێت: ترکەکان سێ جار بە پلیکانەی کوردەکاندا سەر کەوتن و گەیشتنە مەبەستی خۆیان، یەکەم حکومەتی سەلجووقی، دووەم حوکومەتی عوسمانی و دواییش لە سەردەمی شەڕەکانی مستەفا کەمال لە ئەنەدۆلی رۆژ

هەڵاتیدا و بە داخەوە کوردەکان لەو سێ جارەیدا کە بوونە پلیکانەی سەر کەوتنی ترك، خۆیان هەر پێشێل کران و یەخسیر و دەس بەسەر مانەوە.

## دوایین ژێر دەستە

لە درێژەی ساڵەکانی 1918_ 1920دا وا هەست دەکرا کە ئاڵ و گۆڕە جیهانی و ناوچەییەکان بە شێوەیەکی گورج و بە دڵخوازی ئاواتی کوردەکان دەبن کە هەمان سەربەخۆیی کوردستان بوو، خاڵی گرینگی ئەو ئاڵو گۆڕەش هەمان راگەیەنراوی بەڕێز ویلسۆن بوو بۆ گەلانی رۆژهەڵات (گەلانی ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) و لەویش گرینگتر پەیمانی سیڤەربوو. ئەم پەیمان نامەیە کە لە ڕاستیدا وەر چەرخانێکی گرینگ بوو لە مێژووی گەلی کورددا، لە 10ی ئابی1920 لەسیڤەر کە شارۆچکەیەکە لە ناوچەی باشووری رۆژئاوای پاریسدا، بە چاودێری حکومەتە ئەوروپییەکان بەسترا. مادەکانی 62و63و64ی ئەم پەیمانە روو بە ڕووی مافی کوردەکان دەبوونەوە کە بریتین لە:

مادەی 62: کۆمیتەیەك لە نوێنەرانی سێ حکومەتی بەریتانیا و ئیتالیا و فەرەنسا لە ئەستەمبووڵدا پێك دێت و لە ماوەی شەش مانگ پاش دەسپێکردنی ئەم پەیمان نامەیە پلانێك بۆ چەشنە خود موختارییەکی ناوچەیی بۆ ناوچە کورد نشینەکان لە ناوچەکانی

ڕۆژهەڵاتی(فورات) و باشووری سنووری ئەرمەنستان (کە لەوانەیە دواتردیاری بکرێت) و سنووری باکووری ترکیا و سووریا و بەین نەهرەین بەپێی بڕگەکانی 2و3ی مادەی 27 دابڕێژرێت. ئەم پلانە بە مەرجی یەکبوونی دەنگەکان دەسپێردرێتە دەستی ئەو حکومەتانەی کە بەرپرسی بەڕێوە بردنی دەبن و لە بەرامبەریشدا هەوڵ دەدرێت بۆ پاراستنی گیانی دیکەی کەمە نەتەوەیی و ئایینیەکان.

مادەی63: بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیتەیەك لە نوێنەرانی حکومەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئێران و کوردەکان پێك دەهێنرێت بۆ تاقی کردنەوە و گۆڕانکاری بە پێی پێویست لە پلانەکەدا. هەر چەشنە گۆڕانکارییەك کە بە پێی ئەم پەیماننامەیە لە سنوورەکانی ترکیادا بکرێت لە گەڵ سنوورەکانی ئێرانیشدا بەراورد دەکرێت.

مادەی64: ئەگەر لە ماوەی یەك ساڵ پاش بەستنی ئەم پەیماننامەیە، ئەو کوردانەی کە لە ناوچە دیاریکراوەکانی مادەی62دا دەژین، شایستەیی خۆیان بۆ کۆمیتەی مافی نەتەوەکان سەلماند و پیشانیان دا کە وەکوو زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە خوازیاری سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ترکیان و ئەگەر بەڕێوەبەرانی کۆمیتەکەش شایستەیی ئەوانی بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری خۆیان دووپات کردەوە، ترکیا ناچار

دەکرێت کە دان بە سەربەستی و خود موختاری ئەو ناوچەیەدا بنێت. کاتێکیش ئەو جیابوونەوەیە سەری گرت حکومەتە هاوپەیمانەکان هیچ نارەزایەتییەکیان لە سەر ئەوە نابێت کە ئەو بەشەی کوردستان کە لە ویلایەتی (مووسڵ )دایە بخرێتە سەر کوردستانی ئازاد، گەلی کورد دەتوانێت پاش ساڵێك خودموختاری، داوای سەربەخۆیی تەواو بکات.

مادەی12ی راگەیەنراوی ویلسۆن ئەوەش دەڵێت کە پێویستە سەربەخۆیی ناوچە ترك نشینەکانی وڵاتی ئێستای عوسمانی بپارێزرێت و هەر واش دەبێ ژیانی دیکەی ئەو نەتەوانەی کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عوسمانیدان بپارێزرێت وهیچ چەشنە بەربەست و ئاستەنگێك لە رێگای پێگەیشتن و گەشە وسەربەخۆیی ئەوانیشدا نەهێڵرێت. وەك لە ناوەرۆکی ئەو چەند مادەیەدا دەر دەکەوێت، بڕیاربووە کومیسیۆنێك پێك بهێنرێت بۆ دارشتنی بنەماکانی خودموختاری و حکومەتی((قوستەنتەنیە))ش بەڵێنی داوە کە دەستووراتی ئەو کومیسیۆنە بەڕێوە بەرێت و ئەگەر دوای یەك ساڵیش کوردەکان داوای وڵاتی سەربەخۆی خۆیان بکەن، بە دامەزراندنی ئەو وڵاتە رازی بێت. بەڵام ڕوداوە ئاڵۆزەکانی دواتر پیشانیان دا کە ئەو ڕۆژە خۆشانەی ناسیۆنالیزمی کورد تەمەن کورتن و ترکەکان ئامادەنین کەمترین مافیش بۆ ئەوان قایل بن. مستەفا کەمال ئەو ڕاستیە تاڵەی بە (عالیشان بەگ) گوتبوو کە

یەکێك بوو لە سەرکردە نەتەوەییەکانی کورد لە کۆنفرانسی سیواس دا، کـــەمال گوتبـــووی: راگەیەنـــدراوی ویلســـۆن و نـــاوەڕۆکی پەیماننامەی سیڤەر هیچ بایەخێکیان نییە! و هەر ئەم وڵامە تـەق و رەقەی ترکەکان وای لە کوردەکان کرد کە پێویستە خۆیـان هـەوڵ بدەن، کوردەکان لەوە تێگەیشتن کە مادام ترکـەکان لـە ئەنـەدۆڵی ڕۆژهەڵاتیدا ئەرمەنیەکانیان قڕ کردوون ئیـدی هـیچ ئاسـتەنگێك لـە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی ترك دا نەماوە و دەشـیانزانی کـە هـەنگاوی دووەمـی قـڕ کەرانـەی پـان ترکیسـتەکان، ئـەوان (کوردەکـان) دەگرێتـەوە، بـێ شـك هـەبونی ئەرمەنیـەکان تـا رادەیـەك وەزعـی ناسیۆنالیزمی ترکی لە ئەنەدۆڵدا بـەرەو سسـتی دەبـرد بـەڵام ئایـا ناسیۆنالیزمی کەم تەمەن و ساوای کورد توانـای ئـەوەی هـەبوو لـە بەرامبـــەر هێرشـــی تونـــدی ناســـیۆنالیزمی چاوچـــنۆکی تـــرك دا راوەستێ؟ نا~! هەر ئەوەش بوو کە سەرکردە کوردەکـان کەوتنـە خۆ بۆ هەوڵ و تەقالایەکی زۆرتر. (خالید بـەگ جـەبران) یـەکێك لـە ئەفســەرەکانی حەمیدیــە کــە خــاوەنی ڕێزێکــی تایبــەت بــوو لــە کوردســتاندا، لــە گــەڵ هــاو بیرەکانیــدا کەوتنــە پڕوپاگەنــدە دژی کەمالیستەکان، ئەوان جل و بـەرگی کوردیـان لـە بـەر دەکـرد و بـە زمانی کوردی قسەیان دەکرد و شیعر و هۆنراوەی کوردییان لە نێـو جــەماوەردا بــڵاو دەکــردەوە و لــە گــەڵ ((کۆمەڵــەی پێشــکەوتی کورد))یشدا پەیوەندییان هەبوو. خالید بەگ لە کوردستان دەسـتی

کرده رێکخستنی ریزی هۆزەکان و پەیوەندی کردن بە شێخ و پیاوە ئایینیەکانەوە، ناو براو سالّی 1921کۆمەلّەی ((جیڤاتائازادی))ی دامەزراند کە دواتر بوو بە((جیڤاتا خۆسەریا کورد)) و بە کورتی پێیان دەوت (ئازادی)، ئەم کۆمەڵەیە دواتر بوو بە بناغەیەك بۆ شۆڕشەکانی (بەیت شەباب) و شۆرشی (شێخ سەعیدی پیران).

## شۆڕشی کۆچ گیری

لەو سەر و بەندەدا کە خالید بەگ جەبران لە ئەرزەڕومدا خەریکی دارشتنی پلانی شۆڕشێك بوو، لە تشرینیدووەمی 1920شۆڕشی((کۆچگیری)) لە دەرسیمدا سەری هەلّدا. عالیشان بەگ کە بۆ خۆی ولّامی بەربەست کارانە و توند و تیژی لە مەڕ داخوازی کوردەکان لە زمانی مستەفا کەمالەوە لە سیواسدا بیستبو، ڕێبەرایەتی ئەو شۆڕشەی وە ئەستۆ گرت.((نوری دەرسیمی))ش کە نوێنەری دەستەی کارای (کۆمەلّەی پێشکەوتی کورد) بوو لە دەرسیمدا و نێردرابویە ناوچەکەوە، دەورێکی چالاکانەی لە هەلّگیرساندنی شۆڕشەکەدا گێرا. گوایا کۆمەلّەی پێشکەوتی کوردستان بە تەمابوو دوا بە دوای پەیماننامەی سیڤەر چالاکیەك بنوێنێت و مادەکانی 61و64ی ئەو پەیماننامەیە بخاتە گەڕ، ئەم شۆڕشە سێمانگ پاش بەستنی پەیمانی سیڤەر

هەڵگیرسا و هەر لە سەرەتاوە بڕیارە ڕێکخراوەییـەکانی بـە دیکـەی بەشەکانی لە دیار بەکر و وان  و بەتلیس  و ناوچەکانی تر ڕاگەیانـد و لەم پەیوەندیەشدا پیاوە ئاینیەکانی تەریقـەتی شـێعەی(حسـەین ئەبداڵ) بە تەکیەکانیانەوە دەورێکـی بـەر چـاویان لـە شۆڕشـەکەدا گێڕا. ناوەندی شۆڕش لە شاری عەلەوی نشینی دەرسیم دا بوو کـە بە یەکێك لە بنکە هـەرە گرنگـەکانی کـوردە (زازا)کـان دەژمێـردرا، ئەم شارە بە ناوچـەکانیەوە ناوەنـدی تەریقـەتی عەلـەویی حسـەین ئەبداڵ بوو کە کەسایەتییە ئاینیەکانی نەخشێکی بەرچاویان هـەبوو لە بەتین تر کردنـی ئـەو شۆڕشـەدا، بـەجۆرێك کـە تەکیـەکانی ئـەم تەریقەتە ببوونە جێی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕانی کۆچگیری. عالیشان بەگ قایمقامی(رەفاهیە) و حەیدەری بـرای کـە سەرۆکی شارەوانیی(عیمرانیە) بوو، لەو ناوچەیەدا هاندەری کـوردە شۆڕشگێڕەکان بـوون بـۆ هێـرش بـردن و دەسـت بەسـەردا گرتنـی بارێکی گەورەی چەك  و تەقەمەنی، بۆیە هێرش کرایە سەر بنکـە و کاروانە پشتیوانییەکان و ترکێکـی زۆریـش دەسـت بـە سـەر کـران. سـەر کردەکـانی شـۆڕش لــە (چــەشمگەزەك)دا کــۆ بوونــەوە و پشتگریی خۆیان لـە سـەر بـەخۆیی کوردسـتان دەر بـڕی. لـە15ی تشرینی دووەمی1920دا سەرکردەکانی کورد راگەیـەنراوێکیان بـۆ حکوومەتی کەمالییەکان لـە ئەنقـەرە دەر کـرد و داکۆکییـان کـردە سـەر ئـەوەی کـە دەبـێ تـا24ی ئـەو مانگـە وڵامیـان بدرێتـەوە.

شۆڕشـگێڕان شـارەکانی ئیلجـە و عیمرانیـەیان گـرت و لـە ڕێگـای شارەکانی (ئەرزەڕووم) و (ئالازیق) و (مەلاتیـە) وە بـەرەو سـیواس دەڕۆیشتن و یەکێك لە پێشەوا ئایینیەکانیان بە ناوی (سـەید ڕەزا) کردە بەڕێوە بەری کار و باری ناوچە ئازاد کراوەکان، ئـەم پێشـەوا ئایینیەش دواتر خۆی شۆڕشێکی مەزنی بەرپاکرد.

مستەفا کەمال وڵامێکی ڕۆشنی بـە داخوازییـەکانیان نەدەدایـەوە و هەر خـۆی لێ دەدزیـەوە و بـە پێچەوانەشـەوە بـۆ فریـو دان و هـەڵ خەڵەتاندنی سەرکردەکانی شۆڕش هەر لە ژێرەوە بەڵێنی پێـدەدان کـە پلـە و پایـەی بـەرزی حکوومیـان دەداتـێ و زەوی زاری داگـیر کــراوی ئەرمەنیــەکانیان پێدەبەخشــێت! بـــەڵام ئـــەو بەڵێنـــە فریوکارانەیە لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە پەسند نەکرا و درێـژەیان بە پێشڕەوییەکەیان دا. ئەو سـەربازە کوردانـە و تەنانـەت هەنـدێ سەربازی ترکیش کە بیر و ڕای ئایینییان هەبوو، لە سـوپای کـەمالی هەڵدەهاتن و دەهاتنە ریزی شۆڕشگێڕەکانەوە. بەڵام بە هۆی نزیك بوونی ناوچەی دەرسیم بە ناوەندی حکومەت و هەر واش بە هۆی ســەرمای بــێ وێنــەی ئــەو ســاڵە و نەگەیشــتنی یارمــەتی و پشــتیوانیەوە، شۆڕشــەکە تووشــی کۆسـپ و تەگـەرە هـات و مستەفا کەمالیش بە زمان لووسی و بەڵێنی فریوکارانەی بەخشـینی زەوی زاری ئەرمەنیـەکان، تـوانیی هەنـدێ لـە خـاوەن زەوییـە کوردەکـان فریـو بـدات و لـەم لاشـەوە کـوردە سـونییەکان لـە بـەر

ئەوەی کە شۆڕش لە لایەن کوردە شیعەکانەوە هەڵگیرساوە، هیچ یاریدەیەکیان نەدا و بە دەنگیەوە نەهاتن! شۆڕشگێڕەکانیش لە ئەنجامی ئەو هەموو ئاڵۆزی و ناتەباییەدا کەوتنە داوی سوپای ترك و هەر چوار دەوریان لێ تەنرا و سوپای ترکیش بە سەرکردایەتیی جەنەراڵێکی چەرکس بەناوی ((تۆپاڵ عوسمان)) کە لە بێڕەحمی و وەحشیگەری و خوێنڕێژیدا وێنەی نەبوو، توانیی بە سەریاندا سەر کەوێت و ئەو شۆڕشە بەو پەڕی بێ بەزەیی و وەحشیگەرییەوە سەرکوت بکات! پاش سەرکوت کردنی شۆڕش، ئەتاترك رەفتارێکی توند و تیژ و نامرۆڤانەی لە بەرامبەر کورددا گرتە پێش و سەرەڕای ئەوەی کە چالاکیی نەتەوەیی و ئایینیی کوردەکانی بەر تەسك کردەوە، نیازی وابوو کە سەرچاوەی شۆڕشەکانیش بۆ تاهەتایە بنبڕبکات، هەر بەم بۆنەیەشەوە دەزگای خەلافەت و مەحکەمە شەرعیەکان و داب و نەریتە نەتەوەییەکانی کوردی بە توندی خستنە ژێر چاودێرییەوە. هەر لەم پێوەندییە و لە3ی ئاداری 1924دا دەزگای خەلافەتی هەڵوەشاندەوە و لە8ی ئەیلولی هەمانساڵیشدا دەرگای مەحکەمە شەرعیەکانی داخست و لە29ی تشرینیی‌یەکەمی 1924دا بە کەڵك وەر گرتن لە یاسای بنەڕەتیی نوێی ئەنجومەنی باڵا، کۆماری ترکیای راگەیاند. هەر ئەم یاسا نوێیە بوو کە بە کار هێنان و ئاخاوتنی بە زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە کرد! هەر وەها یاسای ژمارە1505یش ئەو

هەلەی  بۆ حکومەت دەڕەخساند کـە زەوی زاری مالکـە کوردەکـان لـە کوردسـتاندا زەوت بکـات  و بیداتـە ئـەو ترکانـەی کـە بـە پێـی پیلانێکی دزێوی سڕینەوەی نەژادی دەهێنرانە ئەو ناوچەیە و لەوێ نیشتەجێ دەکران، ئەم دوژمنایەتیە لە گەڵ کوردە موسڵمانەکان و هەڵوەشـاندنەوەی خەلافــەت  و داخســتنی دادگــە شــەرعییەکان هەستی ئایین خوازە کوردەکـانی هەژانـد و دەرفـەتی بـۆ شـۆڕش و سەر هەڵدانی پێشـەوایەکی دیکـەی ئـایینی لـە کوردسـتاندا خـۆش کرد. چـونکە لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ ئـەو بـار ودۆخـەدا  لای کـورد، پێشـــەوای ئـــایینی لـــە ســـەرۆك هـــۆز و تەنانـــەت لـــە لایەنـــە نەتەوەییـــەکانیش جێـــی ڕێـــز و متمانـــەتر بـــوون و ئـــەو نەتـــەوە پەرستانەش کە لە (ئەنجومەنی ئازادی)دا چالاکییان دەنوانـد، هـەر لە سەر ئەو بـیر و ڕایـەبوون. هـەر بـەم پێیـەش تەکیـە و تەریقەتـە ئایینیـــەکان وەکـــوو ناوەنـــدێکی بـــڵاو کردنـــەوەی بـــیر و بـــڕوای نەتەوایەتییان لێهاتبوو کە زۆریش کاریگەر بوون. ئەو بـیر و ڕایـەی کە لەو ناوەندانەوە سەر چاوەی دەگرت بە خێرایی جێـی خـۆی لـە نـاو کوردەکانـدا دەکـردەوە چـوونکە ناونیشـان و مـۆری پەسـندی پێشـەوا ئایینیـەکانی لـە سـەر بـوو، بێجگـە لـەوەش، کەسـایەتیی ئـایینی  و دەسـەڵاتی شـێخ، هێمنیـی تەکیـەکانی لـە بەرامبـەری دەسـتێوەردان  و ئەشـکەنجە و ئـازاری ترکەکانـدا دابـین دەکـرد، پیاوە ئایینیەکان وەك نوێنەری بەشێك لە(نوخبـە)کـانی کـورد، بـە

نەتــەوە پەرســتێکی چــالاك و کــارا دەژمێــردران و بــە پێچــەوانەی ڕۆشنبیرانی شار نشین کە تا ڕادەیەك کەوتبوونە ژێـر کاریگـەرێتیی ترکەوە، ئەمان لە نزیکەوە لە گەڵ جەماوەری کورددا لە پێوەندیدا بوون و هاو بیری و هاو دڵی و هاو خەمییان لە گەڵدا دەکردن.

## شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

شێخ سەعید لە پێشــەوا پایــە بــەرزە ئایینیــەکانی تەریقــەتی نەقشــبەندی و خــەڵکی زازا زمــانی بــاکووری ڕۆژئــاوای دیاربــەکری کوردســتان بــوو. بــاپیرەی، واتــە شــێخ عــەلی لــە ناوەڕاســتەکانی سەدەی هەژدەیەم لە دەور و بــەری دیــار بــەکردا نیشــتەجێ بــوو و دوای مردنیشــی، گۆڕەکــەی لــە (هــەنیس)دا بــوو بــە زیارەتگــای جەماوەر. شێخ سەعید لە ناوچەی(پالۆ)دا لەدایك بوو بەڵام لە گەڵ باوکیدا ڕۆیشتە هەنیس و لەوێش دەستی کردە خوێندنی قورئان و دیکــەی زانســتە ئایینیــەکان و لــە بــەر ئــەوەی کــە زۆربــەی زۆری شــیعرەکانی (بــەدیع زەمــان)ی لەبــەر بــوون، هــەر لــە تــافی لاویــدا نازناوی بەدیع زەمانی پێدرا. شێخ، پاش کۆچیدوایی باوکی بوو بە سەرۆك و بەڕێوە بەری کار و باری بنەماڵە و تەکیــەکانی تەریقــەتی نەقشبەندی. شــێخ ســەعید لــە ســەر تــا ســەری خــاکی ترکیــا و بــە تایبەتی لە کوردستان لە ناوچەکانی وان و ڕۆژئاوای فورات و هــەتا ئەو دیوی مەلاتیەش نفووز و ڕێز ودەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، هەموو

جەماوەر بە سەرنجدان بە پلـە و پایـەی ئـایینیی بنەماڵـەی شـێخ، ڕێزێکی زۆریان لێدەگرت. شێخ سەعیدی پیران لە بواری ئایینییەوە جێی ڕێز و متمانەی جەماوەری کورد و لە بواری نەتەوەییشدا جـێ بڕوای نەتەوە پەرستە کوردەکان بوو. ڕێبەرانی(ئەنجومەنی ئازادی) کـە زۆربـەیان ئەفسـەری سـوپا یـانخود لـە ڕۆشـنبیرە پایتـەخت نشینەکان بوون، گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە کوردەکان بـۆ بـە ڕێخسـتنی شۆڕشـێکی هەمـە لایەنـە، نـەك لـە ئەفسـەرانی سـوپا و ڕۆشنبیران، بەڵکوو زۆرتر پشت بـە پێشـەوا ئایینیـەکان دەبەسـتن، بۆیەش لە یەکەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی ئازادی لـە سـاڵی1924دا، داوایان لە شێخ سەعید کرد کە بەشدارییان لە گەڵدا بکات، ئـەویش بـە دەنگـی داوا کاریەکەیانـەوە ڕۆیشـت و لـە کونگرەشـدا گـوڕ و تینێکی زۆری لـە خـۆی پیشـاندا و بـەپێی گێڕانـەوەی ئەوانـەی لـە گەڵیدا بوون، یەکێك بـووە لـە سـەریح تـرین و لێـبڕاو تـرین بەشـدار بووانی ئەو کونگرەیە، گوایە شێخ بە هاوکاریی ئەنجومـەنی ئـازادی گەلاڵەی شۆڕشـێکی سەرتاسـەریی دارشـتبوو کـە دەبـوا لـە کـات و ساتێکی دیـاریکراو لـە سـەر تـا سـەری کوردسـتاندا هەڵبگیرسێت، بـەڵام ئـەو شۆڕشـە سەرتاسـەرییە پـێش دەسـتپێکردنی، قـاودرا و ترکەکانیش هـەموو سـەرکردەکانی ئەنجومـەنی ئازادییـان گـرتن و خستنیانە زیندان و شـێخ سـەعیدیش کێشـرایە دادگـەی بـەتلیس، بەڵام شێخ رایگەیاند کە نەخۆشە و داوای کرد کە هەر لە هەنیس دا

مەحکەمە بکرێت. قایمقامی هەنیس، کە خۆی یەك لـە موریـدەکانی شێخ بوو، دوای چەند پرس و رایەك بە ناوەندی راگەیاند کـە شـێخ لــە تەمــەنی 90ســاڵیدایە و دەســتی لــە کــار و بــاری دنیــایی کێشاوەتەوە و خۆی بـۆ ئـاخیرەت تـەرخان کـردووە. بـەم چەشـنە شێخی لە زیندان و...... رزگارکرد.

شێخ کە لەو کاتەدا تەمەنی 60ساڵان بوو، دەیزانی کە بە بـێ شـك سەر لە نـوێ دەیگرنـەوە، بۆیـە پێداویسـتیەکانی شۆڕشـێکی سـەر تاسەریی بە خێرایی دابین کردن و بە خێراییش فتـوای لـە سـەردا و لە راگەیاندنێکدا حکومەتی ئەنقەرە و مستەفا کەمالی بەوە تاوانبـار کردن کە ئایینیـان لـە نـاو بـردووە و سـوکایەتی بـە بـیر و بـاوەڕی جەماوەر دەکەن و مەحکەمە شەرعیەکانیان داخستووە، هـەروەها فتوای دا کە جەماوەر دەبێ هەستێتەوە و شۆڕش ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایـەتیی سـەر شـانی هەمووانـە و دیکـەی شـێخ و پیـاوە ئایینیەکانی کوردستانیشی بۆ بەشداری و پشتگری کردنـی شـۆڕش بانگهێشت کردن. هەروەها شێخ سەعید چەند نامەیەکی ئاراسـتەی کوردە عەلەویەکان کرد وداوای لێکردن کـە کێشـە ئایینیـەکان وەلا نـێن و بچـنە ریـزی شۆڕشـەوە چـوونکە کـەمال ئـەتاترك نـەك هـەر سوننە، بەڵکو هەموو ئایینـەکان لـە نێودەبـات. شـێخ تـارۆژی 8ی شـوباتی 1925 کـە رۆژی هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش بـوو، سـەردانی ناوچـە جـۆر بـەجۆرەکانی کوردسـتانی کـرد و لـە چـەندین فتـوا و

خوتبەدا هـەمووانی هانـدان بـۆ بـەرگری کـردن لـە نـاموس و ئـاینی خۆیان لە بەرامبەری مستەفا کەمالی بێ ئیمانـدا. سـەرەنجام ڕۆژی دیـــاری کـــراو (8یشـــوباتی 1925) شـــۆڕش دەســـتی پێکـــرد، شۆڕشگێڕەکان ناوی (ئەمیرەل موجاهدین) یان لە شێخ نا، شـۆڕش کلێپەی سەند و ئەوان (داراهەنین) و (لیچـە) و (ئالازیـك)یـان خسـتە دەسـتی خۆیـان، سـەرۆکەکانی ئالازیـك خـەڵکیان ڕاسـپاردبوو کـە یاریدەی شێخ و شۆڕشەکەی بـدەن چـوونکە دەیـەوێت خەلافـەت و شەریعەت زیندوو بکاتەوە. شۆڕشگێڕەکان لەشـکری 21ی سـوپای ترکیـــان تێـــك شـــکاند و گـــەورەترین شـــاری کوردســـتانی ترکیـــا (دیاربەکر) یان خستە نـاو ئابلۆقـەی خۆیانـەوە. بەئـەمری مسـتەفا کـەمال 25هـەزار سـەربازی تـرك بەسـەرکردەیی دلی نـوری (نوریـە شـێت) بـەرەو ناوچـەکە بەڕێکـەوتن و کەمالـەدین سـامی پاشـا قارەمانی شەڕەکانی سەربەخۆیی کە ئەوکات باڵیۆزی ترکیا بوو لـە ئەڵمانیادا، هەر لە لایەن مستەفا کەمالـەوە ئـەمری پێکـرا کـە بـە مەبەستی بەرگری لـە و شۆڕشـە گڕسـەندووە، لەگـەڵ (( فریـدریش ویلهلم هی یەرا )) ی بازرگانی ئەڵمانیدا قسە بکات بۆکڕینی بۆمبای کیمیایی. ناوبراو ئەمرەکەی ئەتاترکی بەجێ گەیاند و کە گەڕایـەوە ترکیاش، کارشناسی گازە کیمیاوییەکانی ئـەڵمانیای لەگـەڵ خۆیـدا هێنا. ترکەکان بۆ یەکەمین جـار هێـزی ئاسمـانیی تـازە پێگرتـووی خۆیان بە کـار هێنـا ئـەویش بـە گـازی کیمیـاوی و لـە دژی کـوردە

ئازادیخوازەکان! ! ! ئابلۆقەی دیاربەکر بە گەیشتنی هێز و چەك و تەقەمەنی بۆ سوپای دەسدرێژ کاری ترك تێك شکا و شۆڕشگێڕانی کورد پاشەکشەیان کرد. حکومەتی کەمالی ئەو پەڕی هەوڵ و تەقەلای خۆی دا بۆ ئەوەی شۆڕش لە کوردستان تێنەپەڕێت و نەگاتە ناو جەماوەری رۆژئاوای وڵات کە ئەوانیش لە ڕەوتی دژی ئایین ( نوێخوازی ) تووڕە بوون. شێخ سەعیدی پیران و موریدەکانی بە هۆی توند و تیژیی وەحشییانەی حکومەتی ترکیاوە سەرکوت کران و شۆڕش بەر لەوەی بگاتە ئەرزەڕوم شکستی هێنا. (عەلیڕەزا) ی کوڕی شێخ و کۆمەڵێك لە موریدەکانی بەرەو شاری (ماکۆ) ی ئێران هەڵاتن بەڵام لەوێ روو بە ڕووی سەربازەکانی رەزاخان بوونەوە و زەرەر و زیانێکی زۆریان پێگەیشت. شێخ سەعید و هاوڕێکانیشی کە لە14ی نیساندا دەیانویست لە رێگای سنوورەوە بگەنە ئێران، لە نیوەی ڕێدا گرفتاری سەربازەکانی ترك بوون. مستەفا کەمال ((عسمەت ئینونو))ی سەرەك وەزیرانی ڕاسپارد کە بە توندی دژی شێخ سەعید و هاوڕێکانی بجووڵێتەوە، ئینونو رۆژی 14ی مارت یاسای (گەڕانەوەی هێمنی) ((تقریر سوقون قانونو))ی لە ئەنجومەنی باڵا وەرگرت. ئەم یاسایە پشتگریی لە چالاکی و هەڵس و کەوتی دادگەکانی سەربەخۆیی دەکرد کە ئەویش هەمان گرتن و تاوانبار کردنی شۆڕشگێڕان بوو. پاشان حکومەت لە کوردستاندا کە خۆی پێی دەگوت

((ویلایەتـەکانی ڕۆژهەڵات)) یاسـای حـوکمی سـەربازیی ڕاگەیانـد و هاوکـات ئـەو بانگۆیەشـی بـڵاو کـردەوە کـە گوایـە ئـەو شۆڕشـە، شۆڕشێکی کۆنە پەرستانەی کورت بینی ئایینی بووە بە مەبەستی دژایەتی لە گەڵ دیموکراسیەتدا!!.

شـێخ سـەعید و47 لـە هاوڕێکـانی لـە لایـەن دادگـەی سەربەخۆیی(استقلال محکمەسی)یەوە لە دیاربەکردا سزای مەرگیان بە سەردا سەپێنرا، لە هەمان حاڵدا ترکەکان گوند وخانووەکانیان سوتاندن و سەرۆك هۆزەکانیان دەرکردن ودووریـان خستنەوە بۆ ئەنـەدۆڵی ڕۆژئـاوا. سـوپای تـرك لـە یـەکێك لـە هێرشـەکانیدا، کۆمەڵێکی زۆری لە کوردەزازاکانی دیاربـەکر و ناوچـەکانی تـری لـە شوێنێکی تەنگەبەردا کۆ کردنـەوە و لـە بەرامبەریانـدا دەسـتەیەك چـەکدار وەسـتابوون کـە بـە تایبـەتی بـۆ کوشـتاری بەکۆمـەڵ ڕاهاتبوون، ئەوانیش بە چەند بۆمبی دەستی و لـە یـەك کاتـدا هـەر هـەموو کـوردە دەسـت بـە سـەرەکانیان پێکـەوە قەڵاچـۆ کـردن. سوپای ترك وەك چۆن لە ساڵی 1915دا ئەرمەنیەکانی بە کۆمەڵ ڕاپێچ دەکردن، هـەرواش کوردەکـانی بـە کۆمـەڵ لـەوڵاتی خۆیانـدا وەدەردەنان و دووریان دەخستنەوە بۆ ئەنەدۆڵی ڕۆژاوا. بەم شێوە دڕندانەیە هەزاران ژن و پیاو و منداڵی کورد لە مـاڵی خۆیـان وەدەر نران و لە جێی ئەوان هەزاران ئەلبانیایی خەڵکی کۆسۆڤۆیان هێنان و لـە ماڵـەکانی ئەوانـدا نیشـتەجێیان کـردن و هـەرواش بـە سـەدان

هــەزار ماڵــە(چــەركس)یــان هێنــان و لــە جێــی كوردەكانــدا دایــان مەزرانــدن. كــردەوە تونــد و تیــژ و دڕندانــەكانی ســوپای تــرك كاریگەرییەكی خراپی ئەوتۆی بە سەر گەلی كوردی تركیاوە دانا كە هیچ كاتێك ئوقرەیان نەگرت و تاساڵی 1930كە شۆڕشێكی مــەزنی دیكە بەرپا كرا، شۆڕش و سەرهەڵدان و بەگژاچونی بچووك بچووك و ناوچەیی لێرە و لەوێ هەر لە گۆڕێدا بوون. گەرچــی شــێخ ســەعید خوازیاری سەربەخۆیی كوردستان بوو بــەڵام شۆڕشــەكەی بــە هــۆی چۆنیەتیی راگەیاندن و رێكخراوەكانیــەوە رەنگــی ئــایینیی بــەخۆوە گرتبوو، لە هەمان حاڵیشدا كاریگەریی زۆری لە سەر موسڵمانەكانی تركیا بە گشتی دانــا و هــەر ئــەوەش بــووە هــۆی ئــەوەی كــە پــاش شۆڕشی شێخ ســەعید، مســتەفا كــەمال لەدرێــژەی سیاســەتەكانیدا سێ راپرسی بنەڕەتیی راگەیاند كە بریتــی بــوون لــە: 1___ یاســای مــەدەنی 2___ یاســای كــڵاو و جــل و بــەرگ 3___ یاســای گــۆڕینی خەت و نووسین.

حكومەتی نوێ پاش ســارد بوونــەوەی شــۆڕش هــەموو تەكیــە و زیارەتگــەكانی داخســـتن و تەریقەتەكانیشـــی قـــەدە غـــەكردن، ناونیشــان و پلــە و پایــەی ئــایینی نــەمان و جــل و بــەرگی ئــایینی قەدەغە كرا، هەموو ئەمانەش لە پێناو بەگورتر كردنــی ئــەو رەوتــە نوێخوازیــەی تركــە گەنجەكانــدا بــوون! شــێخ ســەعید رێبەرایــەتیی مــەزنترین شۆڕشــی ئازادیخوازانــەی لەســەدەی بیســتەمدا گرتبــۆوە

ئەستۆ، شێخ نزیکەی دوو مانگ(8ی شوبات تانزیکەی 5ی نیسان)سەرکردایەتیی شۆڕشی کرد کە چی تا دوا ساتەکانی تەمەنی وەکوو سیمبولی ورە بەخشین و خۆڕاگری ناسرا. شێخ لە هەمان کاتدا کە پێشەوایەکی ئایینی و ئیماندارێکی راستەقینەبوو، کەسایەتیەکی نەتەوە پەرستی خاوەن بڕوا و بە هەڵوێستیش بوو، تا ماوەیەکی زۆریش پاش مردنی، هێشتا ئەو بانگۆیە هەر لە سەر زاران مابوویەوە کە ((شێخ هێشتاش نەمردووە))!

## کۆماری ئارارات

سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمیتەی ((خۆیبوون)) کە بووە بناغەی پێکهێنانی کۆماری ئارارات دەڵێن نوێنەرانی چوار رێکخراوی نەتەوەیی کورد واتە((پێشکەوتی کوردستان)) و((رێکخستنی کوردستان)) و((نەژادی کورد)) و((کۆمیتەی سەربەخۆیی)) لە بەهاری ساڵی 1927دا لە بنارەکانی چیای ئاگری (کێوی ئارارات) کۆ بوونەوە و هەر چوار رێکخراوەکەیان لە کۆمیتەیەکی نوێ بە ناونیشانی (کۆمیتەی خۆیبوون )دا تواندنەوە، هەندێکیش دەڵێن ئەم کۆبوونەوەیە لە(بحەمدوون)ی لوبناندا بووە.

ئەم چوار رێکخراوەیە کە بە ڕواڵەت پەند و ئەزموونیان لە سەر نەکەوتن و ناکامیەکانی پێشووی ناسیۆنالیزمی کورد وەر گرتبوو،

به تەمابوون به شێوازێکی نوێ و ئیمکانیاتی نوێ و هەمه لایەنـەوه خۆیان رێکخەن و به گژی حکومەتی کەمالییەکاندا بچنەوه.

کۆمیتـــەی خۆیبـــوون، وەچـــەیەك پـــێش داڕێـــژەرانی شـــەڕە پارتیزانییەکانی ئەمریکای لاتین بناغەی((ناوەندی شۆڕشگێڕانه))یان دامەزراند. ئەم ناوەنده، ناوەندێکی سەربازی بوو له ئارارات دا کـه دەوری پێگـــه و ســـەرکردایەتی گشـــتیی هێـــزه هاوپەیمانـــەکانی دەبینی. ڕێبەرانی بـەر جەسـتەی خۆیبـوون بریتـی بـوون لـه(قـادر جـەمیل)، (جەلالـەت عـالی بـەدرخان)، (حەسـەن ئاغـا حـاجوو)، (ئیحسان نوری پاشا)، (ئەکرەم جەمیل پاشا)، (مەمـدووح سـەلیم) و(عارف عەباس). له پەیڕەو پڕۆگرامی کۆمیتەی خۆیبووندا داکۆکی کرابـووه سـەر ((شـۆڕش تـا وەدەرنـانی دوایـین سـەربازی تـرك لـه سنوورەکانی کوردستاندا)) هەر وەهـا لـه بڕگـەی 4ی ئـەو پـەیڕەو پڕۆگرامەدا نوسرابوو: ((پێکهێنانی پەیوەندی برایانه و دۆسـتایەتی هەتایی له گەڵ حکوومەتی ئێران و گەلی فارسی بـرادا)) هـەر وەهـا ڕاگەیەندرابوو کە((خۆیبـوون ئامادەیـه هـەموو ناکۆکیـەکانی نێـوان کورد و ئەرمەنی به یـەکجاری چارەسـەر بکـەن)). ئیحسـان نـووری پاشا خەڵکی بەتلیس و لـه فەرمانـدەکانی پێشـووی سـوپای ترکیـا دەبێتـــه فەرمانـــدەیی گشـــتی و (ئیـــبراهیم حســـکی)ش دەبێتـــه بەڕێوەبـەری ئیـداری، ئـاڵای کوردسـتان هەڵـدەدرێت و کۆمـاری ئارارات له دایك دەبێت. سـوپای ترکیـا لـه سـاڵی 1930دا دەسـت

دەکاتە هێرش بردنە سەر کوردە ئازادی خوازەکان، ئەو هێرشانە بە سەرکەوتنی کوردەکان کۆتاییان پێدیت، هەرچی هەوڵ و تەقالای حکومەتی ترك هەبوو بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش لەو ساڵانەی سەرەتادا، ناکام مایەوە و زۆربەی کوردەکانی سووریا و عێراقیش ڕۆیشتنە ریزی ئەو شۆڕشگێڕانەوە. سوپای ترك کە لە بەرامبەری ئازادی خوازاندا شکستی خواردبوو، هێرش و هەڵمەتەکانی خۆی بادایەوە سەر جەماوەری بێ دیفاع و لە ماوەیەکی کورت دا 1123گوندی لە کوردستاندا خاپوور کرد و لە درندانەترین کوشتاری بەکۆمەڵیشدا لە ناوچەی ئاگری کە ترکەکان(ئاغووری)ی پێ دەڵێن 320 گوندیان لە یەك کاتدا وێران کردن و دانیشتووە کانیان کە 10000 کەس دەبوون لە شوێنێکدا بە ناوی (زیلان) کۆ کردنەوە و بە تەیارەی جەنگی بومبارانیان کردن و کوشتنیان. ئەمە سەرەڕای گرتن و ئەشکەنجە و ئازار و کوشت وبڕی سەرکردەکانی شۆڕش، بۆ وێنە لە راپۆرتێکی خودی فرماندەکانی سوپای ترکدا هاتووە کە ئەوان سەد کەسیان لە رۆشنبیرانی کوردی سەربە شۆڕشگێڕان لە_ وان _ دا گرتوون و خستوونیانەتە ناو گوێنو و دەرکەکەیان دووریون و خستوونیانەتە ناو ئاوی _ وان _ ەوە تا بە شێوەیەکی زەجراوی بمرن! ![8]

---

[8] entessar nader_ kurdish ethno nationalism u_ s_ a: lynne rienner publisher, 1992*

لـه هـەمان کاتیشـدا شـەڕ و پێکـدادان لـە نێـوان سـوپای تـرك و ئازادی خوازانی کورددا درێژەی هەبوو تا کاتێ کە حکومەتی ترك و ڕەزاخـان لـە کـەین و بەینێکـدا پێـك هـاتن کـە لـە ئاکامـدا دەور و بـەرەکانی کێـوی ئـارارات بـووە هـی ترکیـا و لـە بەرامبـەردا زەوی زارەکانی ڕۆژئاوای ورمێ دران بە ئێران و بەم پێیەش ڕەزاخان نەك هەر بەر بەستی خستە سەر ڕێگای پشتیوانی کردنی ئێرانیەکان لـە کورد، بەڵکو بۆ خۆیشی بـە تـەواوەتی هاریکـاری حکومـەتی ترکـی کرد بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشەکە و بەم چەشـنە ئـەم شۆڕشـەیش سەرەڕای هەموو سەرکەوتنەکانی، بـە هـۆی خیانـەتی ڕەزاخانـەوە شکستی هێنا و دواتریش ئیحسان نووری فرمانـدەی گشـتیی هێـزی سەربازی کۆماری ئاگری بەرەو ئێران هەڵات.

---

کوردکان دەبێ بڕۆن

دوا بـــە دوای شکســـتی شۆڕشـــی ئـــاگری، دەرکـــردن ودوور خســـتنەوە و کـــۆچ پێکردنـــی زۆرەملـــێ و بـــە کۆمـــەڵ لـــە لایـــەن دەســـەڵاتدارانی ترکـــەوە دەســـتی پێکـــرد چـــوونکە ســـاڵی 1932یاسایەك دانرا کە حکومەت سەربەست بێت لەوەدا کە هەموو خـەڵکێکی جێـی گومـان و هـەر کەسـێك کـە لـە ڕۆژهەڵاتـدا پلـە و پایەیەکی هەیە، دەستە دەستە و کۆمـەڵ کۆمـەڵ لـە مـاڵی خۆیـان

وەدەر نێت  و بەرەو ناوچەکانی رۆژئاوا بیان کۆچـێنێت! هـەروەها بە پێی ئەو یاسایە، کردنەوەی خانوو و گەڕەك  و گونـد بـۆ هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە بـە زمـانێکی غـەیری ترکـی قسـە دەکـەن قەدەغەکرا! و ملیۆنەها کورد لێك جیـا کرانـەوە و کۆچـێنران و لـە رۆژئاوا و ناوەندی ترکیادا پرژ و بڵاوەیان پێکرا بۆ ئەوەی جـارێکی دیکە یەك نەگرنەوە! لەوە بەدوا کـۆچ و ئـاوارەیی کۆمـەڵ کۆمـەڵی کوردەکان بە ناچار و زۆەملیٚ بـەرەو ناوەنـد و رۆژئـاوای ترکیـا لـە گۆشە و کەناری رێگا و بانەکاندا بۆ ئەوانەی کەچاویان پێدەکـەوتن ئاسایی ببۆوە و بۆ کەس جێی سەرنج و سەر سووڕمان نەبوو!

بە پێـی راپـۆرتێکی وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا و گێڕانـەوەی هەواڵنێرێکی ئەو وەزارەتـە، نفووسـی شـارەکانی کوردسـتان پـاش دەست پێکردنی دەرکردن ودوورخستنەوەی زۆرەملیٚ، نیـوە ببـو و تەنانـەت لـە نیـوەش کـەمتر ببوویـەوە: (( بـەتلیس سـیمایەکی خەمناکی هەیە...بە درێژەی دوو کیلۆمەتر بە هەردوولای دۆڵەکەدا جیٚ وێرانەی خانووەکان دەبینرێت ... ئەمـە، پاشمـاوەی شـارێکە کەجاران چل هەزار دانیشتووی هەبوون و ئێستا گوندێکە بـە تـەنیا پێنج هەزار کەسەوە!)) یان خود دەڵێت: (( وەزع و باری شاری _ مووش _ خراپ تر و دڵتەزێن ترە، ئەم شارە کـە پێشـتر 30هـەزار

کەسی تێدادەژیا، ئێستاکە بۆتە گوندێگی وێران و تەنیاسێ هەزار کەسی تێدا ماوەتەوە[1]))!!

دەسەڵاتدارانی حکومەتی ترکیا، بە ڕوو هەڵماڵراوی و بێ شەرمییەکی لە ڕادە بە دەر بیر و ڕا دژی مرۆڤ و ڕەگەز پەرستانەکانی خۆیان دەر دەبڕی، لە ئەیلولی1930دا (بەزقورت)ی وەزیری دادی ترك گوتی: (( ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە ناوی ترکیایە، من دەڵێم هەر تەنیا ترکە کەدەبێ ئەرباب بێت، حاکم و خاوەنی ئەم وڵاتە هەر تەنیا ترکەکانن، ئەوانەی کە رەگەز و بنچینەیان ترکی رەسەن نییە تەنیا مافێکیان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە دەتوانن غولام و کۆیلەبن!)) هەروەها(عیسمەت ئینونو)ی سەرەك وەزیرانی ئەوکاتی ترکیا گوتبووی: ((هەر تەنیا نەتەوەی ترك بۆی هەیە لەم وڵاتەدا داوای مافی نەتەوەیی و ئینسانی بکات و هیچ کەسێکی غەیری ترك ئەو مافەی نییە!)) لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆری پێنەچوو کە پاش شۆڕشی ئارارات، هاواری ئازادیخوازی و سەر بەخۆیی گەلی کورد لە گەرووی سالارێکی دیکە و لە ناوچەیەکی دیکەدا هاتەدەرێ، ئەمجارەیان پیاوچاکێکی شێعە و سەییدێکی کورد رێبەرایەتیی شۆڕشێکی تری دژی دڕندایەتیی کەمالییەکان گرتە ئەستۆ.

---

[1] کریس کۆچێرا، جنبش ملی کرد، پێشوو.

## سێدارەکان لە دەرسیم دا گوڵ دەدەن!!!

ئەم شۆڕشەش لە دەرسیم و لـە سـەر دەسـتی سـەید ڕەزای دەرسیمیدا سەری هەڵدا کە یـەك لـە پێشـەوا ئایینیـەکانی شـێعەی عەلەوی و لەدایکبووی شاری دەرسیم بـوو. واتـە ئـەو شـارەی کـە پێشتریش شۆڕشی کۆچ گـیری تیایـدا سـەری هەڵـدابوو. ئـەم نـاوە کوردییـە(دەرسـیم)، دوای شکسـت هێنـانی شۆڕشـەکە لـە لایـەن ترکەکانەوە گۆڕدرا و کرا بە ((تونجلی)) کە ناوێکی ترکییە!

سەید رەزا ساڵی $1920$ لە لایەن شۆڕشگێڕەکانی کۆچ گیرییەوە کرایە بەڕێوەبەری ناوچە ئازاد کراوەکان و$17$ ساڵ دواتـر، حـەوت سـاڵ دوای شۆڕشـی کۆمـاری ئـاگری واتـە لـە حـوزەیرانی$1937$دا شۆڕشێکی دیکەی دژی کەمالییەکان بەرپا کـرد و بـۆ ئـەم کـارەش پێشتر لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکان لە(کۆرپیك)دا کـۆ ببویـەوە و لــە گەڵیانــدا پێــك هــاتبوو. ئــەمجارەش شۆڕشــگێڕان جەندرمــە ترکەکانیان لە ناوچەی دەرسیمدا وەدەرنان و ناوچـەکەیان خسـتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. حکومەتی ترکیا سوپایەکی لە دژی ئەوان لـــە ناوچـــەکانی (ئـــەرزەنجان) و (ئـــەرزەڕوم) و (مەلاتیـــە) و (دیاربەکر)دا نیشتەجێ کرد. (( جەلال بایار))ی سـەرەك وەزیرانـی ئـەوکاتی ترکیـا، ((عیسـمەت پاشـا))ی کـردە فەرمانـدەی هێـزی تایبەتی سەرکوت کردنی شۆڕش.

هــەر لــە هــەمان کاتیشــدا کۆمــەڵێك لــە کوردەکــانی ســووریا پشتگریی خۆیان لە شۆڕشەکە ڕاگەیاند و بە ســەرکردایەتی (ســەید عەبـدولڕەحیم)ی بـرای ســەید ڕەزا هاتنــە نـاو ترکیـاوە. بـەڵام بـەر لەوەی بگەنە ریزی شۆرشگێڕەکان، هەر لە سنووردا سەرکوت کران و سەید عەبدولڕەحیمی ســەرکردەیان کـوژرا، سـوپای تـرك هــەموو هێز و توانـا و ئیمکانیـاتی خـۆی بـەکار هێنـا بـۆ ســەرکوت کردنـی شۆڕش و تەنانەت شۆڕشگێڕەکان سوپای ترکیان بەوە تاوانبار کرد کە گازی کیمیایی دژی ئەوان بە کار هێناوە! زستانی هەرە تووشی ئەو ساڵە شۆڕش و شۆڕشـگێڕانی خسـتە نـاو بەربەسـت و گرفـت و تەنگەبەرییەکەوە، بەو حاڵەشەوە ژەنەراڵ (ئالپ دگان) بە تایبەتی بەڕێ کرا بۆ سەرکوت کردنی ســەید رەزا و ئــەویش دووجـار شـاری دەرسیم و هەر چوار دەوری بە سەختی بومبابـاران کرد، بە جۆرێك کـە هـیچ کـەس خـۆی پـێ ڕا نـەگیرا و جـەماوەر هــەموو هــەڵاتن و پـــەنایان بـــردە دۆڵ و کێوەکـــان کەچـــی بومبابـــاران هـــەردەهات ودڕندانەتر دەبوو،جەنەراڵ ئالپ دگان لە یەك کاتدا لە ئەشکەوتێکی (کوتوزیکداغ)ی لای دۆڵـی (ئیسـکورلا)دا کـە2500کـەس لـە ژن و منداڵ و پیر و پـەك کەوتـە تیایـدا پـەنایان گرتبـوو، فرمـانی دا کـە ســەربازە ترکــەکان هــەموو ڕێگاکانیــان بــە دینامیـت تەقانــدەوە و ئاگریان لە ناوەوەی ئەشکەوتەکە بەردا کە لـە ئـەنجامی ئـەم کـارە

هـەرە دڕندانەیـەدا هــەر هــەموو پــەنا گرتووەکـان بــە زینــدوویی سووتێنران و هەر ئەو ئەشکەوتەش بوو بە گۆڕی هەموویان!

هەر لەو سەر و بەندەدا شۆڕشی سەید رەزا لە دەروونەوە تووشـی ئـالۆزی و ناتــەبایی و خیانــەتی ئەوانــە هــات کــە بــەهۆی بــەڵێنی ترکەکانەوە فریویان خواردبوو، (عـەلی شـێر )ی فەرماندەی گشـتی هێـزی ســەربازی شۆڕشـگێڕان و (زەریفــە)ی هاوســەری بەدەسـتی چەند خیانەتکارێك کوژران و سەری بـڕاوی هــەردووکیان نێـردرا بـۆ جەنـــــەراڵ ئالــــپ دگـــــان. ســـــەرەنجام ڕۆژی 5ی ئــــــەیلوولی 1937سەرکردەکانی شۆڕش گێران و سەید رەزا لەگەڵ دوو کـوڕی و چەند سەرکردەی دیکەدا لە سێدارە دران. دەگێڕنـەوە کـە سـەید رەزای 75ساڵە لەکاتی لە سێدارەدانیدا ئەم شیعرە کوردیـەی بـە دەنگی بەرز دەگوتەوە[9] :

"ئەز رۆڵەی سالاری کەربەلام
من لە کوشتن دەترسێنن؟
سوێندم بە یەزدانی پاك
ئەو جەنایەتەتان بێ تۆڵە نامێنێتەوە

---

[9] محەمەدعەلی سولتانی: قیام ونهچت علویان زاگرس یاتاریخ اهل حق،موسسـەفرهنگی سـها،تهـران 1377

ئەی زاڵمینە شەرمەزار بن"!

رۆژنامە نووسێك لە ئەنقەرەدا دوابە دوای کوشتارە بە کۆمەڵەکانی شاری دەرسیم لە راپۆرتێکدا ئاوا دەنووسێت:

((سێدارەکان لە دەرسیمدا گوڵیان کردبوو و هێشووی شۆڕشیان پێوە ئاوێزان ببوو•))!

## سەردەمی جەنەراڵەکان

20 ساڵ بە سەر دوایین شۆڕشی کوردەکان لە شاری دەرسیم و بە رێبەرایەتی سەید رەزا لە1936دا تێپەڕی. لەم ماوەیەدا سارد و سڕی و دابڕانێك باڵی کێشابوو بە سەر شۆڕشی چەکداری و بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی کوردستاندا کە ئەویش رەنگدانەوەی سەرکوت کردنە دڕندانەکانی کەمالیەکان بوو دژی کورد لە شۆڕشەکانی رابردوودا! ساڵی 1947سەرەك وەزیرانی ترکیا ستایشی کوردەکانی کرد سەبارەت بە وەفادارییان بە حکومەت و خزمەتیان لە سوپای ترکدا، ساڵێکیش دوای ئەوە بوو کە خوێندنی ئایینی لە قوتابخانەکاندا ئیزنی پێدرا. حزبی دیموکراتی ترکیا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1955دا سەرکەوت و تا ساڵی 1960لە سەر کورسیی دەسەڵات دا مایەوە. سیاسەتی ئەو حزبە ئەوە بوو

---

• کریس کۆچێرا.. پێشوو.

که گوشاری لایەنی نوێخوازی له سەر کۆمەڵه ئایینیەکان به تایبەتی له ناوچه کورد نشینەکاندا کەمتر بکاتەوه، هەر ئەوەش بوو که شێخ و دیکەی کەسایەتیەئایینیەکان ئیزنی چالاکییان پێدرا.

حزبی دیموکرات تا ڕادەیەك هۆکار و پێداویستیەکانی بەشداریی جەماوەری له کار و باره نەتەوایەتیەکاندا دابین کرد. هەر لەم ساڵانەدا بوو که کوردەکان هەوڵیان دەدا به هۆی چالاکیی سیاسی و رۆشنبیرییەوه لەچوار چێوەی سیستەمی سیاسیی ترکیادا بگەن به ئامانج و خواستەکانیان که بڵاوکردنەوەی رۆژنامه و گۆڤاری کوردی و پێکەوەنانی حزب و ناوەندگەلی جۆراوجۆری کوردیش هەر لەم ڕێبازەدا بوو. خوێندەوارانی کورد کۆمەڵەیەکیان دامەزراند به ناونیشانی ((دوغوجولوق)) یا(رۆژهەڵات گەرایی)که ئەندامەکانی تا بۆیان دەکرا خۆیان له سیاسەت لا دەدا و زۆرتر داکۆکییان دەکردە سەر بووژاندنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان. هەر لەم پێوەندیەشدا بڵاڤۆکی((ئیللری یورت)) له لایەن (موسائەنتەر) و (جانب یووڵدرم)ی دیاربەکرییەوه چاپ و بڵاو کرایەوه. بەڵام پاش ماوەیەك حزبی دەسەڵاتداری ترکیا، لاساری و ناسازیی له گەڵ کوردەکاندا دەست پێکردەوه و ئیدی هەر چەشنه جم و جووڵ و چالاکییەکی سەرکوت دەکرد. هەر بۆیەش هەموو ئەندامانی(دوغوجولوق)له ساڵی 1959دا گیران .

له27ی مایسی 1960دا سوپای تركیا حكومەتی (جەلال بایـار) و (عـەدنان مونـدەریس)ی لـە سـەر كـار لا بـرد و جەنـەراڵ (جـەمال گورسل)ی لە سەر كورسیی حكومـەت دانـا ودەسـەڵاتی وڵاتـی پـێ سـپارد. ئـەویش لـە بەرامبـەر كوردەكانـدا رەوشـتێكی زۆر سـەر سەختانە و بێ بەزەییانەی گرتە بەر، هـەر هـەمان جەنـەراڵ رۆژێـك سەبارەت بە كورد، بە رۆژنامەنووسێكی سویدیی گوتبوو: (( ئەگەر ئـەم كێویلـە چـارە نەكراوانـە بێـدەنگ نـەبن، سـوپای ئێمـە لـە بومباباران و خاپوور كردنی شار و گوندەكانیان هیچ كاتێـك دوو دڵ نابێت و حەمامێكی خـوێنی ئـەوتۆ ڕێـدەخات كـە خۆیـان و هـەموو زەویەكانیشیان نوقم بكات!)).

لـــە كـــانونی دووەمـــی 1961دا (49)كـــەس لـــە كـــوردە چالاكەكانیان كێشانە پای مێـزی مەحكەمـە، بـەڵام پـاش ماوەیـەك بـەردران كەچـی سـەر لـەنوێ گیرانـەوە. بڵاڤـۆكی (راسـتیەكانی كوردستان)ی زمانحاڵی (ئەنجومەنی جیهانیی كورستان) لە نیسانی 1962دا رایگەیاند كە 26 كەس لەو گیراوانـە ئیعـدام كـراون! لـە بەهاری ساڵی 1961یشـدا هەشـت سـەرۆكی دیـار و نـاوداری دوور خراوەی كـورد لـە(بورسـا)دا دەسـت بەسـەر كـران. ئـەو تۆمەتـەی درابوویە پاڵیان ئەوە بوو كە گوایە ئەوان بانگەشەی كۆمۆنیستییان كردووە و بە تەمای دامەزراندنی كوردستانێكی سەر بەخۆ بوونە!.

## ئێمە کوردین

هەر لە نیسانی هەمان ساڵدا (جەنەراڵ گورسل) سەرەك کۆماری کوودەتاچیی ترك بە سەر ئەو کتێبەیدا هەڵگوت کە بە ناونیشانی ((دوغو ئیللری)) واتە(گەلی ڕۆژهەڵات) بڵاو کرایەوە و زۆرتریش مەبەستی گەلی کوردبوو کە (شەریف فورات) داینابوو. ناو براو بە شێوەیەکی زۆر بێ شەرمانە هەوڵیدابوو وا پیشان بدات کە کوردەکان لە ڕەگەزی ترکن! ئەوەندەی پێنەچوو کە جەنەراڵ گورسل رای گەیاند: (( لە بنەڕەتدا نەتەوەیەك بە ناوی کورد هەر نەبووە و نییە)) لە دژ کردەوەیەکدا بەرامبەر ئەو قسانە، لە 8 ی نیسانی هەمان ساڵدا زنجیرە ڕێپێوانێکی ناڕەزایی دەربڕین بە شێوەیەکی بەر بڵاو لە کوردستان و بە تایبەتی لە شارەکانی (ماردین) و(دیاربە کر) و(سیورك) و(ئامێد) و(بەتلیس) و(وان)دا بەڕێ خرا. خۆ پیشاندەرەکان چەندین لافیتەیان بەرز کردبوونەوە کە تێیاندا ئەم دروشمانە نووسرابوون: (ئێمە ترك نین)، (ئێمەکوردین) و (مردن بۆ گورسل)!. سەربازەکانی ترکیا تەقەیان لە خۆ پیشاندەران کرد و لە ئەنجامدا: 121 کەس لە ماردین کوژران و 3545 کەسیش بریندار بوون، لە دیاربەکردا 194 کەس کوژران و400 کەس زامدار بوون و کۆمەڵێکی زۆریش لە جەماوەر گیران و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکانی سوپای ترك کران. لە17ی کانونی یەکەمی 1963 دا، دادوەری سەربازیی ئەنقەرە بێ

بەزەییانــە داوای لــە ســێدارەدانی 23 کــەس لــە کــوردە زینــدان کراوەکانی کرد، ئەویش بە تاوانی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی وڵاتێکـی سەربەخۆ!، دادوان لە دادگەدا بزووتنەوەی کوردەکانی بـێ بنـەما لە قەڵەم دا و گوتی: ((ئەو کۆمەڵـە خەڵکـەی کـە پێیـان دەگـوترێ کورد، بە ڕەچەڵەك ترکن، لە ڕاستیدا بیرۆکەی دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی لە ترکیادا پیلانی کۆمۆنیستی جیهانییە.))!

کوردەکان بڕۆن.. بۆ ئێران.. بۆ ئەفریقیا!

ئەوەنــدەی نــەبرد کــە(موســائەنتەر)ی ڕۆژنامەنووســی بــە ناوبانگی کورد لەگەڵ (محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان)ی نووسـەر کـە بەرهەمی کلاسیکیی ئەدەبیاتی کورد( مـەم وزیـن)ی بـە کـوردی و ترکی چاپ کردبوو، گیران و خرانە زیندان و دواتر مووسا ئەنتەر لـە ڕووداوێکـی سـاختە و پاختـەی تیرۆریسـتانەدا کـوژرا. لـە کـانوونی دووەمــی 1967دا حکومــەتی ( ســلێمان دمــیرل) هێنــان و بــڵاو کردنەوەی هەر چەشنە کاسێت و بڵاڤۆکێکی کوردیی قەدەغە کـرد. چەند مانگێك دواتر گۆڤاری( پان تورانی ئوتووکن) لـە وتـارێکی پـڕ لـەجنێو و سـووکایەتی کـردن بـە گـەلی کـورد نووسـیی: (( ئەگـەر کوردەکان دەیانەوێ هەر وا بە زمانی خۆیان ...قسـە بکـەن... بـا بار بکەن و بڕۆنە شوێنێکی دیکە...بۆ هەرکوێ حەز دەکەن بـڕۆن، بـۆ ئێـران، بـۆ پاکسـتان، بـۆ هینـد...، بـڕۆن لـە ڕێکخـراوی نێـو

نەتـــەوەیی داوا بکـــەن بـــا جێگەیـــەکیان لـــە ئـــەفریقیادا بـــۆ بدۆزێتـــەوە...ئێـــوە...زمـــانی جیـــاواز و قوتابخانـــەی جیـــاواز و بەرنامـــەی ڕادیـــۆ تەلـــەفزیۆنی و بـــڵاو کـــراوەی تایبـــەتیتان لـــە ئێمـــە دەوێـــت...!لـــە کـــۆڕە تایبەتیەکانتانـــدا شـــیعری کـــوردی بـــۆ منداڵەکانتان دەخوێننەوە...ئەگەر ڕۆژێك شۆڕش بکەن ، ئەو کاتە تێدەگەن کە ئێمە چیین !تێدەگەن!)). کوردەکانیش بە خێرایی لە ڕاگەیاندنێکدا دژ کردەوەیان پیشان دا: ((باشە...کە هاتنە مەیدان تێدەگەن کێ ئـەوی تـر دەتـارێنێ))!. لـە3ی *ئابی* 1967دا لـە سەر داوای ئەنجومەنی خوێندکارانی کورد ڕێپێوانێکی بـەر بـڵاو لـە سەرتاسەری کوردستاندا بەرپا کرا کـە هـەزاران کـەس بەشـدارییان تێـدا کـرد. ئـەم ڕێپێوانـە مەزنـە لـە بزووتنـەوەی ئـەم سـەردەمەی کوردەکانی ترکیادا جێگایەکی تایبەتی هەیە.

پەرە سەندنی ڕێکخستنە ڕۆشنبیری و سیاسیەکان

پـاش ماوەیـەك دیسـانەوە حکومـەت لـە بەرامبـەر کوردەکانـدا ڕەوشتێکی نەرم و هێمنانەی گرتە بەر و کوردە چالاکەکان مەجالی ئەوەیان پێدرا کە کار و چالاکییەکانی خۆیـان دەسـت پێبکەنـەوە. لەم سەردەمەدا، واتە ناوەڕاستی حـەفتاکان بڵاوکـراوە و ڕێکخـراوە کوردیـەکان دەورێکـی بەرچـاویان لـە بـەئاگا هێنانـەوە و بێـدار کردنـــەوەی نەتـــەوەیی گـــەلی کوردســـتاندا گێـــڕا. ســـاڵی

1962بڵاڤـــۆكی(دەنگـــی ســـیلوان) لـــە شـــاری ســـیلوان و گۆڤاری(دیجلەو فورات)ساڵی 1963لە ئەنقەرە و (ئانی ئەكیس) لە ساڵی 1966هـەر لـە ئەنقـەرە و(سەرەشـیار)لەسـاڵی 1970 لـە شـاری _ دوغوبایزیـد_ دا چـاپ و بـڵاو كرانـەوە. ئـەم ڕۆژنامەیـە ڕووبەڕووی توندترین هێرش و هەڕەشـەی بڵاوكـراوە حكوومیـەكانی توركیا بوویەوە ئەویش هـەر لـە بـەر ناوەكـەی واتـە(سەرەشـیار)كـە ناوی رەسەنی كوردیی شاری دوغوبایزید بوو. بڵاڤۆكە كەمالییەكان هەڵبژاردنی ناوێكی كوردییان بۆ رۆژنامەیەك بە تاوان و خیانـەت لـە قەڵـەم دەدا. یـەكێك لـە بـەربڵاوترین رێكخسـتنە رۆشـنبیرییەكانی كوردی لە حەفتاكاندا (ناوەندی رۆشنبیری شۆڕشگێڕانەی رۆژهەڵات (DDKO) لـەژێر ناونیشـانی (دورمینجـی دوغوكولتورئوجـاق لەری)بـوو. دامەزرانـدنی ئـەم ناوەنـدە لەسـاڵی 1968دا، خـاڵێكی گرینگە لە بێداری و بە ئاگا هاتنەوەی گەلی كورد لـە توركیـادا. ئـەم ناوەنـدە لـە ئەنقـەرە و دیاربـەكر و باتمـان و سـیلوان و دیكـەی ناوچەكانی كوردستانی توركیادا بـڵاو ببوویـەوە. زۆربـەی رێكخـراو و بڵاو كراوە كوردیەكان لە سەرچاوەی (DDKO)یەوە هەڵدەقوڵان و بڵاڤۆك و راگەیاندنەكانی ئەم ناوەندە زۆرترین نەخشیان هەبوو لە بانگێشـتی گـەلی كـورد بـۆ دۆزینـەوەی ناسـنامەی خـۆی. ئـەو بڵاڤۆكانەش كە لەم ناوەندەوە سەرچـاوەیان دەگـرت بـریتی بـوون لـــە: (ڕۆژی وڵات)، (ڕۆژ انــویێ)، (كۆمــار)، (كــۆراڵ)، (یــوونتم)،

(ڕزگاری)، (ئوزگورلوك یولو) واتە ڕێگەی ئازادی و (DKDD) واتە ناوەندی ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتی.

بابەت و نووسراوەکانی ئەو بلاڤۆکانە زۆرتر دەربارەی مێژووی کورد و زمان و لەهجە کوردیەکان و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کورد بوو. زۆربەی بناغە داڕێژەرانی(DDKO) ئەو کوردانە بوون کە سەرەڕای ساڵەهای ساڵ هەوڵ و کۆششی زەلیلانەی دەسەڵاتدارە شۆڤینیەکانی ترك بۆ سڕینەوەی زمان و ڕەچەڵەکی کوردی و پاش ساڵەهای ساڵ دابڕان لە زمان و نەتەوەی خۆیان، سەر لە نوێ ڕوویان لە زمانی خۆیان کردەوە و ناسییانەوە و توانییان دیسانەوە فێری نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی ببن.

ساڵی 1974بە پێی حوکمی دادگای ڕێژیمی سەربازی و یاسای سزای ترکیا، ڕێخراوی (DDKO) داخرا و ئەندامە کاراکانی گیران و ڕەوانەی زیندان کران. بەڵام دواتر کۆمەڵێك لە ئەندامەکانی ئەو ڕێخراوەیە حزبێکی دیکەیان دامەزراند بە ناونیشانی:ناوەندی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕانی دیموکراتی(D,D,K,D).سەرەڕای ئەوەی کە گروپی _ ڕێگای ڕزگاری _ کە لە ساڵەکانی 1975 تا 1979 ڕۆژنامەیەکی هەر بە هەمان ناونیشان دەردەکرد، لە بنەڕەتدا بەشێکی جیاکراوەی ئەو ڕێخراوە بەر بڵاوە بوون. ئەوان تێکەڵاویی _ پرۆلیتاریای ترك _ یان پەسند کرد بە مەبەستی

گەیشتن بە ئامانجی خۆیان کە ئەویش کۆتایی هاتنی رەنج و ئازاری گەلی کورد بوو. ئەم گروپە، گەرچی نفوزێکی ئەوتۆی لە ناو ڕەمەکیی خەڵکدا نەبوو، بەلاّم لە ناوەندە ڕۆشنبیری و سەندیکا بازرگانیەکاندا لایەنگرێکی زۆری هەبوون. هیچ حزبێك لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1961ی پەرلەمانی ترکیادا نەیتوانی زۆربەی زۆری دەنگەکان بۆخۆی کۆ بکاتەوە، هەر ئەوەندە بوو کە حزبی (عەدالەت) زۆرترین دەنگی هێنا. لە کوردستانی ترکیادا ڕەقیبێکی بە هێز لە بەرامبەری حزبی عەدالەت دا هەبوو کە ئەویش حزبی(ترکیای نویّ) بوو. هەردوو حزب لە کوردستاندا دەنگی وەك یەك و بەرامبەریان هێنا. هەر چەند حزبی عەدالەت لە بواری ئابوورییەوە لە دۆخێکی باشتردا بوو و لایەنگری زۆری لە ناو دەوڵەمەند و ناوەندە بەهێزە ئابوورییەکاندا هەبوو، بەلاّم گەلی کورد بیری لەوە دەکردەوە کە حزبی ترکیای نویّ باشتر دەتوانێت بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت ئەویش لە بەر ئەوەی کە یەك لە سەرۆکەکانی ئەو حزبە واتە(دکتۆر یووسف عەزیز ئوغڵو) خۆی کورد بوو. لە 25ی حوزەیرانی 1962دا حکومەتێکی تێکەڵاوی هاوپەیمان لە نێوان حزبی ترکیای نویّ و حزبی جوتیارانی کۆماریخواز)، بە دەسەلاّتداریی زۆرتری حزبی(کۆماریخوازی جەماوەری) واتە(R P P)دامەزرا و یووسف عەزیز ئوغڵو ئەندامی حزبی ترکیای نویّ بوو بە وەزیری تەندروستی لەو کابینە

تێکەڵاوەدا کە ئەویش لەو ماوە کەمەی بەرپرسیارێتییدا سەرنجێکی وردتری دایە پێشکەوتی ستانداردە تەندروستیەکان لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژهەلاتی ترکیادا، بەجۆرێك کە ئەو دام و دەزگا تەندروستیانەی ئەو پێکی هێنان، لە هەر هەموو ئەو خەستەخانە و دەرمانخانەگەلەی کە لەسەرەتای دامەزراندنی ترکیای تازەوە لە کوردستاندا دامەزرا بوون زۆرتر بوون، ئەم هەوڵ وکۆششەیش بووە هۆی ئەوەی کە یووسف عەزیز لە ناو ئەو جەماوەرەدا خۆشەویستی و پلە و پایەیەکی بەرز و بەڕێزی بدرێتێ بەلام سەرەنجام دکتۆر یووسف گیرۆدەی پیلانی هاوکارە کەمالییەکانی خۆی بوو و بە تۆمەتی کۆشش لە ڕێگای بەهێزتر کردنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا لە سەر کار دەرکرا.

## لە ترکیادا کوردیش هەیە ! !

ئەو کەمۆکە ئازادییە سیاسییەی کە وەك تایبەتمەندییەکی مێژووی سیاسیی ترکیا لە ساڵەکانی1960و1970دا هەبوو، هەل و دەرفەتێکی ئەوتۆی رەخساند کە دەستە و گرووپی دەستەچەپیی جۆربەجۆر لە ناو رۆشنبیرانیکورد و ترك لە ترکیادا پێك بهێنرێن. گرینگترین رێکخراوەی دەستە چەپی((حزبی کرێکارانی ترکیا- w,p,t-)) بوو کە لە شەستەکاندا دامەزرا ولە مل ملانێیەکی هەڵبژاردندا بەشداریی کرد و لە هەڵبژاردنەکانی

پەرلەمانی ساڵی1965دا 550 کورسیی وە دەست هێنا. حزبی کرێکارانی ترکیا ئەندامی بە ڕەچەڵەك کوردی تێدا بوون و هەر بە هەوڵی ئەوانیش واتە ئەندامە کوردەکانی حزب بوو کە کێشەی کوردستان بە شێوەیەکی زەقتر هاتە گۆڕێ. ئەم حزبە لە کونگرەی دووەمی خۆی لە ساڵی1870دا بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە لە بەشێکیدا هاتبوو:

((خەڵکانێك لە رۆژهەڵاتی ترکیادا دەژین کە کوردن...دەسەڵاتدارە شۆڤینیەکان کە نوێنەری گروپە حاکمەکانن، بە هۆی سیاسەتی چەواشەی یەکسان سازیی نەژادی و ئیرهاب و سڕینەوەی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی کە هەمیشەش بۆتە هۆی سەرکوت کردنی کوردەکان، بە سەریاندا زاڵ تر بوونە))!

ئەم راگەیاندنەی حزبی کرێکارانی ترکیا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو، چونکە لە مێژووی ترکیادا ئەوە یەکەمین جار بوو کە حزبێکی سیاسیی ترك بە ڕەسمی و راشکاوانە دان بە هەبوونی نەتەوەی کورددا بنێت ئەویش بە ناوی کەمە نەتەوەیەکی چەوساوەو ستەملێکراو! ئەنجامی ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیەش هەمان داخستنی حزبی کرێکارانی ترکیا بوو لە لایەن کەمالییەکانەوە، کەمالییەکان سەرۆکەکانی ئەو حزبەشیان بە تۆمەتی لاواز کردنی یەکێتیی نەتەوایەتی خستنە زیندان تا

سەرەنجام لە ساڵی 1974دا بە پێی لێبورنێکی گشتیی حکوومەت لە زیندان ئازاد کران.

رۆشنبیرانی کوردیش ئەو هەلەیان قۆستەوە کە ئەو کەمۆکە ئازادییە رەخساندبووی و((ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕانەی رۆژهەڵات ـ DDKO ـ )) یان وەك یەکەمین رێکخراوی یاسایی کورد لە ترکیادا دامەزراند ئەڵبەت بە بێ هێنانی ناوی کورد! ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە لە گەڵ ئەندامە کوردەکانی حزبی کرێکارانی ترکیا(باڵیچەپ)دا، رێبەرایەتیی ئایندەی کوردی ترکیایان دەکرد. ساڵی 1965حزبی دیموکراتی کوردستانی ترکیا لە سەر دەستی یاسا ناسێکی شاری(ئورفا)بە ناوی (فایق بووجەك) کە هاوکات ئەندامی پارلەمانی ترکیاش بوو، دامەزرا. ئەم حزبە پێکهاتبوو لەو نەتەوە پەرستە بورژوایانەی کە بە تەواوەتی کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و هەر واش نەتەوە پەرستەکانی سووریا.

لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستان هەر تەنیا خوازیاری خود موختاری بوون لە حاڵێکدا کە داخوازیی کوردە باڵەچەپیەکان، نەك هەر وەرگرتنی مافە کلتووری و رۆشنبیریەکان، بەڵکو ئاوەدانکردنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان بوو و دەیانویست کۆمەڵگەی ژێر دەستەی کوردی بگۆڕن بۆ

کۆمەڵگەیـەکی یەکسـان و بەرانبـەر، ئـەم بیرۆکەیـە، دواتـر لـە نـاو لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستانیشدا پەرەی سەند.

(بووجاك)ی بناغەداڕێژی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ترکیـا بـە شێوەیەکی ڕەمزاوی و بە دەستی هێزەکانی ئـەمنی ترکیـا کـوژرا و باڵی توندڕۆی حزب بـە سـەرۆکایەتی دکتـۆر(شـڤان) روویـان کـردە کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی خۆیان بـۆ شۆڕشـێکی چـەکداری دژی حکومەتی ترکیـا تـەیار بکـەن. } ... ... ... ! { باڵەکـەی دیکـەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ترکیا بە سەرۆکایەتی(سـەعیدئەلجی) هــەر لــە ترکیــادا مایــەوە تــاوەکو لــە کودەتــا ســەربازیەکەی ساڵی1971دا ناچار کرا ئەویش بەرە و عێراق هەڵبێت.

## کوودەتا

ئەو مل ملانێیەی کـە لـە نێـوان دکتـۆر شـڤان و ئـەلجی لـە عێراقدا پەرەی سـەندبوو، بـە کـوژرانی هـەردوکیان بـە شـێوەیەکی هەرە رەمزاوی کۆتایی پێهات. هەندێ کەس و لایەن داکۆکییان لـە سـەر ئـەوە دەکـرد کـە دەزگـای ئـەمنیی ترکیـا(m,I,t)، دەسـتی هەبووە لە کوشتنی ئەواندا.

لە مارتی 1971دا دیسانەوە بزووتنەوەی کورد تووشی نەهامەتی و بێ بـەختی هاتـەوە، ئـەویش ئـەو کاتـە بـوو کـە دەسـتێوەردانە

دووبارەکەی سوپای تـرك حکومـەتێکی سـەربازیی لـە ترکیـادا هێنایەوە سەر کار.

دوابەدوای ئـەو کودەتـا سـەربازییە، حزبـی کرێکـارانی ترکیـا و ناوەنـدی رۆشـنبیری شۆڕشـگێڕیی رۆژەڵات داخـران و رێبـەر و سـەرکردە و ئەندامـەکانیان گـیران و حکومـەتی سـەربازیی تـرك قۆناغێکی نـوێی دەسـتپێکرد بـۆ هێـرش بردنـە سـەر گونـدە کـورد نشـینەکان کـە لـە ئاکامـدا چـەندین گونـد وێـران کـران و دانیشتووەکانیان دەرکران  و دوور خرانەوە.

ئەو هێرش و دەسدرێژیانەی سوپای تـرك بـۆ سـەر گونـد و ناوچـە کوردنشـینەکان هـەتاکوو هەڵبژاردنـەکانی پارلـەمان لـە کـانونی دووەمی ساڵی 1974و بە دەسەڵات گەیشتنی(بلێندئەجەویت) هـەر درێژەیان هـەبوو! بـەڵام لـەوەودوا دیسـانەوە کوردەکـان توانییـان خۆیـان سـەر لـە نـوێ رێـك بخەنـەوە. بووژانـدەوەی بزووتنـەوەی کوردی ترکیا لەم سەردەمەدا بنەمایەکی بەربڵاوی کۆمەڵایـەتیی لـە پشتەوە بوو، بزووتنەوەی ئـەمجارە لـەوەی سـاڵی 1960ڕادیکـاڵ تربوو. هۆکاری زۆر هەنە بـۆ ڕادیکـاڵتر کردنـی حزبـە کوردییـەکانی ترکیـا لـە حەفتاکانـدا و گرینگترینیشـیان هـەمان پـەرە سـەندنی بەشارستانی بوونی ناوچە کوردنشینەکان بوو کە ئـەویش خـۆی لـە خۆیدا ئەنجامی ئـەو هـەموو کـۆچ پێکردنـە کۆمـەڵ کۆمـەڵ و زۆرە

ملێیــەی گونـد نشـینە کوردەکـان بـوو بـەرەو شـارەکانی نـاوەوەی ترکیا.

هۆکـارێکی دیکـەیش، ناکـارایی ئـابووریی پـواوی ترکیـا بـوو بـۆ ڕاکێشان و هاندانی کوردەکان بۆ نـاو شـەقامی سـەرەکیی ژیـان لـە ترکیادا.

کوردە کۆچپێنراوەکان لە فەرق و جیاوازی و نابەرابـەری لـە نێـوان ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ترکیادا شارەزا ببـوون کـە زۆرتـر لـە بـواری سـتانداردەکانی ژیـان و گەشـەی ئـابووری و دەرفەتــەکانی خوێنــدن و ڕاهێنــان و ئیمکانیــاتی تەندروســتی و پێداویســتیە سەرەکیەکانی ژیانی ئاساییدا خۆی دەنواند.

هەرچەند لەم سەردەمەشدا کشت و کاڵ هـەر وەك سەرچـاوەی هەرە گرینگی داهاتی ناوچەکە دەوری هەبوو، بـەڵام کوردەکـان لـە گرینگیی ناوچەکانیان بۆ ترکیا وەك تاقە سەرچاوەی نەوتی، بەئاگا هاتنــەوەوبۆیان دەر کــەوت کــە ناوچــەی ڕۆژهەڵات، خــۆی هــیچ قازانجێکی لە بەرهەمهێنانی ئەو نەوتەدا دەست نەدەکـەوت چـونکە زۆربــەی زۆری ئــەو داهاتــە بــۆ گەشــەپێدان و ئاوەدانکردنــەوەی ناوچەکانی تری ترکیـا بـەکار دەبـرا. سـاڵی1971داهـاتی فرۆشـی نــەوت لـە2/5ملیـۆن دۆلار تێدەپــەڕی و سـاڵی دواتـر ئـەم ڕێژەیـە گەیشــتە دە ملیــۆن دۆلار کەچــی تــەنیا5٪ی ئــەو قازانجــە بــۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردنشـینەکان تـەرخان کـرا! هۆکـارێکی

تری ڕادیکاڵتر بوونی بزووتنەوەی کورد زیاد بوونی ڕێژەی قوتابی و خوێندکار بوو. ئەم دەستەیەش لە بەرامبەری ئەو هەموو فەرق و جیاوازی و نابەرابەرییە یاسایی و کۆمەڵایەتیەی دژی کوردەکان هەبوو، حەساس تر و ڕادیکاڵتر بوون.

خوێندکارانی دەستە چەپی لە دەزگا پەروەردەییەکانی ترکیادا زۆرتر بوون و لاوە کۆچێنراوە کوردەکانیش بوونە سەرچاوەیەك بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری سەبارەت بە دوا کەوتوویی و چەوسانەوە و پێشێلکاری و شۆڕشی تەبەقەیی لە دەرەوەی ئەنجومەن و کۆڕە ڕۆشنبیریەکان و لەناو ڕەمەکیی خەڵکدا، مامۆستایانی خوێندنگە و قوتابیان و خوێندکاران کاتێ لە شارەکانەوە گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان، لە گەڵ خۆیاندا بیر و بڕوای سیاسییان بردەوە و بە شێوەیەکی سادە و ساکار و خۆماڵییانە لە ناو خەڵکی گونددا بڵاویان کردەوە و هەوڵیان دا ریزی جوتیاران یەك بخەنەوە. لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا، حەفتاکان بزووتنەوەی کوردیی تووشی مەترسییەکی دیکە کرد کە ئەویش گۆڕانکاری لە یاسای سزا و یاسای بنەڕەتیی ترکیادا بوو کە لە ساڵی 1971دا هاتە گۆڕێ و بەو پێیەش راوەدوو نان و دەسگیر کردنی ئەوانەی کە لە بزووتنەوەی کوردیدا چالاکییان نواندبوو، بۆ سوپای ترك ئاسانتردەکرا. بەم حاڵەشەوە تا کاتی هاتنەوە سەرکاری حکومەتێکی دیکەی سەربازی لە ساڵی 1979و لە ناوچە کورد

نشینەکاندا، دیکەی حکومەتە تێکەڵاو و هاو پەیمانەکانی پێشوو کە لــە درێــژەی حەفتاکانــدا حــوکمی ترکیایــان دەکــرد لــە سیاســەتی سەرکوت و قەڵاچۆی کورد شکستیان هێنـابوو. هەسـتی نـامۆیی و جیـاوازی و نائومێـد بـوونی جـەماوەر لـە نوخبـەکانی دەسـەڵات، هۆکــارێکی دیکــەی گەشەســەندنی هەســتی چــەپگەرایی بــوو لــە بزووتنەوەی کوردەکانی ترکیادا. بۆ وێنە بڵند ئەجـەویت، پـێش لـە هەڵبژاردنی بۆ پۆستی سەرەك وەزیران لە ساڵی 1974دا بـەڵێنی بــە کوردەکــان دا کــە ئەگــەر حزبەکــەی وی واتــە(r,p,p) لــە هەڵبژاردنەکانـدا سـەربکەوێت، سـەرنجێکی زۆرتـر و وردتـر دەداتـە هۆکارەکانی دواکەوتوویی ناوچە کوردنشینەکان، بەڵام دواتـر کـاتێ کوردەکـــان و بەتایبـــەت لایـــەنگرەکانی ئەجـــەویت مەســـەلەی خودموختـاریی کوردسـتانیان هێنایـە گـۆڕێ، ئەجـەویت هـەر وەك ئەوانی پێش خـۆی زۆر بەتونـدی گـرژی و دژکـردەوەی پیشـان دا. کـــاتێکیش دەســـتە چـــەپیەکانی کـــورد باســـی دواکـــەوتوویی کوردسـتانیان کـرد و سـەبارەت بـە سیاسـەتی یەکسـان سـازیی زۆرەملی و ستەم و چەوساندنەوەی کـورد داوای کۆتـایی پێهێنـانی سیاسەتی کەمالیستییان کرد، پێوەندیی نێوانیان لە گـەڵ دەسـتە چەپییەکانی ترکدا تێکچوو! ! بەلای دەستە چەپیە کوردەکانەوە، ئامانجەکانی بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتی و نەتەوایـەتیی کـورد هـیچ ناتەبایــیەکیان لــە نێوانــدا نــەبوو و دەبوایــە هاوکــات و پێکــەوە

درێـژەیان پــێ بـدرابا، بـەڵام چـەپگەرایانی تـرك ئـەو داکۆکییــەی کوردەکانیـان بـۆ دۆزینــەوەی ناسـنامەی نەتــەوەیی بـە هــەنگاوێك دادەنا بۆ ئامانجێکی پێچەوانە و لێك جیابوونەوە کە زیانی بۆ بـەقا و مانەوەی چەپی سیاسی تێدایە! ئەوان لە سەر ئـەوە پێـداگرییان دەکرد کە دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی دەبێ لە چوار چێوەی رێبەرایەتیی پرۆلیتاریای سۆشیالیسـتی ترکیـدا هــەوڵی بـۆ بـدرێت. هەر ئەم ناکۆکییەش بووە هۆی لێك پچڕانی هەردوو باڵی ئەو حزبەو کوردە چەپگەراکان هەوڵیان دا حزبێکی سیاسیی نـوێ دامـەزرێنن. ســاڵی 1979کۆمەڵــەی ((ئــەزگورلوك یولــو)) کــە لــە نــاخی ئەنجومەنی(DDKO)یـەوە هـەڵ قوڵابـوو، هێـز و گـوڕ و تینێکـی بەرچــاوی گــرت و بــەربڵاوتر کــرا و ســەرەنجام بــوو بــە حزبــی سۆشیالیستی کوردستانی ترکیا(s,p,k,t). ئەم حزبە سەبارەت بە ئاسۆی پێکەوە ژیانی کورد و ترك هیچ خۆشبینیەکی نـەبوو و هــەر واش پێشبینیی کردبوو کە شۆڕش و سەرهەڵدانی سۆشیالیستی لـە ترکیـادا دەبـێ بـەدوو قۆناغـدا تێپــەڕ بکـات: (( تاقـە رێگەچـارەی کێشــەی کوردســتان لــە بــەر ئــەوەی کــە هێشــتا ســەربەخۆیی نەتەوەیی وە دەست نەهێناوە و لـە حـاڵی بەربـەرەکانێ لـە گـەڵ ـ فیۆدالیزم ـ دایە، هەر تەنیا شۆڕش و سەر هەڵدانێکی دیموکراسیی نەتەوەییە. ئەم سەرهەڵدانە دەخوازێت کـە زنجـیری چەوسـاندنەوە لە ـ پێ ـ ی جەماوەردا داڕنێت و دەسەڵاتی داسەپیوی دەرەکی لە

نێو بەرێت و گەلی کورد رزگار بکات. حزبی ئێمە بە جوانی دەزانێت کە هەر تەنیا سۆشیالیسم دەتوانێ کۆتایی بە چەوسانەوە و دواکەوتوویی بهێنێت. بەم پێیەش شۆڕشی دیموکراسیی نەتەوەیی پێویستە بە هۆی شۆڕشی سۆشیالیستییەوە بگاتە ئەنجام.

## دیسانەوەش کوودەتا

کوودەتای سەربازیی ساڵی 1980ی ترکیا بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سیاسیی وڵات وداخستنی حزب و کۆمەڵە و رێکخراوەکان و گرتن و زیندان کردن و کوشتنی کۆمەڵێك لە ئەندامەکانی حزبی سۆشیالیستی کوردستان.

قەتڵ و تیرۆری رێبەرانیحزب زۆرتر لە(سوید)دا ڕوی دەدا، واتە لەو شوێنەدا کە(کەمال بورکای) سکرتێری گشتیی حزب نیشتەجێ ببو! گروپێکی تری چەپگەرا لە ساڵی1976دا دامەزرا و بە هۆی ناونیشانی رۆژنامەکەیەوە، حزبەکەش ناوبانگی بە(( رزگاری)) دەرکرد.

سەرکردەکانی حزبی رزگاری بە پێچەوانەی (ئوزگورلوك یولو) پێوەندیی نێوان کوردەکان و حکومەتی ترکیایان بەچاك نەدەزانی تەنانەت ئەگەر کەسێکی میانەڕۆی وەك (بلێندئەجەویت)یش سەرۆکایەتیی بکات، هەر بۆیەش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1977دا هیچ لایەنگرییەکیان لە ئەجەویت و حزبەکەی(r,p,p) نەکرد، ئەوان

بڕوایان وا بوو کە کوردەکان لە ترکیادا نەتەوەیەکی چەوساوەن و پێویستە لە جێی ئەوەی خۆیان بکەنە کەرستەیەك بۆ پاراستنی دەزگای سیاسیی ترکی چەوسێنەر، لە بیری چارە سەری کێشە و گیر و گرفتەکانی خۆیاندا بن. حزبی رزگاری لای وابوو کە هەر تەنیا شۆڕشێکی سۆشیالیستی کە لە سەر دەستی پرۆلیتاریای کورد رێبەرایەتی بکرێت دەتوانێت مافەکانی گەلی کورد لە ترکیادا بپارێزێت و دابینیان بکات. نەبوونی یەکیەتییەك لە مەڕ کێشە ئایدیۆلۆژییەکان و بەرنامە و پلانە ستراتیژیەکان بووە هۆی بەدیهاتنی درز و دوو بەرەکییەك لە حزبی رزگاریدا. بەشە بچووکەکەی ئەو حزبە بە ناونیشانی(ئالای رزگاری) خوازیاری روانگەیەکی ئایدیۆلۆژیی نەرمتر بوو کە لە گەڵ راستیەکان و واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا یەك بگرێتەوە و دەیگوت: ئاڵ و گۆڕ لە ئایدیۆلۆژیای مارکسیست دا بۆ نزیك بوونەوە لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی زۆرپێویستە. هەر وەها ئەم حزبە ڕەخنەی توندی لە یەکیەتی سۆڤیەت و سیاسەتەکانی لە مەڕ کوردەکان دەگرت! روانگەی دژە سۆڤیەت بوو بە خاڵێکی بنەڕەتی لە بزووتنەوەی گروپێکی مائۆئیستی کورد کە لە ساڵی1976دا دامەزرا. ئەم گروپە، ناونیشانی ((کاوە))ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، ئەویش بە یادی کاوەی ئاسنگەر کە قارەمانێکی ئوستوورەیی گەلی کوردە، کورد بڕوای وایە کاوەی ئاسنگەر لە رۆژی(نەورۆز)دا گەلی کوردی لە

ژێر ستەم و چەوسانەوەی (زوحاك)دا رزگار کردووە، کوردەکان هەموو ساڵێك رۆژی نەورۆز دەکەنە جێژن چونکە نەورۆز رۆژی رزگاریی گەلی کوردە. گروپی کاوە بە درێژایی نیوەی دووەمی حەفتاکان دەستی دایە کۆمەڵێك هەڵمەت و هێرشی قارەمانانە دژی پێگە سەربازییەکانی ترك لە کوردستانی ترکیادا. بەڵام بیر و بڕواکانی ئەم حزبە لای کۆمەڵێك خوێندکار و دانیشتوانی شار نەبێت، لە ناو جەماوەردا گەشەیەکی ئەوتۆی بە خۆوە نەدی. رێبەرانی حزبی کاوە ساڵی 1978بە هۆی ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی (چین) تووشی لێك دابڕان هاتن ودواتریش گیران و خرانە زیندان.

تیرۆری دکتۆر شڤان و ئەلجی راستەوخۆ بووە هۆی لاواز بوونی حزبی دیموکراتی کوردستانی ترکیا بەڵام باڵی جەوان تری ئەم حزبە، ساڵی1977حزبێکی نوێی دامەزراند بە ناونیشانی(( رزگاریی نەتەوەیی کوردستان ـ k,u,kـ)). سکرتاریەتی ئەم حزبە نوێیە لە پارێزگای (ماردین) لە باشووری رۆژهەڵاتیی ترکیا و نزیك سنووری سووریا و عێراق دا بوو. ئەم حزبە پشتیوانیی خۆی لە سەرکردایەتیی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق پاش بووژاندنەوە و رێك خستنەوەی لە سەردەستی ئیدریس و مەسعوود بارزانیدا دەر بڕی. حزبی رزگاری نەتەوەیی کوردستان لە ساڵی 1980دا بەرنامەیەکی داڕشت بۆ تێکەڵاو بوون و هاوپەیمانێتییەك

له گەڵ دیکەی حزب و گرووپە کوردییەکان و بە تایبەتیش لـە گـەڵ حزبی سۆشیالیستی کوردستانی تـرکیـا و خوازیـاری ئـەوە بـوو کـە هـــەر هـــەموویان پێکـــەوە ((بـــەرەی دیمـــوکراتی هاوپـــەیمانی ئایدیۆلۆژیکی)) پێك بهێنن کەچی خودی ئەم حزبـە لـە پێکـدادانێك لــە گــەڵ حزبەچــەپگەرایەکەی تــری کوردســتان واتــە (p,k,k)دا تووشی لاوازی و پرژ و بڵاوی هات!.

سرینەوەی نەتەوەیی،

چەکێکی کۆن لە دەستی کۆماری ـ گەنج ـ دا

پاکسازی و تواندنەوەی رەگـەز و نەتـەوە، کـۆنترین چـەك و سیاســـــەتی هەمیشــــەیی حکومەتــــەکانی (قوســــــتەنتەنیە) و (ئەستەمبوڵ) بووە. کەم کەس هەیە ئاگاداری ئەو هەموو کوشـت و بــڕو لـــە نێــوبردن و ســڕینەوە نەتەوەییــەی لای ئیمپراتۆریــەتی عوسمـانی نـەبێت کـەدژی گەلـە ژێردەسـتەکانی وەکـوو: باڵکـان و ئالبانیـا و بولغارسـتان و یۆنـان و ئەرمەنسـتان و ئاسـووریەکان و عەرەب و لە هەموویش زۆرتر دژی کوردەکان دەکرا.

حکومـەتی عوسمـانی لـە دوا سـاتەکانی تەمـەنی دەسـەڵاتدارێتی خۆیـدا، دەسـتی دایـە گـەورەترین تـاوان لـە بەرامبـەری گەلــە ژێردەستەکانیدا و زۆرتـرین بەشـی ئـەو تاوانـەش دواتـر بەدەسـتی ترکــە گەنجــەکان و(کۆمیتــەی یــەکبوون و پێشــکەوت) دەکــرا.

کۆمیتەیەك کەـ یەکبوون ـ ی تێدا بوو بەڵام پێشکەوت؟ بێگومـان، نا...! دەکرێ نازناوی (ئاشوور)یەکان لـە ترکـە گەنجـەکان بنرێـت چـونکە بـە درێـژایی مێـژووی چـەندین هـەزار سـاڵەی مـرۆڤ، تاقـە پێشینەیەك کـە سـەبارەت بـە سـڕینەوە و تواندنـەوەی ڕەگـەزی و دوور خســتنەوەی بــە کۆمــەڵ شــك ببرێــت هــی ســەردەمی ئاشووریەکانە. ئـەوان بـۆ تـەمێ کردنـی گـەل و هـۆزە سـەرکەش و راپــەڕیوەکان، کۆمــەڵ کۆمــەڵ دەریــان دەکــردن ودووریــان دەخستنەوە. هەرچەند کە ئاشووریەکان پاش دەرکردن، وازیان لـە دوورخراوەکــان دەهێنــا و وەکــوو ترکــە گەنجــەکان دەســتیان نەدەکردە ئازار و ئەشکەنجەیان ودەسدرێژییان نەدەکردنە سەر!.

## هەروەکوو ( سەگ )ەکانی ئەستەمبووڵ

(( ئارنۆڵد توین بی)) لە کتێبی(( کوشـتاری نەتەوەیـەك))دا دەنووسێت: ((ترکە گەنجەکان لەکۆمیتەی یەکبوون و پێشکەوت دا ماوەیەك پـاش هاتنـە سـەرکار تووشـی گرفتێکـی تایبـەتی ببـوون، ئەویش مەسەلەی سەگە بەرەڵاکانی ناوشاری ئەستەمبووڵ بـوو کـە شـارەوانی نەیـدەتوانی چارەسـەری بکـات. بۆیـە ترکەگەنجـەکان گەڵاڵەیـەکیان دارشـت و هـەموو سـەگەکانیان لـە نـاو شـاردا کـۆ کردنـەوە و خسـتنیانە نـاو پاپۆڕێـك و لـە دوورگەیـەکی چـۆڵی لای دەریـای مەڕمــەڕە بــەرەڵایان کــردن تــا لــە برســێتیدا لــە نێــو

بچن...دواتر کۆماری گەنجی ترکیا ئەم ئەزموونە سەرکەوتوانەیەی لە بیر نەکرد و لە بەرامبەری نەتەوەکانی تردا دووبارەیان کردەوە !)) [10]

## بینای کۆمارێکی گەنج

## بە سەر لاشەی نەتەوە دێرینەکانەوە !

مێژووی حکومەتەکانی قوستەنتەنیە و ئەستەمبووڵ پیشانی داوە کە هەرکاتێك سیاسەتی قووت دان و لە ناو خۆدا تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکان سوودی نەبەخشیبێت، حکومەت دەستی داوەتە کوشتار ودەرکردن و دوور خستنەوەی ئەو گەل و نەتەوەیە ! بۆ شایەد و سەلماندنی ئەو قسەیەمان دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر گەلێ نموونە، لەوانەش: بولغارەکان کە سەدان هەزار کەسیان لەکاتی پاشەکشێی عوسمانییەکاندا لێ کوژرا، کوشتاری بەکۆمەڵ و نامرۆڤانەی ئەلبانیایی و سربەکان، قەڵاچۆی عەرەبەکان و ئیعدامی بەکۆمەڵی ڕێبەرە نەتەوەییەکانیان لە بەیروت ودیمەشق لە ساڵی 1916دا، کوشتاری دڕندانەی یۆنانیەکانی شاری ئەزمیر کە هەزاران کەس لە ژن و پیاو و منداڵ فڕێ درانە ناو دەریا و مستەفا کەمالی ئەتاترك خۆی لە سەربەرزاییەکەوە سەیری سووتانی

---

[10] ئارنۆڵدتووین بی،کوشتاری نەتەوەیەك،و.بۆفارسی:محەمەدفازل مەلیك،ئیسفەهان1374.

شـــارەکەی دەکــرد، قەڵاچــۆی ئاســووریەکان و دەرکردنیـــان و کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنیەکان!

## تاراندنی نەتەوەیەك

ترکـە گەنجـەکان کەوتنــە شـوێنی ئـەو سیاسـەتەی سـوڵتان عەبدولحەمیـد کـە گوتبـووی: (( رێگـەی رزگـاربوون لـە کێشـەی ئەرمەنیەکان هەمان خۆ رزگـار کردنـە لـە خـودی ئەرمەنیـەکان)) و دەستیان دایە دەر کردن و تاراندنی هەموو ئەرمەنیەکان بە کۆمـەڵ کە لەو زەمانەدا 8٪ی هەموو جەماوەری ترکیا دەبـوون. ترکیـا لـە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە لایەنگری و پشتگری کردن لـە ئـەڵمانیا لــە شــەڕدا بەشــداریی کــرد! ئــەوەش بــووە هــۆی ئــەوەی کــە ئەوروپییـەکان ئـەو تۆزقاڵـە دەسـەڵاتی چاودێرییەش کـە لـە سـەر ترکیـا هـەیانبوو، لەدەسـتی بـدەن و لـەو لاشـەوە ئـەڵمانیا و هـاو پەیمانەکانی دیکەی ترکیا بە تەواوەتی پشتگرییان لێـدەکرد و بـەم چەشنە حکومەتی((تەلعەت)) باشترین و لەبار ترین هەلی بۆ ڕەخسا بـۆ بنبڕکردنـی کێشـەی ئەرمەنیـەکان و بـەپێی پیلانێکـی داڕێـژراو هەزاران خێزانی ناچار کرد لە رۆژهەڵات و باشـوور و ڕۆژاوای ترکیـادا مـاڵ و زێـد و سـامانیان بـەجێ بهـێڵن و کـۆچ بکـەن، بـەم کـارەش تـاوانێکی هـەرە گـەورەی دژی مرۆڤایـەتی ڕووی دا: ((بـە درێـژایی دەمەو بەیان، کۆمەڵ کۆمەڵ ژن و منداڵ لە شار وە دەر دەنران لە

حاڵێكدا زۆربەیان بە بێ جل و بەرگ بوون و لە خەو ڕا چەنیبوون و ڕاو نرابوون[1])) بڕیار درابوو ئەرمەنیەكان ببرێنە بیابانـەكانی دەور و بەری حەلەب (شام) یا گۆشەیەك لە بەین نەهرەین(عێـراق) و لـەوێ بـەرەڵا بكـرێن، ((زۆر كەسـیان لـە نیـوەی ڕێـدا لـە بـەر سـەرما و برسێتی مردن و زۆر دایكـیش بـەو پـەڕی هیلاكـی و برسـێتی و بـێ بڕسـتی و نەخۆشـیەوە كۆرپـەكانی خۆیـان لـە نیـوەی ڕێـدا جێدەهێشـت! حكومـەت ئەوەشـی ڕاگەیانـد كـە سـەربازەكان سەربەستن لەوەدا كە چی بكەن لە گەڵ ژن و كچەكاندا...چـوونكە ئەوان بەرەو جێیەك دەڕۆن كـە لـە مـردن خـراپترە[2]))! حكومـەتی توركیا بیری لە هەموو شتێك كردبویـەوە و پـڕی چـوار شـەمەندەفەر منـداڵی بـەجێماو و هـەتیو كـەوتووی ئەرمـەنییان لـە ئەنەدۆڵـەوە بەڕێخستن بۆدابەش كردن لە ناو خێزانە توركەكاندا ودواتریش توركـی كۆچەریان هێنان و لە سەر ماڵ و سامانی ئەرمەنیـە دەركراوەكانـدا نیشتەجێیان كردن.

لەم بنبڕ كردنە نەژادیەدا زۆرتر لـە ملیۆنێـك ژن و پیـاو و منـداڵی ئەرمەنی لە نێو چوون و ئەوانەش كە بە هەزار كوڵە مەرگی زینـدوو مانەوە، پەڕیوە و ئاوارەی ئەملا و لابوون بە بێ ئەوەی هیچ كام لە حكومەتـە خـاوەن شارسـتانیەتەكانی ئـەورووپا} !!!{ كـەمترین

---

[1] ئارنۆڵد تۆیین بی، پێشوو.

[2] هەمان.

ناڕەزامەنـدیش لـە بەرامبـەر ئـەو دڕندایەتیـەی ترکیـادا دەربـبڕن !
چوونکە لەو سەردەمەدا ئەوان لە گـەڵ رووسـیا لـە شـەڕدا بـوون و دەیانویست دڵی حکومەتی گـەنجی ترکیـا بـەجیٚ بهێـنن! بـە پێـی ڕاپۆرتە متمانە پێکراوەکان حکوومەتی ئەڵمانیای هاوپـەیمانی ترکیا نـەك هـەر زاری خـۆی بەسـت و تەنانـەت نـەك هـەر بـیٚ لایـەنیش نەمایەوە، بەڵکوو هاریکارییەکی بەرچاویشی هەبوو لە گەڵ ترکیـادا بـۆ قەلاچـۆی ئەرمەنیـەکان. دواتـریش هـەر هـەمان ئـەڵمانیا بـۆ سەرکوت کردنی سەرەتاکانی شۆڕشی کورد لە ترکیادا هەر لـە پـاڵ حکوومەتی ئەستەمبووڵدا مایەوە و یاریدەی دا !.

## گەرمەی شەڕی جیهانی،
## ئاوێکی لێڵ بۆ ماسی گرە ترکەکان

کۆمیتەی یـەکبوون و پێشـکەوت کـە بەواتـەی (لـۆردبرایس)ی نوێنـەری ئەنجومـەنی پیرانـی بـەریتانیا(( مشـتێك پیـاوکوژی بـیٚ ئابڕوو)) بوون و هیچیٚتر، بـەر لـەوەی کـە ناچـاربکرێت بـۆ ئاشـکرا کردنی سرشت و ناخی خۆی و بەر لەوەی سیاسـەتی پـان تـورانیی خۆیـان بخەنــە جێــی سیاســەتە داگیرکارانــە ئیســلامییەکانی حکوومــەتی عوسمــانلی، ســەرەتا لــە بەرامبــەر دیکــەی هــۆز و نەتەوەکاندا سیاسـەتی دوولایەنـەی((شـەق و شـیرینی)) یـان گرتـە بەر، ئەوان ئەو هۆز و نەتەوانەیان پاکتاو کـردن و لـە نێویـان بـردن

کــه لــه نــاو خۆیانــدا پێیــان نەدەتوێنرانــەوە، وەك: ئەرمــەنی و یۆنانیـــەکانی رۆژاوا، ئاســـووریەکانی رۆژهەڵات و هەنـــدێ هـــۆز و نەتەوەشیان بەرەلا کردن وەك عەرەبەکان و جەماوەری باڵکان.

هــەر وەهــا ئــەو هۆزانــەش کــە تێکــەڵ کــردن و لــە نــاو خــۆدا تواندنەیان لە بەر چــەند هۆکــارێکی وەکــوو هاوسـێیەتیکۆن و هــاو ئایینی و هەرواش بێبەش بوون لە پشتگریی حکوومەتەکانی جیهان بۆ ترکەکان ئاسانتر بوو، بە هۆی چەند بەڵێنێکی سەر زارەکی وەك ((یــەکبوونی ئــایینی)) و((برایــی و تــەبایی)) و((ولاتێکیمــەزن بــۆ هــەموو موســڵمانان)) و...فریــو دران! ئــەم دەســتەی دووەمــەیان کوردەکانیشی دەگرتەوە. لـە گەرمـەی شـەڕی یەکـەمی جیهانیـدا، دەســەلاتدارانی ئــەو کــاتی ترکیــا دەســتیان دایــە هەنــدێ کــار و بەرنامەوە کە لە کاتی ئاشتی و ئاسایشـدا پێیـان نـەدەکرا، یـەکێك لەو کارانەش هەمان پاکتاو کردن و سڕینەوەی نەژادیی ئـەو هۆزانـە بــوو کــە لــە نــاو ترکــدا نەدەتوانــەوە و هــەر لــەو سەرەتایەشــەوە تارادەیەك ئەو سیاسەتەیان لە بەرامبەر کوردەکانیشدا بـەڕێوە بـرد بەلام هیچ کارایی و سەرکەوتنێکی وە دەست نەهێنا. هەر لە هەمان بواردا بوو کە کۆمیتــەی یــەکبوون و پێشــکەوت( محەمــەد رەشــادی پێنجەم)ی ناچار کرد بـەوەی فرمانێـك دەر بکـات لـە سـەر ئـەوەی کە((هەموو کوردەکان لە سەر زەوی و خانووی خۆیان بگوازرێنــەوە بۆ ناوچە ترك نشینەکان و لە نێوان ترکەکانـدا دابـەش بکـرێن، بـە

شێوەیەك كە لە هیچ شارێكدا پێكەوە كۆ نەبنەوە و ڕێژەیان نەگاتە پێنج لە سەدی جەماوەر، سەرەڕای ئەوەش دەبێ سەركردە و سەرۆكە قسە ڕۆیشتووەكانیان دوور لە جەماوەر و لە ژێر چاودێری هەمیشەییدا بمێننەوە و دار ودەستەی پیاوەكانی ئێڵ و خێڵ و هۆزەكانیش لە گوندە دووركەوتوەكاندا بهێڵرێنەوە بۆ ئەوەی هیچ پێوەندییەكیان لە گەڵ سەركردەكانیاندا نەبێت و بەتەواوەتی لێك دابڕێن))! دەسەڵاتدارانی ترك دەیانویست جەماوەری كوردی ئەنەدۆڵ لە ناو تركەكاندا دابەش بكەن تا لە ماوەیەكی كورت دا زمان و هەستی نەتەوایەتی و مێژوو و كەلەپووری كوردی بسڕدرێتەوە و بە تەواوەتی بتوێتەوە. بۆیەش لەو سەرما سەختەی ئەنەدۆڵدا هەزاران بنەماڵەی كوردیان ئاوارە كردن و بەرەو ڕۆژاوای تركیا دووریان خستنەوە، بە شێوەیەك كە ڕێژەی ئەو كوردانەی لە ماڵ و زێدی خۆیان دەركران ودوورخرانەوە بۆ ناوچەترك نشینەكان گەیشتە حەوت سەد هەزار كەس.

## نۆبەی كوردەكانیش دەگات !!

تركەكان ، كە وایان دەزانی لە پاڵی ئەڵمانیادا سەردەكەون، لە گەڵ كۆتایی هاتنی شەڕی یەكەمی جیهانی شكستێكی سەر شۆڕانەیان پێ بڕا و بەشە جیاجیاكانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابەش كران و هەر بەشێك كەوتە ژێر دەسەڵاتی حكومەتێكی

ترەوە. پاش ئەوەش بە کت و پڕی هاواری ناڕەزایی دەربڕین دژی حکوومەتی ئەستەمبوولّ سەبارەت بە قەلاّچۆی کورد و ئەرمەنیەکان بەرز بوویەوە و (جۆرج کلیمانسۆ)ی سەرپەرشتی کونگرەی ئاشتی لە پاریسدا گوتی: ((ترکەکان بەو کار و کردەوە چەوتانەی خۆیان بە تەواوەتی سەلماندیان کە لیاقەت و توانای بەڕێوە بردنی گەل و هۆزە بندەستەکانیان نییە و ئەگەر وەزع هەر ئاوەها بڕوات پێویستە نەهێلّین هیچ نەتەوەیەك لە ژێر دەسەلاّتی ترکەکاندا بمێنێتەوە)) لەم بوارەدا کوردەکانیش دەستیان دایە چالاکی و هەلّس و کەوتی سیاسی و رۆشنبیری بۆ ئەوەی بتوانن مافە پێشێل و زەوت کراوەکانی خۆیان وە دەست بهێننەوە. ئەم چالاکی نواندنە و هەرواش دەنگی بەرزی ناڕەزایەتی پەرە گرتووی جیهان لە مەڕ جوولاّنەوەی ترکەکان لە گەلّ هۆزە بندەستەکانیان و بەتایبەت کورد و ئەرمەنی بووە هۆی نیگەرانی ودلّە ڕاوکێی حکوومەتی ئەو کاتەی ترکیا و دەسەلاّتدارانی ترك هەر وەکوو جاران رێگای فرت و فێلّیان گرتەبەر و هاشە و هووشەی ئیسلام خوازی و برایەتی و تەبایی کورد و ترکیان دەست پێکردەوە و تەنانەت کومیسیۆنێکیان دامەزراند کە لە کێشەی کورد وچۆنیەتی ئیدارەی کوردستان لە چوار چێوەی قەلّەمڕەوی ترکیادا بکۆلّێتەوە. دەست کەوتە گرینگەکانی ئەوکمیسیۆنە بریتی بوون لە:

1 _ له چوار چێوەی قەڵەمڕەوی عوسمانیدا ئازادی بدرێتە کورد
2 _ هەموو هەنگاوە پێویستەکان بۆ ئەنجام دانی ئەو بەرنامەیە به زووترین کات بهاوێژرێن. بەڵام کاتێ کە هەل ومەرج تۆزقاڵێك بە قازانج و بەرژەوەندیی ترکەکان گۆڕا و گوشارە نێو دەوڵەتیەکان تا ڕادەیەك سووکتر بوونەوە، حکوومەتی ترك پشتی لە هەموو بەڵێنەکانی خۆی کرد وله بیری بردنەوە بۆیەش کوردەکان کە لە حکوومەتی ترك نائومێد ببوون، ڕوویان له وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕ واتە ئەندامانی کمیسیۆنی ئاشتی کرد و هەر لەو پێوەندیەشدا بوو کە جەنەراڵ شەریف پاشا خۆی وەك نوێنەری گەلی کورد ناساند و بە سەرۆکایەتیی دەستەی کوردەکان لە کونگرەی ئاشتیی پاریسدا دانرا. جەنەراڵ شەریف پاشا بە زانایی و هۆشمەندییەوە هەنگاوی گرینگی لە ڕێگای دابین کردنی مافی کوردەکان هاویشت و دەسکەوتێکی بەرچاوی هەبوو کە گرینگترینیان بریتی بوو لە:
1 _ ئیمزا کردنی پەیمانێکی هاوبەش لەگەڵ(بوغوزنوبار)ی نوێنەری ئەرمەنیەکان لە پاریس و چارە سەرکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان کورد و ئەرمەنی
2 _ دانانی چەند خاڵێك لە مەڕ کوردستان لە ناو پەیماننامەی سیڤەردا.

دوا بە دوای ئەم ئاڵ و گۆڕە، ترکەکان شێوەی قسە وکردەوەی خۆیان سەر لە نوێ گوڕییەوە! مستافا کەمالی ئەتا ترك ڕۆیشتە

کوردســـتان و لـــە قســـەکانیدا گـــوتی: (( مـــن رزگاریـــدەری کوردستانم...من پارێزەری وڵاتی ئیسلامیم کە بـە هـۆی مەسـیحیە بێدینەکانەوە گلاو کراوە!...)) وداوای لە کوردەکـان کـرد کـە بـۆ دەرکردنی هێرش بەرە بێگانەکان لە وڵاتی ئیسلامییاندا یەك بگرن! مستەفا کەمال نیەت و نیازە چەپەڵ ودژەکوردییەکانی خۆی لە ژێر سەرپۆشی چەند دروشمێکی ئیسلامیدا شاردبۆوە و بە نیاز بـوو بـۆ چەندەمین جار بە فرت و فێڵ کوردەکان چەواشە بکـات و فریویـان بداتەوە.

بەڵام ئەمجارەیان ڕۆشبیران و شۆڕشگێڕانی کورد هەڵ نەخەڵـەتان و بـــەگوڕتر داوای دابـــین کردنـــی مافـــە زەوت کراوەکانیـــان کـــرد. سەرەنجام لە ساڵی 1920دا، پەیمان نامەی سیڤەر لە نێوان وڵاتە سـەرکەوتووەکان و دەربـاری عوسمانیـدا مـۆر کـرا کـە سـێ خـاڵی (62و63و64)لـە بەشـی سـێیەمی پەیمانەکـەدا تایبـەت درابـوون بەکێشەی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمـانی. بـەپێی ئـەو چـەند خاڵە، دەبوایە ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی عوسمـانی کـە زۆرتـرین کوردیان تێـدا نیشـتەجێیە دیـاری بکـرێن و ئەگـەر لـە مـاوەی یـەك ساڵیشدا کوردەکان داوای جیا بوونەوەیان لە ترکیاکرد، حکوومەتی ترکیـا لـە وڵامـی ئەوداخوازیـەدا دەسـت لـە دەسـەڵاتی خـۆی لـە کوردستاندا هەڵ بگرێت. بـەم چەشـنە هـەل و مـەرجێکی لـەبار بـۆ سەربەخۆیی کوردستان هاتبوویە گۆڕێ. مستەفاکەمال کە لـە یـەك

کاتــدا دەیویســت هــەم بێگانــەکان لــە ترکیــادا دەربکــات و هــەم حکوومەتی عوسمانیش بڕوخێنیێ، کـاتێ دیتـی دەربـاری عوسمـانی پــەیمانی ســیڤەری ئیمــزا کــردووە و رازی بــووە بــە ســەربەخۆیی کوردستان، گەرچی لـە ناخـەوەدژی پەیمانەکـە بـوو بـەڵام لـە بـەر ئەوەی کە لە یەك ئـان و کاتـدا توانـای بەگـژا چـوونی بـابی عـالی و کوردیشی نەبوو، پێشنیاری بە هاو بیرەکانی کرد کە کێشەی کـورد دوا بخرێــت بــۆدوای رزگــارکردنی ئەنــەدۆڵ لــە دەســتی هێــزە هاوپەیمانەکان، چوونکە بـەجوانی دەیزانـی کـە بـە بـێ هاوکـاری و یارمەتیی کوردەکان هەرگیز ناتوانێت سـەر بکـەوێ بـە سـەر هێـزە دەرەکیەکانـدا. هـەر بۆیـە بـەڵێنی ئـەوەی دا کـە ترکیـا پـاش دەر کردنی هێزەکانی بێگانە، بە ئاشـکرا و بـە تـەواوەتی دان بـە مـافی کـورد و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا دەنێـت و تەنانـەت مـافی زۆرتـر لەوەی کە لە پەیمانی سیڤەردا گونجاوە، دەدرێتـە کوردەکـان! لـە هــەمان کاتــدا بــڵاو کراوەکــانیش دەســتیان کــردە بانگەشــە و پــڕو پاگەندەیەکی زۆر کە گوایە ئیسلام و موسـڵمانان لـە مەترسـیدان و ئەگــەر کــورد و تــرك یــەك نــەگرن، زیــانێکی گــەورە لــە ئیســلام دەکەوێت! ئەوان قسـە ودروشـمی ڕەنگـاوڕەنگ و چەواشـەکارانەی زۆریان لە سەر ئایین پەروەری و جـوامێری و کەرامـەتی کـورد بـڵاو کردەوە و زۆریش لە کوردەکان پاڕانەوە و داوایان لێ کـردن کـە بـرا ترکەکانیان} ؟! {بە تەنیا جێ نەهێڵن!!.

**ئەتاترك،**

**جل و بەرگی کوردی لە بەر دەکات!**

مستەفا کەمال هێشتاش هەر نیاز و نیەتە دژە کوردیەکانی خۆی دەشاردنەوە، تەنانەت ئەویش و ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەییش لە ئەنکەرەدا بەخۆشحاڵی و چەپڵە لێدانێکەوە پێشوازییان لە قسەکانی(حسێن بەگ)ی نوێنەری ئەرزەڕووم کرد کەدەیگوت: ((مافی قسەکردن لەم تریبۆنەدا هەر تەنیا بۆ دوو نەتەوەی کورد و ترکە))، یان ئەوەی کە(فەتحی بەگ)ی سەرپەرشتی لێژنەی ترك لەو کونگرەیەدا کە بۆ چارەسەری کێشەی مووسڵ گیرابوو، دەیگوت: ((ئەم وڵاتە تەنیا هی دوو نەتەوەی کورد و ترکە))! مستەفا کەمال ساڵی1917، کاتێ کە لە سیلوان ودیاربەکردا بوو، جل و بەرگی کوردیی لە بەر دەکرد و خۆی لە کوردەکان نزیك دەکردەوە و تەنانەت حەز و ئاوات و شانازیی خۆی دەر دەبڕی کە ببێتە زاوای کورد! ئەو هاتبوویە کوردستان بۆ ئەوەی لەو هەل و مەرجە ناسکەدا ببێتە هاو پەیمانی کوردەکان و داوای یارمەتییان لێ بکات.

بەڵگە و شایەدی زۆر هەن لە سەر ئەوەی کە مستەفا کمال بۆ گەیشتن بە نیازە }چەپەڵە{کانی، دەستی سەرۆك عەشیرەکوردەکانی ماچ دەکرد! هەر چەند و شیاریی رۆشنبیرانی کورد و ناوەرۆکی پەیمانی سیڤەریش دەبوونە کۆسپێکی گەورە لە

ڕێـی سیاسـەتە پـان ترکییـەکانی ئەتاترکـدا، بـەڵام لـە لایەکـەوە پڕوپاگەنـدەی بـەر بـڵاوی ڕاگەیەنـەرە جەماوەرییـەکانی تـرک دەربارەی هاو ئاینی و برایی و تەبایی کورد و تـرك و، ئـەوەی کـە پێویستە لە بەرامبەری بێگانەدا یـەك بگـرن، بـوو بـە هـۆی ئـەوەی زۆربەی ڕەمەکیی کـورد بـەدڵ سـافییەوە فریـو بخـۆن و هاریکـاری هێزەکانی ترك بکەن کە بەم چەشنەش گـۆڕێکی قـووڵ و تاریکیـان بۆخۆیان و ئامانجەکانی گەلی کورد هەڵکەند ئەویش هـەر بەدەسـتی خۆیان، لە لایەکی تریشەوە، حکوومەتە ئەورووپییـەکان هـەر داوای هێمنی و لە سەر خۆییان لـە کـورد دەکـرد و پـەیتا پـەیتا دڵنیایـان دەکردنـەوە کـە لـە لایـەن کۆمەڵـەی نێـو نەتەوەییـەوە دان بـە مافەکانیانـدا دەنرێـت و هـەر لـەم پێوەندییەشـدا جەنـەراڵ (یـاك ئەندۆ)ی فرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە کوردستاندا بەیانێکی بـە زمانی کوردی بڵاو کردەوە کە تیایدا هاتبوو: (( لە بـەر ئـەوەی کـە دەربارەی چارە نووسی خـاکی عوسمـانی کـە زۆربـەی دانیشـتوانی کورد و لە ڕەگەزی کوردن، لە کونگرەی ئاشتیدا سەبارەت بە دابین کردنی مافی ڕەوای کورد بڕیارێك دەردەچێت، پێویستە کوردەکـان هێمن و لە سـەرخۆ بـن و سـەبارەت بـە داد پـەروەریی بـەریتانیاش دڵنیا بن کە مافی کورد دەپارێزێت))! هێزە ئەورووپییەکان داوایـان لە کوردەکان دەکرد کە تـا کۆتـایی کـونگرەی ئاشـتی بێـدەنگ بـن وداکۆکیشـیان دەکـردە سـەر ئـەوەی کـە ئەگـەر حکوومـەتی تـرك

ناوەرۆکی پەیمانی سیڤەر بەڕێوە نەبات، ترکیا لەدەسەڵاتداریێتی بە سەر ئەستەمبوولدا بەری دەکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی ڕاستەقینەی کورد هیچ کات فریوی ئەو هەموو فڕ و فیشاڵەیان نەخوارد و بە خۆڕاگری و پێداگرییەکی زۆرەوە خوازیاری سەندنەوە و دابین کردنی هەموو مافە زەوت و پێشێل کراوەکانی گەلی کورد بوون.

## پەیمانی سیڤەر،
## سکێکی لەبار چـــــــوو

بە بەستنی پەیمانی لۆزان لە نێوان ترکیا و دەسەڵاتە ئەورووپیەکاندا، پەیمانی سیڤەر و بەتایبەتی ئەو خاڵانەی لە مەڕ مافی چارەنووسی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە بیر کرا و تەنانەت ئاماژەیەکیش بۆ کێشەی کورد نەکرا، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە بە ڕواڵەت هۆکارە پێویست و پێوەندی دارەکانی ئەو سێ خاڵەی پەیمانی سیڤەر واتە خاڵەکانی (62و63و64) لە نێو چووبوون!

سالی بەستنی پەیمانی لۆزان واتە1923سالی پتەو بوونی جێ پێی حکوومەتی مستەفا کەمال بوو، هەروەها سالی هێمن بوونەوەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا بوو لە بەرامبەر ترکە

ڕەگەز پەرستەکاندا کە ئەویش دەگەڕایەوە بۆ ترسی ئەوان لەوەی کە مستەفاکەمال پاڵ بداتە یەکێتی سۆڤیەتەوە و لەوان دابڕێت!

مستەفا کەمال بۆ بەستنی پەیمان و بەرگری کردن لەدەستێوەردانی ئێران لە کێشەی هاو ڕەگەزە کوردەکانی{؟!}

نرخی بلیتی بۆ8٪ بەرز کردەوە و هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە باڵیات دەخاتە سەر کەلوپەلی ترانزیتی.

(رەزاخان)یش کەدەیەویست لە ڕێگای بەندەرگەکانی ترکیاوە لە وابەستەیی باکووری ئێران بە سۆڤیەت کەم بکاتەوە و هەرواش لەدڵەوە بەو ئاڵو گۆڕانەی مستەفاکەمال رازی و خۆشحاڵ بوو و لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر دەستێوەردانی ترکیا لە ئازەربایجان دا هەستی بە مەترسی دەکرد و لەم لاشەوە لەوەش دەترسا کە ترکیا لەگەڵ ڕووسیادا لەدژی ئەو پێك بێن، گورج لە بەرانبەری ئەو گوشارەی ترکیادا چۆکی دادا و لە ئەنجامدا پەیمانێکی لەگەڵ ترکیادا ئیمزا کرد کە لە مادەی نۆیەمیدا هاتبوو: ((هەر دوو حکوومەت لە ناو خاکی خۆیاندا ئیزنی سەر هەڵدان و دامەزراندنی هیچ دەستە و گرووپ و رێکخراوێك نەدەن کە بۆ تێك دانی ئەمن و ئارامیی وڵاتەکەی تر مەترسییان هەبێت، هەر وەها ئیزنی هیچ پڕو پاگەندەیەکیش دژی وڵاتەکەی دیکە بە هیچ کەس ولایەنێك نەدەن)).

## مووچڕکەی لـــــــۆزان

لە چیرۆکێکی یەك لە نووسـەرە کوردەکانـدا• باسـی ئـەوینی ئـاوارە و دوور خراوەیـەکی کـورد دەکرێـت کـە پـاش سـاڵەها گۆشەگیری و تەنیایی لە غەریبیدا و هەوڵدانی بۆ لـە بـیر بردنـەوەی ئەو هەموو تاڵ و سوێرییەی وڵاتەکەی، لە گـەڵ کیـژێکی فەرەنسـی لە پاریسدا ئاشنا دەبێـت و دەکەوێتـە داوی ئەوینیـەوە، کـاتێ کـە کـوردە ئاوارەکـە پرسـیاری نـاوی کیژەکـە دەکـات، وڵامـی کچـەکە هەموو لەش و گیان و هەسـتی دەهـەژێنێ! چـوونکە کچـەکە نـاوی (لۆزان) دەبێت! !

لـە ڕاستیشـدا مووچـڕکەی لـۆزان لـەو هـەل و مەرجـە تایبـەت و ناسـکەدا بۆکوردەکـان گـەلێ سـارد و گیـان تـەزێن بـوو. ئـەمڕۆ لـە ئەدەبیاتی سیاسیدا وەسفی پەیمانی سیڤەر بە (( ئازاری سـیڤەر)) یان بە تەعبیری من ((خـەونی ئـاڵۆزی سـیڤەر )) بـۆ پـان تورانییـە دەسـەڵاتدارەکانی ترکیـا دەکرێـت بـەڵام ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئـەم پـەیمانە نەك هەر سەمەرێکی بۆ کوردەکان نەبوو، بەڵکو دوای ئەو و بە بەستنی پـەیمانی لۆزان، کوردستانە یەکپارچـەکەش لـەت لـەت و بەش بەش کرا و لێك دابڕا و کوردەکان کە تا دوێنێ هـەر تـەنیا بـە دەستی حکوومەتی عوسمانییـەوە دەیـان ناڵانـد، لـە ناکـاو پارچـە

---

• مەبەستی نووسەر چیرۆکی (لۆزان)ی چیرۆکنووس (شێرزاد حەسەن)ە، {وەرگێڕ}

پارچـە کـران و کەوتنــە بندەســتی چــەند حکوومــەتێکی تــازە دامەزراوی وەك عێراق و سووریا و ترکیای کەمالی! و هێشتا لە ژێـر گوشــاری(پــان ترکیســم)دا رزگاریــان نەبوبوکــە تووشــی(پــان عەرەبیسم)یش بوون و تاڵتر لەوەش ئەوەیـە کـە گـەلی کـورد پـاش زۆرتر لە نیو سەدە شۆڕش و قوربانی دان و بەربەرەکانێی سیاسـی و سـەربازی لـە بەرامبـەر ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـدا بـۆ وەدەسـت هێنــانی ســەر بەســتی و ســەربەخۆیی، لەکاتێکـدا کــە هــەموو پێداویستییەکی گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەی دابین کرابوو، مێـژوو ئـەو مافـە ڕەوایـەی لێ زەوت کـرد! لـە هـەمان حاڵیشـدا چـەندین حکوومەتی نوێ وەك عێراق و سـووریا وکوێـت و ئیمـاراتی عـەرەبی و...کــەتا دوێنــێ لــە نەخشــە جوگرافییــەکانی مێــژوودا هــیچ ناونیشــانێکیان نــەبوو، بــە خواســت و حــوکمی وڵات و هێــزە چەوســێنەرەکان بوونــە خــاوەنی حکوومــەت و پێشــینەیەکی دەستکردی مێژوویی!!

هەموان بوونە خاوەنی کوردستانێك،

کوردەکان نەبن

حکوومــەتی بــەریتانیا، بــەین نــەهرەین(عێراقــی عـرەب) و ویلایەتی مووسڵ(هەولێر و سلێمانی و کـەرکوك و خانـەقین و...)ی لـە ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی دابـڕی و بـۆ خـۆی داگـیری کـرد کـە

پانتــــایی باشــــووری کوردســــتانی دەگرتــــەوە و زۆربــــەی زۆری دانیشتوانیشــی کوردبــوون. فەرەنســایش شــامی کــۆن(ســووریا و لوبنــان) و بەشــێکی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان(قامیشــلی وحەســکە)ی خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

کاتێکیش کە بڕیار درا حوکم ودەسەڵاتی بەریتانیا و فەرەنسا لـەو ناوچانەدا کۆتایی پێ بهێنرێت، سەرەتا باس لەوە دەکرا کە ناوچـە عــەرەب نشــینەکانی شــام و عێراقــی عــەرەب بــەجیا ســەربەخۆیی وەربگرن و ناوچە کورد نشینەکانیش بدرێنـە ئێـران، ( لەوانەیـە بـە هـۆی هـاو ڕەگەزییـەوە{؟!}) بـەڵام ئـەو بڕیـارە سـەری نـەگرت، ئەویش لە بەر ئەوەی کە بەریتانییەکان بە فرت و فێڵ دوو ناوچـەی لێك جیا و بێگانەی عێراقی عەرەب و باشووری کوردستان(ویلایەتی مووسڵ)یان پێکەوە لکاندن و وڵاتێکیان بەناوی( عێراق) دا تاشـی! بەریتانییــەکان وەك ئەوکەســەیان لێهــات کــە شــتێکی دزیبێــت و بەدوای شـوێنی شـاردنەوەیدا بگـەڕێت چـوونکە وڵاتێکـی داتاشـراو سوڵتانێکیشـی پێویسـت بـوو، بـەڵام ئـەوان هـەر بـەو فـرت و فێڵـە سوڵتانەکەشیان داتاشی کە ئەویش (ئەمیر فەیسەڵ) بوو.

ئەمیرۆکەیەك لە دیمەشـق دا کـە فەرەنسـییەکان لەگـەڵ 25 ژن و 175 پـارێزەر و 25 ئەسـپ و چـوار تـەن بـار و بنـەوە لـە سـارای ئەردەندا بەرەڵایان کردبوو. (لۆردکرزن)ی بەریتانی کـە هـەر خـۆی ئەو ئەمیرەی دۆزییەوە و تەختی سوڵتانیی عێراقی پێ بەخشی، لە

بارەیەوە گوتبووی: (( لە دیمەشق دا هەر تەنیا قەشمەرێك بوو)) !
ئەڵبەت پێویست بەگوتن ناکات کە جەماوەری ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی مووسڵ (هەولێر، مووسڵ، کەرکوك، سلێمانی، خانەقین و...)کە لە چاڵی سوڵتانی عوسمانی دەر هاتبوون و کەوتبوونە ناو - بیر- ی ئەمیر فەیسەڵەوە، هەرگیز بەسترانەوەی وڵاتەکەیان بە عێراقی عەرەبەوە پەسند نەکرد و پێی رازی نەبوون و دژی ڕاوەستان و شۆڕشیان هەڵگیرساند، کێشەی باکووری عێراقیش کە تا ئێستاش هەر ماوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستەم و ناعەداڵەتیە مێژووییە. کوردەکانی سووریا و عێراق هەر لە یەکەمین سەر هەڵدانیشۆڕشی کوردەکانی ترکیاوە بەرە و پیری ئەوان چوون و هاودەنگی و هاریکارییان کردن بەڵام کوردستانی ترکیا بەرەبەرە و لەئاکامی سیاسەتە سەرکوت کارانەکەی ڕێژیمی کەمالیی ترك لە دیکەی بەشەکانی کوردستانی گەورە دابڕا و جیا بوویەوە. ڕێژیمی ئەتاترك بۆ ئەوەی کاتی دەسدرێژی کردن و سەرکوت کردنی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕوو بە ڕووی ناڕەزایی و دژ کردەوە نەبێتەوە، لە گەڵ حکوومەتەکانی عێراق و سووریای ژێر دەستەی فەرەنسا و بەریتانیادا چەند پەیماننامەیەکی مۆرکرد و تەنانەت داخوازیی خۆی لە سەر ویلایەتی مووسڵ لە بیر بردەوە و سەری لێ نایەوە، لە بەرامبەریشدا فەرەنسا و بەریتانیا لە مەڕ ئەو هەموو دڕندایەتییەی ترك سەبارەت بە سەرکوت و

داپڵۆسینی کوردەکان، خۆیان کەڕ کرد و کڕ مانەوە و تەنانەت پشتگریشیان لێ کرد! بە ڕادەیەك کە فەرەنسا ڕازی بوو بەوەی کە ترکیا بۆ سەرکوت کردنی گورج و بڕتری شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، چەك و تەقەمەنی و هێزی سەربازیی خۆی لەڕێگای (هێڵی ئاسن)ی سووریاوە بگوازێتەوە کە لە ژێر دەسەڵات وچاودێریی فەرەنسادا بوو!!

## ناسیۆنالیزمی ترك، ئیمپریالیسمی ترك

پاش بەستنی پەیمانی لۆزان کە بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری ترکیا لە ساڵی 1924دا و داڕووخانی تەواوەتیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی 1926دا، ئەتاترك بوو بەحاکم و دەسەڵاتداری یەکەمی ترکیا. هەر لەم کاتەشدا بوو کە ناوبراو بە ئاشکرا و بە بێ هیچ ترس و شەرمێك ویست و نیازە ڕەگەز پەرستانەکانی خۆی دەرخستن. ئێستاش هەر ئەو ڕوانگە پان ترکیستییەی دامەزرێنەرانی کۆماری ترکیا و بەڕێوە بردنی هەمان بەرنامە و سیاسەتەیە لە لایەن خاوەن هێز و دەسەڵاتەکانی ئەو وڵاتەوە کە کێشەی قووڵ و هەرە گەورەی ئەمڕۆی لێ کەوتۆتەوە کە ئەمڕۆ لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکاندا بە: ((کێشەی کوردستانی ترکیا)) ناسراوە. ئامانجی ئەتاترك و هاوبیرەکانی، دامەزراندنی توورانی گەورە بوو بەجۆرێك کە هەرچی هۆزی ترك

نەژاد و ترك زمانە{؟!!} لە خۆی بگرێت و بەپێی بەرنامەی ئەوان هەر لە باکووری ڕۆژاوای چین تا لێوارەکانی (دەریای ئادریاتیك)ی دەگرتەوە.

بە پێی بیر و ڕای پان تورانیستەکان هەندێك لەدانیشتوانی ئەو سەرزەوییە وەکوو: ترکمان و قرقیز و ئۆزبەك و تاتار و ترکەکانی ئەنەدۆڵ، رەسەن تر و هەوێنی سەرەکیی تووورانی گەورەن بۆیە پێویستە ئەم ڕۆڵانەی دایکی ترك یەك بگرنەوە، هەندێکی دیکەی لەو دانیشتوانەش وەکوو: چیچان و لەزگی و گورجی و چەرکس و هۆزە ئارییاییەکانی وەك: تاجیك و ئازەری و کورد و ئەرمەنی و تات و تالش و ئاسی و...دەبوایە لە ناو کۆمەڵگەی ترکیدا بتوێنرێنەوە تا بۆشایی نێوان کۆمەڵەکانی ترك پڕ بکرێتەوە و هۆکارەکانی دامەزراندنی توورانی گەورە دابین بکرێن. جا ئەگەر تواندنەوەی ئەو هۆزانە لە ناو ترکەکاندا بە هۆی پڕ و پاگاندە و لە ڕێگای ئاساییەوە ئەنجام درا، باشترین کارە و ئەگەر نا، ئەوە پێویستە دەست بۆ هێز ببرێت و بە هەر شێوەیەك بووە دەبێ هەموو ئەو هۆزانە بکرێنە ترك!

شوێنی نیشتەجێ بوونی زۆربەی ئەو هۆزانەی باسمان کردن، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا یان ئێران یانخود یەکێتی سۆڤیەت بوو و دەسەڵاتدارانی ترك دەستیان پێیان ڕا نەدەگەیشت، بەڵام دوو هۆزی گەورە و غەیرە ترك واتە کورد و ئەرمەنی و چەند کەمە

نەتەوەیەکی وەك عەرەب و گورجی و یۆنـانی و لاز و چـەرکس هـەر لە ناو ترکیـادا دەژیـان و کەمـە نەتـەوەکان بـە هـۆی کـەم بـوونی جەماوەرەوە بە ئاسانی لە ناو ترکەکاندا دەتوێنرانەوە بەڵام کـورد و ئەرمــەن گــەورەترین کۆســپ و ئاســتەنگ بــوون لــە ســەر ڕێــی سیاســەتی پــان توورانیســتیی ترکەکانــدا. وەك پێشــتریش باسمـان کرد، ئەرمەنیەکان لە بنبڕ و پاکتاو کردنێکی ڕەگەزیدا قەڵاچۆ کران و ئەو ڕێژە کەمەشیان کە مابوونەوە، یـا بـە ناچـاری بوونـە تـرك و یانیش بەرەو هەندەران هەڵاتن.

## ترکیا، کوورەیەکە بۆ تواندنەوەی نەتەوەکان

لەلایەن پـان تووزانییـەکانی ترکیـاوە، بـۆ لـەنێو بـردن و بنـبڕ کردن و تواندنەوەی نەتەوەی کورد چەندین پیلانی جۆر بـە جـۆر و بەربڵاو یەك لـەدوای یـەك دارِێـژران، سـەرەتا لـە سـڕینەوە و لـەنێو بردنی هەمەلایەنەی کورد و ناسنامەی کوردییەوە دەسـتیان پێکـرد و پڕوپاگاندەیــەکی هەمەلایەنــەش کــە ئینکــاری هــەبوونی کــورد و ناسنامەیەکی کوردیی دەکرد، وەك پێشەکییەك بۆ دەست پێکردنی ئەو هەڵمەتی بنبڕ کردنە سوودی لێ وەرگیرا. کەمالییــەکان هاوکـات لەگەڵ شاردنەوەی واقیعی مێژوویی، ڕایان گەیاند کە: ((نەتەوەیەك بــە نــاوی کــورد هــەر نییــە و دانیشــتوانی ڕۆژهەڵات و باشــووری

تركیادەســتەیەك (تركــی كێویلــە)ن كــە گــومڕا بوونــە و زمــان و كلتووری توورانییان فەرامۆش كـردووە و لـە ژێـر كاریگـەریی هـۆزە ئێرانیەكاندا زمانێكی وەك زمانی(عەجەم)ی ئێرانیەكانیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە))!

كەمالییەكان توند و تۆڵ داكۆكییان دەكردە سەر ئەوەی كە گوایە ((وشــەی كــورد لــە ڕەگــەوە دەگەڕێتــەوە ســەر وشــەیەكی تركــی واتە(كورت كورت) كە ئەویش ناوی دەنگێكە كاتی ڕۆیشتن بە سـەر بـەفردا پەیـدا دەبێـت، ئـەو خەڵكـەش لـە بـەر ئـەوەی لـە ناوچـە كوێستانی و بەفرینەكاندا دەژیـن، ئـەو ناوەیـان بـە سـەردا بـڕاوە! بۆیە پێویستە ئەم خەڵكە گومڕایە بهێنرێنەوە سەر ڕێگای ڕاسـت و جارێكی دیكە شانازیی ترك بوونیان پێ ببەخشرێتەوە))!!!

تركەكان وەك یەكـەم هـەنگاو لـەم ڕێبـازەدا، نـاوی هـەموو شـار و گوند و ناوچە و كێو و ڕووبار و كانی و ...ـەكانیان لـە كوردییـەوە گۆڕین بۆ تركی، بۆ وێنە شاری دەرسیم گۆڕدرا و بوو بە(تـونجلی)، پـالۆ بـوو بـە(ئالازیـك)، ئامێـد بـوو بـە(دیاربـەكر)، سرەشـیار بـوو بـە(دوغوبایزیـد) و لـە هــەموو ئەمانــەش گـرینگتر كوردسـتان بـوو بـە(باشـووری ڕۆژهــەڵات) و گــەلی كــوردیش بــوو بــە(دانیشـتوانی باشووری ڕۆژەڵاتی)! هەروەها كوردەكان بـە زۆری زۆرداری ناچـار كران كە ناسنامە و نازناوی تركی بخەنە جێـی نـاوە كوردییەكـەیان بە شێوەیەك كە بەشی سەرەكیی هەر ناوێك وشـەیەكی تركـی بێـت

وەکوو: (ئـوزترك)، (کوجـاترك)، (تـرك ئوغڵـو) و... یـا هـەر هـیچ نەبێت واتا و ناوەرۆکێکی ترکیـی هـەبێت! خوێنـدن و نووسـین بـە کوردی و هەروا قسـەکردنیش بـەم زمانـە تەنانـەت لـە نـاو ماڵیشـدا قەدەغـە کـرا و بـە تاوانێـك دانـرا کـە ئەگـەر هـەر کوردێك بیکـات، سزایەکی قورس بدرێت و بخرێتە زیندانەوە! هەر وەها لە بەرکردنی هەر چەشنە جـل و بـەرگێکی کـوردیش هـەر قەدەغـە کـرا و زانـا و ڕۆشـنبیر و خوێنـدەوارانی کـورد هـەموویان گـیران و کـوژران و دوورخرانـەوە، هەرچـی ئاسـەواری دێرینـە و مێـژوویی هـەبوون کـە مـۆرکی شارسـتانەتی کوردیـان پێـوە دیـاربوو، تەقێنرانـەوە و ڕووخێنران، بۆ وێنە بینایەی ناسراو بە(برجە بلەك)، کـە پایتـەختی ئەمارەتێکی کۆنی کـوردی بـوو، خـاپوور کـرا و لـەجێ وێرانەکەیـدا سەربازگەیەکی ترکی بینا نرا، هەرچی بەرهەم و نووسراوی کـوردی هەبوون ئاگریان تێ بەردرا و سـووتێنران یـانخود لـە ترسـی ئـاگری ڕەگـەز پەرسـتیی تـرك گۆڕیـان بـۆ هـەڵ کەنـدرا و لـە ژێـر خاکـدا شاردرانەوە!! هاوکات لە گەڵ ئەو هەموو گوشار و سەرکوت و کپ کردنـەوەی لـە بـواری ڕۆشـنبیری و مێژووییـدا، کوشـت و بڕی} دڕندانەی{ ترك دژی کورد، بە کردەوەش هەر درێژەی هەبوو.
لە شۆڕشەکانی شێخ سەعید و ئـاگری و سـەید ڕەزا دا کوردەکـان بـە زۆری بەدەسـتی تـرك دەکـوژران و دوور دەخرانـەوە، مێـژوو شـایەدیی ئـەوە دەدات کـە لـەکۆی 21شـەڕی گـەورەی سـەربازیی

سوپای ترك دوا به دوای دامەزراندنی كۆماری تركیا،17 شەڕیان ڕاستەوخۆ لە گەڵ كورد و دژی كورد بوون.

بێجگە لەو شەڕ و پێكدادانەی كە چواردە ساڵە لە نێوان سوپای ترك و(p,k,k)دا درێژەی هەیە، دیكەی شەڕەكانی سوپای ترك بریتین لە:

1_ شەڕی شۆڕشی نەستوریەكان(12تا28ی ئەیلولی 1924)

2_ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (31ی شوبات تا 31ی مایسی 1925)

3_ جەولەی ڕەش كوتان و ڕامان(9تا12ی حوزەیرانی1925)

4_ شۆڕشی ساسۆن(1925تا1937)

5_ شۆڕشی یەكەمی كۆماری ئاگری(16ی مایس تا17ی حوزەیرانی1926)

6_ شۆڕشی كووچەشاگی(17ی تشرینییەكەم تا3ی تشرینی دووەمی1927)

7_ شۆڕشی مۆتكی(26ی مایس تا 25ی حوزەیرانی1927)

8_ شۆڕشی دووەمی ئاگری(13تا20ی ئەیلولی1927)

9_ سەركوت كردنی بێكار(7ی تشرینی یەكەم تا17ی تشرینی دووەمی1927)

10_ شۆڕشی ئاسی ڕەسووڵ (22ی مایس تا13 ی حوزەیرانی1929)

11_ شۆڕشی تەندوورك (14تا17ی ئەیلولی1929)
12_ سەرکوتی ساوورا (26ی مایس تاحوزەیرانی1930)
13_ شۆڕشی زیلان (20ی حوزەیران تا ئەیلولی1930)
14_ شۆڕشی ئاراماد(16ی ئاب تا10ی تشرینی یەکەمی1930)
15_ شۆڕشی سێیەمی ئاگری(4تا7ی تشرینی دووەمی1930)
16_ شۆڕشـی پولومـور(8ی تشـرینی یەکـەم تـا14ی تشـرینی دووەمی 1930)
17_ سەرکوت کردنی دەرسیم (1937تا1938).

لە درێژەی ئەو هەڵمەت و هێرشانەی سوپای ترکیـا دژی کـورد لـە کوردستاندا، بێجگـە لـە کوشـت و بـڕی سـەدان هـەزار ژن و پیـاو و منـداڵ، ملیۆنـەها کـوردیش دەرکـران و دوورخرانـەوە بـۆ ناوەنـد و ڕۆژئـاوای ترکیـا و سـەدان گونـد خـاپوور کـران و هـەزاران کـوردی دیکەش پەڕیوەی هەندەران بوون.

لەو سەردەمەدا چاودێرەکان دەیـان گێـڕاوە کـە گـروپ ودەسـتەی گەورە گەورەی کورد کـە زۆرتریشـیان منـداڵ و پـیر و پـەك کەوتـە بـوون، بـە پێخاوسـی و ڕووت و قـووت بـە نێـو شـار و گونـدە تـرك نشینەکاندا تێپەڕ دەبوون لە حاڵێکدا نەخۆشەکانیان بەدوای خۆیانا پەلکێش دەکردن !

لەوانەیە ئەگەر ڕێژەی جەماوەری کـورد کـەم ببایـە و هـاو زمـان و ڕەگەزەکانیان لە وڵاتە هاوسێکانیاندا نەژیابان کەمالییەکان ئاسانتر

بیانتوانیبا بە هەڵمەتێکی پاکتاوکردنی نـەژادی وەك ئەرمەنیـەکان، کوردەکـانیش لـە نێـو بـەرن و بیـان سـڕنەوە، بـەڵام نـەیانتوانی و هـەموو فـرت و فـێڵ و{دڕندایـەتی} و ئـەو هـەموو کوشـت و بـڕ و {هەڵمەتە گەلە گورگانەشیان} ئەو ئەنجامـە ڕەگـەز پەرسـتانەیەی نەدانە دەست!

## کوردی یاساخ!

پیلانەکەی (عابدین ئوزمەن)ی چاودێری پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات یەك لەو دەیان فرت و فێڵەی ترکە کەمالییەکان بوو.

نـاو بـراو، پیلانـی(( زەوت کردنـی سرشـت و کەسـێتی کـوردی لـە کوردستاندا)) داڕێژا و خستیە بەردەمی حکومەت و بە مەبەستی لە نێو بردن و سڕینەوەی زمانی کـوردی پێشـنیاری کـرد خوێندنگـەی شەوانە ڕۆژی دابمەزرێنن و منداڵە کوردەکان لە خێزان و بنەماڵەیان جیا بکرێنەوە و بخرێنە ئەو خوێندنگە شەوانە ڕۆژی و تایبەتیانـەی کە هیچ کەس بۆی نیە بە کوردی تاقە وشەیەکیش قسەبکات تـا لـە ژێر دەستی مامۆستای ترکی شۆڤینیدا دەرزی ترکـی بخـوێنن و لـە ئەنجامدا زمانەکەی خۆیان لە بیر بچێتەوە !!

## من سەربەرزم چوونکە ترکم!

مسـتەفا کـەمال لـە درێـژەی بـیر و ڕا شـۆڤینی و رەگـەز پەرستانەکەی خۆیدا چەند دروشمێکی لە سەروی هەموو سیاسـەتە

چـــەوتەکانیەوە داهێنـــان، وەکـــوو : (( مـــن ســـەربەرزم چـــوونکە تركم!))، ((تركێك هەموو جیهـان دێنێـت!))، ((ئـەی تـرك شـانازی بکە، ئیش بکە، بڕوات پتەو بێت!)) و...! ناو براو بـە بـێ ئـەوەی نیـازە چـەپەڵەکانی بشـارێتەوە، بـێ شـەرمانە بـیر و ڕای ڕەگـەز پەرستانەی خۆی ڕادەگەیاند و بە ئاشکرا نیوەی هاو وڵاتیەکانی کە ترك نەبوون بە هاو وڵاتی دەرەجە دوو ناو دەبرد. لە روانگـەی بـەر تەسـکی ئـەوەوە نـەژادی تـرك ڕەگـەزی ڕسـەنتر و شایسـتەی پێشکەوتن بوو و بە هاو وڵاتیی ئەمین و چاکی ترکیـا دەژمێـردرا و ئەوانەش کە دەکەوتنـە دەرەوەی ئـەو قاوغـەوە، کـەمترین مافیـان نەدەدرایێ. ئەمڕۆکـە هەنـدێك لـە خـاوەن ڕایـان و دەسـەڵاتداران و جـەماوەری ترکیـاش هـەر بـە زۆرەملـێ و پێداگرییەوەدەیانـەوێ بانگەشـەی{فریودەرانـەی} ئەوەبکـەن کـە گوایـە کـورد و تـرك لـە مافەکانیانـدا بەرانبـەرن و هـیچ فـەرق و جیاوازییـەك لـە نێوانیانـدا نییـە!: ((نەلـەڕابردودا و نەئێسـتاش هـیچ فـەرق و جیاوازییـەکی ڕەگەزی لە ئیدارەی کاروباری ترکیادا نـەبووە،هـیچ کوردێـك لەبـەر کوردبوونی،لە بەشدارییی پارلمان یان خود گەیشتن بە پلە و پایـەی بەرزی حکوومی بێبەش نەکراوە!))[1]

---

[1] مومتاز سویال: جیاوازی خوازی، ڕۆژنامەی ـ ملییەت ـ ی ترکی،1990/3/14

(( وەك كەمە نەتەوەيەك سەيری كوردەكان نەكراوە نە لە سەردەمی عوسمانی و نەجمهووريشدا، هاو ولاتييە كوردەكان هەميشە بۆ گەيشتن بە پلە و پايەی بەرزی حكوومی و شەخسيش، لە مافی بەرامبەر لەگەڵ هاولاتی ترك بەهرەمەند بوونە))[2]

(( ئێمە هەمووومان پێكەوە باری قورسی ژيان لە ولاتێكی هەژاردا هەڵ دەگرين ... لە نێوان كورد و ترك دا هيچ جياوازييەك نييە!))[3]

## من تركم، كەواتە، هەم!

لەوانەيە زيادە ڕۆيی نەبێت گەر بڵێين ئەمڕۆ لە تركيادا كوردەكان گرينگ ترين پێگە و ناوەندی سياسی و ئابووری و رۆشنبيری و تەنانەت سەربازيشيان گرتۆتەدەستی خۆيان! ئەوانەی كە سەردانی تركيايان كردبێت و سەرنجی ورديان هەبووبێت، سەرتاسەری دەڤەرەكانی ڕۆژەلات و باشوور و ناوەندی ولاتيشيان پڕ لەجەماوەری زۆر و زەوەندی كورد بينيوە. هەرچی لەكوردستان دوورتر بكەوينەوە و لە رۆژاوای تركيا نزيك بينەوەدەبينين بە پێچەوانەی بۆچوونەكان، نەك هەر لە رێژەی جەماوەری كورد كەم نابێتەوە، بەڵكوو ئەو ڕێژەيە لە شارەكانی ئەنكەرە و ئەستەمبووڵ و ئەزمير و بۆرسا و...دا زۆرتر دێتە

---

[2] پرۆفيسۆر دوگوارگيل: كێشەی ڕۆژهەلات، ڕۆژنامەی ميليەت 1990/3/23

[3] پ. نازلی ئيليجماك: گۆڤاری _ تركان _ 1991/4/8

بەرچاو. جەماوەرێکی ملیۆنی و بە قسەی هەندێ سەرچاوەش نیوەی جەماوەری ترکیا، لەوانەیە تا ڕێژەی دەملیۆن کەسیش کە ڕۆژهەڵاتیان بەجێ هێشتووە و لە ڕۆژاوادا نیشتەجێ بوونە، بەجۆرێك کە گەورەترین شاری کوردنشین لە ترکیای ئێستادا نەك (دیاربەکر)ی ناوەندیکوردستان، بەڵکوو هەمان شاری ئەستەمبووڵە! ئەم جەماوەرە ملیۆنیە پرژ و بڵاوەی سەرتاسەری ترکیا، تەنانەت لە ڕێژە جەماوەریەکەی خۆی زۆر تریش دەستی لە بواری کلتوور و سیاسەت و ئابووری و پێشکەوت و گەشەی ترکیادا هەبووە! لە حەوت سەرەك کۆماری ترکیادا، چواریان کورد بوونە[1]

گەورەترین ڕۆمان نووسی ترکیا و پاڵێوراوی خەڵاتی(نۆبڵ) واتە(یەشار کەمال) و بەناوبانگ ترینی شاعیران و نووسەرانی ئەمڕۆی ترکیا واتە(ئەحمەد عارف) و (جەمال سورەییا) کوردن. ناودارترین سینەماکاری ترکیا واتە(یەڵماز گۆنەی)هەر کورد بووە. زۆربەی زۆری کەسایەتیەکانی بواری گۆرانی و مۆسیقای ترکیا وەك: ( ئەحمەد کایا)، (مەعسووم قرمزی گوڵ)، (سونگل کارلی)، (برایم تاتلیس)، (هۆلیا ئەفشار) و...کوردن و لەوەش سەر سووڕ هێنەرتر و سەرنج ڕاکێش تر ئەو ڕاستیەیە کە ئەوەی ئەمڕۆ بە

---

[1] رابێرت دی کۆپلەن: کۆتایی زەوی، و. بۆ فارسی: فەرەیدون دەوڵەتشایی، تاران 1377

ناونیشانی مۆسیقای ترکی دەناسرێت و لە ترکیادا بە مۆسیقای (لار) ی ڕۆژهەڵاتی و مەقاماتی(تونجلی) و (ئورفا) و (بوتان) و...ناوبانگی دەر کردووە، لە ڕاستیدا مۆسیقای کوردییە نەك ترکی! گەورەترین کومپانیا و دام و دەزگا و کارگە و بازاری ئەستەمبووڵ لە دەستی کوردەکاندایە! ئەو(حیکمەت چەتین)ـەی کە فەرمانی کوشتنی کوردەکان دەر دەکات، خۆی کوردە! و (تورگوت ئوزاڵ )یش هەر کورد بوو! ئەی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بۆچی کوردەکان گلەیی لە زەوت کردنی ماف و هەبوونی فەرق و جیاوازی و...دەکەن؟! وڵامی ئەم پرسیارەمان لای خاوەن ڕایەکی ترك وەردەگرینەوە: (( کۆمەڵگەی ترك کۆمەڵگەیەکی ڕەگەز پەرست نییە، هەرکەس بڵێت من ترکم، بەـ خۆیی‌ـ و خۆمانە سەیر دەکرێت، ئاتاترك نەیگوتووە(ترك بوون خۆشبەختییە) بەڵکوو گوتوویەتی( ئەوەی بڵێت من ترکم، خۆشبەختە و شایانی شانازییە)...))!![2]

کەوابوو، پێویست بە هیچ شەرح و تاوتوێ کردنێك ناکات و بێ گومان خوێنەری هەستیار وڵامەکەی خۆی دۆزیوەتەوە!!

---

[2] ئیحسان سەبری: هەڵسەنگاندنی ئاسایشی نەتەوەیی، ڕۆژنامەی (گۆنس)1990/4/10

## لەترکیادا فەرق و جیاوازی نییە،

## کوردیش.. هەر نییە!

لە کۆماری ترکیادا هەموو هاوڵاتیان ڕێزیان هەیە، مەگەر ئەوەی کە کورد بوونیان بسەلمێنرێت! هەمووکەسێك مافی هاوڵاتیی هەیە و دەرفەتی گەشە و پێشکەوتی بۆ دەڕەخسێت، بەو مەرجەی خۆی بە ترك بزانێت و ناسنامەی نەتەوایەتیی ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە!.

بێشکچی دەڵێت: (( کوردەکان لە ترکیادا چەندە ئینکاری - بوون - ی خۆیان و ناسنامەی نەتەوایەتییان بکەن، ئەوەندەش دەتوانن بگەن بە ئازادییە سەرەتاییەکان و لە پرەنسیبی مافی یەکسان سوود وەربگرن، ئەم ئینکار کردنە بۆتە مەرجێکی سەرەکی وسەرەتایی! بەو مەعنایە کە کوردەکان پێش ئەوەی بگەن بە سادە و ساکارترین دۆخی دیموکراسیەت و یەکسانی، پێش ئەوەی بگەنە مافی مرۆڤ و ئازادی و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان، دەبێ ئینکاری کلتوور و پێناسەی کوردیی خۆیان بکەن))![1]

بێ گومان ئەم کارەش گوشار خستنەسەر و زۆر لێکردنە.

ئەو مەرجە سەرەکییانە کە باسمان کردن، لە ژێر گوشار و ستەم و ئەشکەنجە و ئازار لە بنکە سەربازییەکان و زیندانەکانی ترکیادا بە

---

[1] ئیسماغیل بێشکچی: کوردستان کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتی، و. بۆ فارسی: ع. بابان، سوید 1996

زۆر دەسەپێنرێن و لە دادگە و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە تركییەكانیشدا جاڕ دەدرێن و بڵاو دەكرێنەوە، بڵاڤۆك و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سیستەمی ئیداری و تەنانەت شوێنە خزمەت گوزارییەكانیش بەو بیرو ڕا شۆڤێنییە گۆش كراون و لە لایەكی تریشەوە بۆ ئەوەی بخرێنە ناو مێشك و هەناوی هەموو جەماوەریشەوە، خراونەتە ناو بەرنامەی دام و دەزگا فێر كاری و پەروەردەیی و ئایینیەكانیشەوە.

ئەو كەسانەی كە ئینكاری پێناسەی نەتەوەیی و كوردیی‌خۆیان دەكەن و ئەوانەی كە پشتیان لە ڕەگەزی خۆیان كردووە و بوونەتە ترك و بنێشتە{برزووقاوە}كەی ئاتاترك دەجوونەوە كە (( من سەر فرازم چوونكە تركم!))، دەتوانن هەرچەشنەكار و پیشەیەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن: كرێكاری، پۆستەچی، دەركەوانی، ئەندامێتیی پەرلەمان، خوێندن، وەرزش، بەرپرسی پۆلیس، پارێزگار، حاكم، كاسپ، سەرباز، مامۆستا، باڵیۆز، دكتۆر، پرۆفیسۆر و...!

بەڵام ئەوانەی كە دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەیی و كلتوور و هەبوونی خۆیان بپارێزن و باسی مافی مرۆڤ بكەن و...، هیچ كارێكیان نادرێتێ و لەكەمترین و بێ بایەخترینی ئەو پیشە و كارانەی كە ناومان بردن بێبەش دەكرێن.

ئەوانە، هەر تەنیا ماف و چارەنووسی ئەوەیان بۆ دیاری كراوە كە بگیرێن و بخرێنە زیندان و مەحكەمە بكرێن!

له ڕاستیشدا ئینکار کردن و شاردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ڕەسەنایەتیی نەژادیی کەسێك و بوون بە غولام و عەبد و کۆیلەی بێگانە، نەدەسکەوتە و نە هۆی گەشە و پێشکەوتی ئەو کەسەیە بەڵکوو ڕاستەوخۆ پیشاندەری دیلێتی و بێ نرخی و سووکی و ڕیسوایی ئەو کەسەیە. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو کەسانەی خۆیان بەسووك و ڕیسوایی دەفرۆشن، دەبنە جانەوەرێکی بێ نرخی دەسدرێژکار و بێ حورمەت، ئەوانە لە بەرانبەری ستەم و دەسدرێژیی ستەمکاراندا سەرەوخوار و دەستەمۆ، چۆك دا دەدەن، بەڵام ئەی ئایا لە ئاستی چ کەسانێکدا دەبنە چەوسێنەر و دەسدرێژ کەر؟ بێ گومان هەر تەنیا لەئاستی خزم و خوێش و دۆستانی خۆیاندا))!![2]

## له تركيادا هەمووکەس ترکە

## و

## هەموو ترکیش یەکسانن{!}

له کۆماری ترکیادا، ئەو کەسانەی کە خۆیان بەترك دەزانن، وەك ترك سەیر دەکرێن! ناو، زمان، کلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە ئاپارتایدی نەژادیی پان توورانیستەکاندا قەدەغە کراوە

[2] هەمان.

بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کورد و ترك وەکوو سپی پێست و ڕەش پێستەکان لە شێوەدا جیاوازییان نییە، کوردەکان بە شاردنەوەی ناسنامەی ڕەگەزی و نەتەوایەتیی خۆیان دەتوانن بە سەر بەر بەستی ئەو ئاپارتایدەی ترکدا بازبدەن. زۆر کەس بۆ وەدەست هێنانی ئایندەیەکی ڕووناك و کار و پیشەیەکی لەبار و دوا ڕۆژێکی ئارام و ئەمن و ئاسایشی گیانی و ماڵی و ڕۆحی، حەز دەکەن کورد نەبن و بە ترك بناسرێن! بۆیە ناسنامە و کەسایەتیی خۆیان دەشارنەوە و ئینکاری دەکەن و لەم لاشەوە بۆ سڕینەوەی پێشینەی ڕەگەزی و سەلماندنی ترك بوونیان لە هیچ هەوڵێکی زەبوونانەش درێغی ناکەن و بە واتایەك، لە ڕێبازە نوێیەکەیاندا ((لە پاپ کاتولیك تر دەبن!)) واتە لە خودی ترکەکان زیاتر لە سەر بیر و ڕای ترکی و شۆڤێنیی پان توورانی داکۆکی و پێداگری دەکەن، بەم جۆرەشە کە بۆمان دەر دەکەوێت بۆچی بزوێنەر و پاڵ پێوەنەری زۆربەی هەڵمەت ودەسدرێژییە پان توورانیستییەکان کورد بوون؟!

بۆ چی ئەوانەی کە لە مەڕ زەوت کردنی مافی ترکەکان لە قوبرس و بۆلغارستاندا ناڕەزایەتی دەردەبڕن و پشتگری لە پان توورانییەکان دەکەن کوردن؟! و بۆ چی هەندێ کورد مۆسیقای کوردی دەشێوێنن و شیعر و گۆرانی ترکیی بۆ دا دەتاشن و بە ناوی (( ترکیش موزیك))ەوە پەرەی پێدەدەن؟!!

نەتەوەیەك كە ناو و ناسنامەی نایاسیی لە قەڵەم دەدرێت ، نەتەوەیەك كە ناتوانێ ناوی ڕاستە قینەی وڵاتە چوار هەزار ساڵەكەی خۆی بهێنێت ، نەتەوەیەكی زۆرتر لە 30ملیۆن كەسی كە كەرامەتی ئینسانیی لێ زەوت كراوە و كراوەتە گاڵتە جاڕی و خراوەتە بار و دۆخێكی ئاواوە كە ناچارە بەخودی خۆیشی خیانەت بكات... هۆی چییە كە تا ئەم ئەندازەیە سووك و گیرۆدەیە؟، چۆن باری هەرە قورسی ئەو دۆخە خراپ و نالەبارەی پێ هەڵدەگیرێت؟، چۆن لە وڵات و خاك و زێد و سامانی خۆیدا دیلی و یەخسیری و كۆیلەتیی دیترانی پێ قبووڵ دەكرێت؟!

یالچین كوچوك، ڕۆژنامەنووسی ترك لە چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ ئۆجالان دا دەپرسێت: بۆ چی زۆربەی ئەو كەسانەی كە دەبنە تركیخوازێكی توندڕۆ، غەیرە ترك و زۆرتریش كوردن؟! ئەویش لە وڵامی ئەو پرسیارەدا ئاماژە دەكاتە سەر لایەنەكانی بواری خزمەت و خیانەتی نەتەوەكەی ودەڵێت:

(( یەك لەوانەی كە لە ئەدەبی تركیدا ناوبانگی دەركردووە(زیا گۆكالپ)ی كوردە كە بڕوای بە تركیسم هێناوە و بۆتە ئاڵا هەڵگری پان تركیسم! بۆ دۆزینەوەی هۆكارەكانی ئاوەها وەر چەرخانێكیش دەبێ بڵێین شێوازی ترك لە بەرامبەری ئەو غەیرە تركانەدا كە زۆرتریش وەك سەركردەی سوپا و ناودارانی ترك ناسراون، شێوازی (بەردێك و دوو چۆلەكە)یە، واتە كەسێك وەكوو

لقی دار دەبڕن و لەولاوە پەیوەندی بە لقێکی دیکەوە دەکەن. ئـەم لقە بڕاوەش کە هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی نییە، بۆ ئەوەی وشك نەبێت و زینـدوو بمێنێتـەوە ڕێبـازی خزمـەت کـردن و سـەمەردان بـۆ تـرك دەگرێتە بەر، ئەو، هـیچ پاڵپشـتێکی لـە ڕەگـەزە ڕاسـتە قینەکـەی خۆی بۆ نەماوەتەوە! کورد لە ترکیادا ڕێگا و دەرفەتی هیچ گەشـە و پێشکەوتنێکی نادرێتیَ هەر بۆیەش دەبێتە ترك و زۆرتر لـەوانێش بۆ پان ترکیسم دڵسۆزی دەنوێنیَ، ئاوەها کەسێك هـەموو بڕسـت و توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ وەدەسـت هێنـانی کەسـایەتی و سـەر کەوتنی زۆرتر، ئەم جۆرە کەسانە زۆرتر لە ترك زیانیان بـۆ گـەلانی دیکە هەبووە... کوردی ترکیا لە دڵی خۆیدا دەڵێـت: زێـد و وڵاتـی من ئێستا بۆتە تاریکستانێکی پڕ لە مار و من هەردەبیَ لێی هـەڵێم. لە ترکیادا مێشکی کورد ناچار کراوە کە بە کـوردی بـیر نەکاتـەوە، ترك، ئەویان لە ـ خود ـ ی خۆی دابڕیوە)) [1]

کەمالیستەکان کاتیَ دیتیان بە کوشت و بڕ و قەڵاچـۆ و دەرکـردن و دوورخستنەوە ناتوانن کورد لە نێو بەرن ، چاویان بڕییە کەسێتی و ناسنامەی و پیلانی دزینی ناسنامە و سـووك کـردن و ڕووخانـدنی کەسایەتیی ئەم گەلەیان دەست پێکرد!

تۆیان بە تیر و تەکفیرکوشت

---

[1] یالچین کوچوك: داستانی ژیانەوە

منیان به تاقه‌تی ته‌حقیرکوشت

بێبه‌شیه كلتوورییه‌كان

له گه‌ڵ دامه‌زراندنی كۆماری توركیـادا، گـه‌لی كـورد لـه هـه‌موو مافێكی كلتووری و ڕۆشنبیری بێبه‌ش كرا. بێبه‌ش بوون له خوێندن و نووسین به زمانی كوردی به درێژایی چه‌ندین ده‌یه له گه‌ڵ دیكه‌ی بێبه‌شیه‌كانی بواری سیاسی و ئـابووری بۆتـه هۆكارێك بـۆ ئـه‌وه‌ی ئاستی خوێنده‌واری له ناوچه كوردنشینه‌كاندا زۆر زۆر له خـواره‌وه بێـت و هـه‌ر واش بۆتـه پێشـه‌كییه‌ك بـۆ چـڕ تـر بوونـه‌وه‌ی بـه‌ش خوراویه‌كه له دیكه‌ی به‌شه‌كاندا، گه‌رچی حكوومه‌تی توركیـا هـه‌وڵی داوه به پڕ و پاگانده‌یـه‌كی هه‌مه‌لایه‌نـه وا پیشـان بـدات كـه گوایـه زمانی كوردی زمانێكی سه‌ره‌تایی و ناته‌واوه، به‌ڵام به هـه‌موو هێـز وده‌ســـه‌ڵات و پـــیلان گێڕییه‌كه‌شـــیه‌وه نـــه‌یتوانیوه دیمـــه‌نی راسته‌قینه‌ی ئه‌و واقیعه بشـارێته‌وه كـه زمـانی كـوردی یه‌كێكـه لـه دێرین ترین و له هه‌مان حاڵدا ده‌وڵه‌مه‌نـد تـرین زمانـه‌كانی هینـد و ئه‌ورووپی و كاملترینی ئه‌و كۆمه‌ڵه زمانه‌یه و تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی بـه شێوه‌یه‌كن كه هه‌ر ته‌نیا بـه سـڕینی تـۆز و گـه‌ردێك بـه سـه‌ریه‌وه، ده‌توانێت ببێته زمانێكی هه‌ره پێشكه‌وتوو كه وڵامی هه‌موو نیـاز و پێداویستییه‌كانی سه‌رده‌م بداته‌وه.

*چەندین سەدەی لەمەو پێش، لە کاتێکدا کە شاکاری هەرە بەرز و بەنرخی ئەدەبی کوردی واتە(( مەم و زین)) بە زمانی کوردی دا هێنرا، ئەمیر و خەلیفە سەلجووقی و عوسمانییەکان و زانا و پسپۆڕەکانیشیان بە هۆی ناتەواوی و نادروستی و بێ بایەخ بوونی شێوە گوتنی ترکییەوە، پەنایان بردبۆوە بەر فارسی و عەرەبی و شێوەگوتنی ترکی هەر تەنیا بۆ دەر بڕینی قسەڵۆکی ناو ڕەمەکیی نەزان و نەخوێندەواری ترک بوو! وەك خودی ترکەکانیش ئەو ڕاستییە مێژوویییەیان دەر بڕیوە کە: لەو سەردەمانەدا، ترکێك هەر تەنیا لەگەڵ دایکیدا دەیتوانی بە ترکی قسەبکات ولێکتر تێ بگەن و ئیدی دڵدارەکەی بە فارسی و خودایشی بە عەرەبی دەدواندن!!*

بۆیەش کورد بە هەبوونی زمانە دەوڵەمەندەکەی خۆی و بەهۆی پێوەندییە ڕقاوییە نەتەوایەتییەکانیشەوە هەرگیز حەزی نەکردووە فێرە ترکی ببێت وپێی بخوێنێت، ئەو ئامار و سەر ژمێریانەی لە حەفتاکاندا لەم بارەیەوە بڵاو کرانەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و ئەوەش دەگەیەنن کە بەو هەموو زۆر و نق و هەوڵ و هەرایەی حکوومەتی ترك بۆ داسەپاندنی زمانی ترکی بە سەر گەلی کورددا، کوردەکان هەر فێری نەبوون و سەرنجیان نەداوەتێ، بەجۆرێك کە لە ناوچەی ماردین دا 91٪، لە دیار بەکر دا 68٪، لە بینگول دا

68٪ و له بەتلیس دا 66٪ی جەماوەری کورد له گەڵ ئەو زمانەدا نامۆ و بێگانه ماونەتەوە.[1]

به سەرنج دان بەوەی که زمانی رەسمی له ترکیادا، ترکییه، ئەو سەر ژمێریانەی ئاماژەیان پێکرا پیشاندەری بێبەشبوونی ڕێژەیەکی هەره زۆری جەماوەری کورد له نیعمەتی خوێندن و خوێندەوارییه، له حاڵێکدا که خاوەن دەسەڵاتێکی ترك به توندی دەقیڕێنێ که: ((هەموان دەبێ فێری ئەم زمانه- ترکی - ببن ...ئەگەر کەسانێك هەبن که ئەم زمانه نەزانن، خۆیان و مامۆستاکانیان بەر پرس و تاوانبارن))![2] ئەم دەسەڵاتداره لەوه بێ ئاگایه یان خۆی لێ گێل دەکات که(( حکوومەتی ترك ڕایگەیاندووه که له بەر نەبوونی بووجه له ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ترکیادا پتر له 2000 قوتابخانه داخراون و داوا له جەماوەری ئەو ناوچانه دەکات که پاره و خەرجی سەرلەنوێ بینا کردنەوەی ئەو قوتابخانه هەره زۆره له گیرفانی خۆیاندا دابین بکەن))[3]

ئەمه سەرەڕای ئەوەی که ئەو ڕێژه کەمەیەش که تا ڕادەیەك دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساوه، به هۆی بێبەشیه ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و پەره نەسەندنی پەروەرده و خزمەت گوزارییه

---

[1] درك کنان: کورد و کوردستان، و. بۆ فارسی: ئیبراهیم یونسی، تاران 1372

[2] ئیحسان سەبری: بەراوردی ئەمنی نەتەوەیی، ڕۆژنامەی گۆنس، 1990/4/10

[3] ڕۆژنامەی (ئیتلاعات)ی فارسی، تاران 1376/5/5

پێوەندی دارەکان لـە کوردسـتانی ترکیـادا، توانـای درێـژە دان بـە خوێنـــدنیان نییـــە بـــە جۆرێـــك کـــە ((بـــە پێـــی ســـەر ژمێریـــە ڕاگەیەنراوەکان ، لە پارێزگـای مـاردین دا تـەنیا 9٪ی خوێنـدکاران قۆنـاغی ناوەنـدی دەبـڕن و تـەنیا 18٪یـش دەتـوانن بگەنـە ئـەو قۆناغە)) [4]

بەراوردی ناوچە کوردنشینەکان لە گەڵ ناوچـە تـرك نشـینەکانیش لەم پێوەندییەدا پیشاندەری درز و ناتەباییەکی قووڵە کە لـە فـەرق و جیاوازیی ڕەگەزییەوە سەر چاوە دەگرێت .

لە سالآنی 1989تا 1990، لـە حاڵێکـدا کـە لـە ئەسـتەمبووڵ دا 7و89٪ی منـداڵانی تەمـەن زۆرتـر لـە 6سـاڵ توانـای نووسـین و خوێندنـەوەیان هـەبوو، لـە پارێزگـای هـەکاری کـە دەکەوێتـە سـەر سنوورەکانی ئێران و عێراق و ترکیا، هەر تەنیا 3و12٪ی ئەو ڕێژە تەمەنییە ئەو ئیمکانەیان هەبوو)) [٥]

ئیسماعیل بیشکچی نووسەری ترك و دۆستی کورد لە بابەتێکدا بـە ناونیشانی (( وەزعی کوردستانی ترکیا زۆر خراپترە لە وەزعی ژێـر دەستەیەك)) ئاماژە بەوە دەکات کە لە وڵاتە داگیرکەرەکاندا کاتێك کانزا و داراییەکانی وڵاتێکی ژێر دەسـتەیان بـە تـاڵان دەبـرد، نـەك هـەر نەدەبوونـە کۆسـپی ڕێگـای پێشـکەوت و گەشـە و نەشـەی

4 سیاسەتی ترکیاو کێشەی کوردەکان، ڕۆژنامەی (سلام)ی فارسی، تاران 1373/4/4

٥ سابیر قاسمی: مەسەلەی وڵات و ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان، تاران 1374

کلتـووره خۆماڵییـەکانی ئـەو وڵاتانـە، بـەڵکوو بـە ڕواڵـەتیش بـار و دۆخێکی لـە باریـان بـۆ گەشـە و نەشـەی ئـەو بوارانـە پێکـدەهێنا. (ئۆجـالان )یـش لـە قسـەکانی لـە گـەڵ یالچـین کوچـوك دا ئامـاژە دەکاتـە سـەر وەزع و بـاری ئـاڵۆز و پـڕ حەسـرەتی گـەلی کـورد و کێشـەی کوردسـتانی ترکیـا لـە هـی وڵاتـە ژێردەسـتەکانی ئەوسـا ئاڵۆزتر دەزانێت: ((زمانیان بەستوون، سەربەست نین لەوەی نـاوی منداڵـەکانیان بـە کـوردی بنـێن، نـاوی شـوێن و ناوچـەکانی کوردسـتانیش گـۆڕدراون، کـورد نـاتوانێ بـە شـێوەیەکی یاسـایی دیوانە شـیعرێك دابنێـت، خـۆ گـەر داشـبنێ، نـە چاپخانەیەك و نـە بڵاوکەرەوەیەك ئامادە نیە لێـی وەربگرێـت و بـڵاوی بکاتـەوە، خـۆ ئەگـەر هـاتو ئـاوا دەرفەتێکیشـی بـۆ ڕەخسـا ئـەنجا کـێ بیخوێنێتەوە؟))

لە ڕاستیدا ئەمڕۆکە لە ترکیـادا وشـەی کـورد واتـا و پێناسـەیەکی سیاسیی بە خۆوە گرتووە بە ڕادەیەك کە زمان و مۆسـیقاو سـەماو جـل و بـەرگ و هـەر شـتێکی کـوردی بـە دیاردەیـەکی سیاسـی دادەنرێت و قەدەغە دەکرێت! و هـەموو ئـەو بـەش خوراویـەش لـە کاتێکدا بەرۆکی کوردستانی پێ گیراوە کە بەشێکی هـەرە گـەورەو بەرچاوی شانازییە کلتووریەکانی ترکیا لە سەر دەستی کوردەکانـدا هاتووەتەدی و ئەو کلتوورەی کـە ئـەمڕۆ بـە نـاو نیشـانی کلتـووری ترك دەخرێتە بەر دیدەی خەڵکی جیهان، تـا سـەر ئێسـك و پێسـت

قــەرزاری کلتــووری دەوڵەمەنــدی کوردییــە بــە شــێوەیەك کــە کاریگەریەتیی هونەری کوردی بە سـەر هـەموو بـوارە هونەریـەکانی ترکــەوە بــە زەقــی و بەرجەســتەیی دیــارە، قــاڵی و گلێمــە گرانباییــەکانی بەرهــەمی دەســت و پەنجــەی پینــەکراوی کچــە کوردەکان و دیکەی بەرهەمە دەسـتکردەکانی هونەرمەنـدانی کـورد لــە ژێـر ناونیشـانی دەسـتکردی هوونــەریی تـرك، بـازاڕ و ناوەنـدە بازرگانیــەکانی جیهــانی پــێ دەڕازێتــەوە، شــوێنەواری دێــرین و خەزێنەی هونەریی پێشینانی کورد بە ناوی میراتی کەلەپووری ترك پیشانی جیهـان دەدرێـن!، زانـا و ئـەدیب و پسـپۆڕ و هونەرمەنـدە بەهرەدارەکانی کورد بۆ ناوی ترك و بۆ بەرز کردنـەوەی نـاوی تـرك هەوڵ دەدەن لەحاڵێکدا کـە هـیچ هونەرمەنـدێکی کـورد بـۆی نییـە بەرهـەمێکی کـوردی بـە زمـانی خـۆی بخولقێنـێ، لەـ دزی ـ یـەکی گەلاڵە کراودا گەنجینەی دەوڵەمەنـدی فۆلکلـۆری گـەلی کـورد تـالان دەکرێــت و گۆرانیــە ڕەســەنە کوردیــەکان دەســکاری دەکــرێن و بەشــعرۆکەی کــاڵ و کرچــی ترکــی دەوترێنــەوە !، ســاز و ئــامێرە مۆســیقییە کوردیــەکان دەکرێنــە (ســازی ترکــی!) وخزمــەتیان دەکرێت، وەکـوو سـازی (دیـوان) و پاشـان هـەر هونەمەنـدی کـورد دەیانلێتەوە و ئینجـا بـە نـاوی مۆسـیقای ترکـی دەناسـێنرێن و لـە هــــەمان حاڵــــدا بــــرایم تاتلیســــی گــــۆرانی بێــــژی ڕەمــــەکیی کوردی{دۆڕاوی} ترکیا ئەگەر هـات و ویسـتی گۆرانییـەکی کـوردی

هەر بە کوردی بلێتەوە{؟!}، دەبێ لە خودی تورگوت ئۆزاڵ ئیجازە نامەیەکی ڕەسمی وەر بگرێت!!

گەورەترین ئەدیب و هونەرمەندانی ترکیا و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵەی هونەریی ترکیا کوردن یانخود لە سای ڕۆشنبیریی دەوڵەمەند و بەر بڵاو و ڕەسەنی کوردییەوە گەیشتوونەتە نان و نەوایەك، لە یەك ڕستەدا، نەخشی کوردەکان لە مێژووی هاوچەرخی ترکیادا، یا خراوەتە ژێر لێوەوە یانخود دزراوەو دراوەتە پاڵی ترکەکانەوە!

## (من)یش کوردم!!

قسەکانی یالچین کوچوك شایەدێکی زیندووی ئەو ڕاستییە تاڵەن کە باس کرا، بە تایبەت لەو بەشەیدا کە دەگێڕێتەوە: ((جەمال سورەیا کە تاجێکە بەسەر شیعری ترکەوە ماوەیەك پێش کۆچی دوایی، لە کۆڕێکدا خۆی خزاندە پاڵم و ماچی کردم و بە هێواشییەك بە گوێمدا چرپاندی : (یالچین، منیش کوردم)...[1] ))!

لێرەدا وەك نموونەی مشتێك لە خەروار ئاوڕێك لە دوو هونەرمەندی ناوداری کوردی ترکیا دەدەینەوە: دیار ترین سینەماکاری ترکیا،

[1] یالچین کوچوك: داستانی ژیانەوە.

(یەڵماز گۆنەی) و ناودار ترین ئەدیب و نووسەری ئەو وڵاتە،(یاشار کەمال).

## یەڵماز گۆنای

یەڵماز گۆنای لە سەخت ترین بار و دۆخی سیاسیی داسەپاو بە سەر ترکیادا هەوڵیدا لە فیلمەکانیدا گۆشەیەك لە باری ئاڵۆز و دەرد و ڕەنج و مەینەتییەکانی گەلی کورد لە ئەنەدۆڵدا پیشان بدات، هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە چەندین جار لە لایەن دەسەڵاتدارانی ترکەوە گیرا و زیندان و دادگایی کرا و پتر لە دە ساڵی تەمەنی خۆی لە زیندان و سیاچاڵەکانی ترکیادا بردە سەر.

گۆنای، ساڵی 1981بە یەکجاری ترکیای بەجێ هێشت و ڕۆیشتە ئەورووپا و هەر لە ئەورووپاشدا بووکە فیلمی هەرگیز لەبیر نەچووی ((ڕێگا))ی تەواو کرد، فیلمێك کە ناوبانگێکی جیهانیی بۆ هێنا و خەڵاتی یەکەمی ڤستیڤاڵی سینەمایی(کان)ی پێ بەخشرا.

حکوومەتی ترکیا هەوڵی زۆری دا کە بەیاریدەی پۆلیسی نێودەوڵەتی، گۆنای دەسگیر بکات یان هەر هیچ نەبێ بەرگری بکات لە پێ بەخشینی خەڵاتەکەی، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێنا و گۆنای بە وەر گرتنی ئەو خەڵاتە ناوی خۆی و هەموو ئەو ستەم لێکراوە گومناوانەی ئەنەدۆڵی بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی سینەمای جیهانیدا تۆمار کرد. کۆچی ناوادەی ئەم هونەرمەندە،

کۆستێکی جەرگبڕ بوو بۆ کۆمەڵگەی هونەریی جیهان و دۆستان و ستەم لێکراوانی ئەنەدۆڵ و بە تایبەتیش جەماوەری کوردی ئەو ناوچەیە.

بەناوبانگ ترین بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە بریتین لە:

1 _ ئەسپ و ئافرەت و چەك ـ 1966

2 _ گورگە برسییەکان ـ 1969

3 _ هیوا ـ 1970

4 _ رزگار بوون ـ 1971

5 _ بێ ئەنوا یەکان ـ 1972

6 _ هاوڕێ ـ 1973

7 _ پەرۆشی ـ 1974

8 _ ڕان ـ 1975

9 _ دوژمن ـ 1979

10 _ رێگا ـ 1980

یاشار کەمال

یاشار کەمال، بێگومان بەر جەستەترین کەسایەتیی ئەدەبیی کوردی ترکیا و یەك لە کەڵە نووسەرانی جیهانە. ئەم نووسەرە پایەبەرزە لە یەکێ لە گوندەکانی دەورو بەری شاری(ئەدەنە)ی باشووری ئەنەدۆڵ ولە خێزانێکی کورددا چاوی بە دنیا هەڵێنا.

سەردەمی منداڵیی ئەم هونەرمەندە، هەر وەك زۆربەی هاو ڕەگەزە کوردەکانی، لێوانلێوی دەرد و رەنج و مەینەتییەکی پڕوکێنەر بووە. ئەو بار ودۆخە نا لەبارەش زۆری کار تێکردووە و بۆتە هۆی ئەوەی کە لە جیهانی نووسین دا ببێتە کەسایەتییەکی سەرکەش و شۆڕشگێڕ. پاڵەوانی چیرۆکەکانی یاشار، گەرچی ناوی گەورە گەورەیان پێوەیە بەڵام لە ڕاستیدا سەمبولێکن لە جەماوەری ستەملێکراوی ئەنەدۆڵ، چیرۆکەکانی وی ئاوێنەیەکی باڵا نوێنی چەوساوەیی ستەم چێژانی ئەنەدۆڵ و بە تایبەت گەلی کوردن .

یاشار، بۆ یەکەمجار لە وتارەکانیدا سەبارەت بەو ستەمەی کە لە گەلی کورد دەکرا، نارەزایی دەربڕی و لەم پێوەندییەشدا ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن بوویەوە بەڵام هەر دەستی لێ نەکێشا و کۆڵی نەدا و هێندەی نووسی تا ناوی وەك ناسراوترین ڕۆمان نووسی ترکیا کەوتە سەر زارانەوە. یاشار، بێجگە لەو ناڕەزایەتیەی کە لە قاڵبی چیرۆکەکانیدا بەرامبەر سیاسەتی رەگەز پەرستانەی حکوومەتی ترکیا دەری دەبڕی، زۆر جار لە وتارەکانیشیدا بە ئاشکرا ئەو کارەی دەکرد هەر بۆیەش چەندین جار گیرا و خرایە زیندان و کەوتە ژێر ئەشکەنجەی ترکە کەمالیەکانەوە .

یەکێك لە دوایین نووسراوەکانی، وتارێکە بە ناونیشانی ((هەورە ڕەشەکانی ئاسمانی ترکیا)). یاشار لەم وتارەیدا شێوازی سەرکوت کارانەی حکوومەت و جەنەراڵە ترکەکان پرۆتستۆ دەکات و

پشتیوانی خۆی لە مەڕ گەلی چەوساوەی کوردستان ڕا دەگەیەنێت کە لە ئەنجامدا دەگیرێت و دەدرێتە دادگای ترکەکان و مەحکەمە دەکرێت.

یاشار کەمال لە وتارێکی دیکەیدا بە ئازایی و ڕاشکاوانە ڕاستیە تاڵەکانی کوردستان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکات و دەڵێت : ((من دەڵێم ئەگەر مەجالی کوردەکان بدرابا بۆ پاراستنی مافی ڕۆشنبیری خۆیان، هیچ کاتێك نەدەکەوتنە بیری جیا بوونەوە و سەر بەخۆیی، کەچی نەك هەر ئەو مافەیان لێ زەوت کرا وە بەڵکوو 5 و3ملیۆن کورد لە ترکیادا دەرکراون و پتر لە 40 هەزار کەس کوژراون و زۆربەی جەنگەڵ و دارستان و لێڕەوارەکانیان سووتێنراون))[1]

کەسایەتیی بەرزی یاشار کەمال بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرەڕای دوژمنایەتیی باڵە توندڕۆکانی ترك لە گەڵیدا، لە هەندێ بواردا سیاسەتمەدارانی ترکیا بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك لە مەڕ کێشەی کوردستان پەنای بۆ بەرن، بۆ وێنە ساڵی 1991 تورگوت ئوزاڵ داوای یارمەتیی لێدەکات و ئەویش لە نامەیەکدا بۆی

---

[1] ئازادەی بیداربەخت: یەشار کەمال دەنگێکی نەمر،گۆڤاریفارسیی: ڕۆژگاری وەسڵ،خولی نوێ،ژمارە2هاوینی1376لاپەڕە38

دەنووسێت: (( هەزاران ساڵە کەگەلی کورد هاوڕێ لەگەڵ گەلانی دیکەی دنیادا برایانە ژیاوە.. ڕەنگە سوپای ترك بتوانێت ئۆجالان لە نێو بەرێت یان ڕەنگە بتوانێت دەیان ملیۆن کورد یەخسیر بکات، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمی مافی مرۆڤدا دەژین و گەلانی جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ گرینگی و سەرنجی زۆرتر دەدەنە مافی مرۆڤ، بۆیە درێژەدانی شەڕ دژی کوردەکان نیشانەی تێهەڵچوونی زۆرترە لە گەڵ ڕای گشتیی گەلانی جیهاندا و دەشزانن کە لەو چەشنە شەڕ و تێهەڵچوونانەدا هیچ سەرکەوتنێك بەدی نایەت. شکستی ئەمریکا لەڤیتنام و سۆڤیەتیش لە ئەفغانستاندا هێشتاش لە بیر نەچۆتەوە !)).

بەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەو دواییانەی ترکیاش (مەسعود ئیلمان) بۆ پرس و ڕا سەبارەت بە کێشەی کوردستان دەچێتە لای یاشار و ئەویش لە وڵامی ئیلماز دا دەڵێت: (( ئێوەی سیاسەتمەدار بێ زات و بێ جورئەتن، ئێمە بە هەبوونی کەسانێکی وەکوو ئێوە ناگەینە ئازادی! ئێوە دەتوانن پێنج تا دە کوردیش فریو بدەن بەڵام ناتوانن 20 ملیۆن کورد لە خشتە بەرن، لە لایەکی تریشەوە، گەر بتوانن ئەم کێشەیە بە ژیری چارەسەر بکەن، ترکیا دەبێتە وڵاتێکی سەربەست و دیموکرات)).

## بێبەشیە ئابوورییەکان

کوردستانی ترکیا ناوچەیەکی شاخاوییە و لە هەمان حاڵیشدا دەشتێکی پان و بەرین و پڕ بەرەکەت و لەباریشی هەیە بۆ کاروباری کشت و کاڵ و ئاژەڵداری و بەرهەم هێنان. ئەم ناوچەیە لە بواری سەرچاوەی ئاوەوە زۆر دەوڵەمەندە و یەکێکە لەو ناوچە دەگمەنەی خۆرەلاتی ناوەڕاست کە هەرگیز تووشی کێشەی کەم ئاوی نابێت، 70 تا80٪ی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە وئاراس و فورات لە کوردستانی ترکیادا دابین دەکرێت و هەرواش ئەردەن و ئیسرائیل بە ڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش وابەستەی سەرچاوە ئاوییەکانی باشووری (ئەنەدۆڵ)ن .

بە سەرنج دان بەو وابەستەییە سەرنج ڕاکێشەی وڵاتەکانی عێراق و سووریا و لوبنان و ئیسرائیل و فەلەستین و ئەردەن بەو سەرچاوە ئاوییانەوە، وا تێبینی دەکرێ کەلە سەدەی ئایندەدا شاڕەگی ئابووریی خۆرەلاتی ناوەڕاست نەك لوولە نەوتەکانی وڵاتانی عەرەبی، بەڵکوو ڕووباری پڕ ئاوی کوێستانەکانی کوردستان بێت و ئاشکرایشە کە ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کوردستانی باکوور لە ژێر سەیتەرەی هەرکەس و لایەنێکدا بن، دەتوانێت وەکوو هێزێکی کاریگەری گوشار بۆ ئایندەی ناوچەکە سوودیان لێ وەر بگرێت ، ناکۆکییە دێرینەکانی نێوان سووریا و ترکیا لە لایەك و هاوکاری

نزیکی ئیسرائیل و ترکیاش پێکەوە لەلایەکی ترەوە تا ڕادەیەکی هەرە بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە.

ئەم سەرچاوە ئاوییانە لە بەرنامەکانی ئابووری وکۆمەڵایەتیی ناوچەکەدا نەخشێکی هەرە گرینگ و بەرچاویان هەیە و سەرەڕای بواری پیشەیی و کشت و کاڵ، لەبواری دابین کردنی کارەباییشدا زۆر گرینگ و کاریگەرن، بە جۆرێك کە ڕادەی دابین کردنی کارەبای ئاویی کوردستانی ترکیا 90 هەزار کیلۆ وات بەراورد کراوە. لە لایەکی تریشەوە بەشی هەرە زۆری سەرچاوە و کانزا ژێر زەمینیەکانی ترکیا بە تایبەتی( کورۆم) و ( مس) لە خاکی کوردستاندان. کانزاکانی نێوان دیار بەکر و خابوور(ئالازیك) بە یەك لە گەورەترین کانزاکانی جیهان دەژمێردرێن.

بەرهەم هێنانی ڕادەی 832000 تەن کورۆم لە ساڵی 1967دا ترکیای، پاش یەکیەتی سۆڤیەت کردە دووەمین بەرهەم هێنەری ئەم مادەیە لەجیهاندا. بەرهەم هێنانی ئاسن لە(دیوریگی)ی کوردستاندا لە یەك ونیو ملیۆن تەن تێپەڕی، دەر هێنانی مس لە دیار بەکر لە ساڵی 1970 دا پتر لە یەك ملیۆن تەن بوو، بەرهەم هێنانی نەوتیش لە چاڵە نەوتەکانی سیرت و دیاربەکردا گەیشتە چوار ملیۆن تەن! کوردستان وەك تاقانە سەرچاوەی نەوتی ترکیا، بۆ خۆی لە کەمترین بەشی داهاتی ئەو بەرهەمە بەشدارە: لە ساڵی 1971دا، داهاتی فرۆشتنی نەوت زۆرتر لە5و2ملیۆن دۆلار بوو کە

ساڵی دواتر، ئەم ڕێژەیە گەیشتە 10 ملیۆن دۆلار کەچی کەمتر لە5٪ی قازانجەکەی تەرخان کرا بۆ خەرجی ناوچە کوردنشینەکان! سەرە ڕای ئەمانەش ئاسەوار و شوێنە توریستیەکانی کوردستان لە جیهاندا بێوێنەن: سروشتی جوان و ڕۆشنبیری و شارستانەتی ڕەسەنی کوردی و شوێنەوارە دێرینەکانی کە هەندێکیان پیشاندەری یەکەم قۆناغی گوندنشینی و سەقامگیری و سەرەتای شارستانیەتی مرۆڤن لە خۆرەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت لە جیهانیشدا، هەر وەها ئاسەواری بە شکۆی شارستانیەتە جۆربەجۆرە مێژوویی و ئایینیەکان وەك شوێنەوارە دێرینەکانی (نەمرود داغ) و ( زنجیرلی) کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی(پارت)ەکان، هەموویان بە سەرمایەی کوردستان دەژمێردرێن کەلەبارترین هەل و مەرجیان پێك هێناوە بۆ گەشە و پەرە پێدانی توریسم کە ئەمڕۆکە یەك لەپڕداهات ترین پیشەکانیجێ سەرنجی ئابووریناسان و کۆمەڵناسانە. بەم پێیە، دەبینین کە دەوڵەمەند ترین و لەبارترین بەش و ناوچەی ترکیا بۆ کارکردن لە بوارە جۆراوجۆرە ئابوورییەکاندا هەمان کوردستانە، کەچی بە هۆی کەمتەرخەمی و لێ نەپرسینەوە و نەبوونی پلانی دروست و ئینسانی، ئەم ناوچەیە وەکوو هەژارترین ناوچەی ترکیا و بگرە خۆرەڵاتی ناوەڕاستیشی لێ هاتووە، لە حالێکدا کە دانیشتوانی ئەنکەرە و ئەستەمبووڵ و دیکەی شارەکانی ڕۆژاوای

تركيا، هاشە و هووشەی ئەوە دەكەن كە لەگەڵ دانیشتوانی پاریس و لەندەندا یەكسانن، زۆربەی زۆری جەماوەری كوردستانی تركیا لە بار ودۆخێكدا دەژین كـە تەنانـەت لەگـەڵ هـەژارترین وڵاتەكانیشـدا هەڵناسەنگێندرێن.

داهاتی سەرانەلە 10 پارێزگای تركیا وەك: كوجاعـەلی و ئـەزمیر و ئەستەمبووڵ و ئەنكەرە و كركلارعەلیـدا لـە نێـوان 7 هـەزار و364 دۆلار تـا چـوار هـەزار دۆلارە، ئەمـەش لـە حالێكدایـە كـە داهـاتی سەرانەی پارێزگاكانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەك: ئاغوری و مـووش و ئیغـدیر و وان و بـەتلیس لـەنێوان 660 تایـەك هـەزار دۆلارە ! هەروەها ساڵی 1992 لەحاڵێكدا كە 70٪ لە پاشـەكەوتی ناوچەی كوردستان ڕەوانـەی ڕۆژاوای تركیـا كـرا، خـودی ناوچـەكە هەر تەنیا4٪ی پێگەیشت.

ورد بوونەوە لـەو ئامـارەی سـەرەوە و بـە سـەرنج پێـدانی دابـەش نەكردنی سروەت بە شێوەیەكی عادیلانە لە ناوچە كوردنشـینەكاندا بە هۆی شێوازی فیۆدالی لە كۆمەڵگەی كوردسـتاندا ( كـە هـەر لـەو بوارەشـدا حكوومـەت بـەرپرس و تاوانبـارە)، پیشـاندەری ئـەو ڕاستییەیە كـە كوردەكـانی تركیـا لەحاڵێكـدا یـەك لـە هـەژارترین و بەشبڕاوترین گەلانیخۆرەڵاتی ناوین و تەنانـەت ( ئاسـیا)یشـن، كـە كوردستان یەكێكە لە دەوڵەمەندترین ناوچەكانی خۆرەڵاتی ناوین و تەنانـەت ئاسـیایش.(ئەڵبـەت ئـەم هـەژاری و بـێ بەشـییە زۆرتـر

ڕووبەڕووی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی - کوردستان - دەبێتەوە و ئەوانەی کە لە ناوچە ڕۆژاواییەکاندا دەژین، وەزع و بارێکی باشتریان هەیە).

بە پێی بۆچوونی کارناسان، ئابووریی کوردستانی ترکیا نەك (ئابوورییەکی دواکەوتوو) بەڵکوو(ئابوورییەکی دواخرا و)ە. بەو مانایەکە حکوومەتی ترکیا لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە سەر ئەوە وەستاوە کە بەر بە گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان بگرێت تا هەل و مەرجێك بسازێنێ کە جەماوەری کورد بە دوای ژیانێکی باشتردا ناوچەکە جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە ناوچە غەربییەکان کە زۆربەیان ترکن ئەویش بەو مەبەستەی کە لەناو ترکەکاندا بتوێنەوە! ئەم سیاسەتە چەپەڵە تا ئەم ساڵانەی دواییش هەر درێژەی هەبوو بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا داهێنەرانی ئەو سیاسەتە(پەی)یان بە هەڵەی بیر و ڕاکانی خۆیان بردووە، چوونکە گەرچی ئەو بارودۆخە دەستکردە بۆتە هۆی کۆچی زۆربەی کوردەکان بەرەو ڕۆژاوا، (دەڵێن هێشتاش هەر لە ساڵدا سەد هەزار کەس لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا کۆچ دەکەن) هەروەها گەرچی کوردێکی زۆریش پاش کۆچ کردن، زمان و ڕۆشنبیریی خۆیان لەبیر کردووە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو کۆچبەرانە لە بەرامبەر ئەو گوشارەی حاکمە ترکەکاندا خۆڕاگر بوونە و ناسنامەی کوردیی خۆیان پاراستووە و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوونە و تەنانەت

بوونەتە سەرچاوەی زۆربەی بزووتنەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەم دواییەی کوردەکانی ترکیا.

بەراوردێکی فرۆشی ژمارە(1)ی گۆڤارێکی کوردی بە ناوی (ڕۆژنامە) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نیوەی زۆرتری لە دەرەوەی ناوچە کورد نشینەکان ( کوردستان)دا فرۆشراوە. ئەمەش پیشاندەری حەز و خواستی کوردە کۆچبەرەکانە لە سەر کلتووری نەتەوایەتیی خۆیان و هەرواش نەخش و ڕۆڵیان لە بزووتن و وروژاندنی ئەو کلتوورەدا دەسەلمێنێت.

## کوردەکان،
## سێیەمین جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە لایەکی دیکەشەوە ڕێژەی لە سەرەوەی زۆر بوونی جەماوەر کە دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی ناڕاستە و خۆی هەژاری و بێبەشییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە بۆشایی کۆچ کردن و بە جێهێشتنی کوردستانی ترکیا پڕ بکرێتەوە و جەماوەری کوردی ناوچە ڕۆژاواییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر و زیاتر بێت.

ئامار و سەر ژمێرییەکی ڕێك و پێك لە مەڕ ڕێژەی کوردەکانی ترکیا لە بەر دەستدا نییە و ئەوانەش کە دەکەونە بەر دەست، لێك جیاواز و جۆرا وجۆرن: حکوومەت و دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ترکی کە پێشتر هەر لە ڕەگەوە هەبوونی نەتەوە و جەماوەر و

ناسنامەی کوردیان ئینکار دەکرد، لـەم سـالانەی دواییـدا ناڕاسـتەو خۆ دانیان بە هەبوونی 10 تا 15 ملیۆن کورددا نـاوە، لـە لایـەکی دیکەشەوە کوردەکان دەڵێن کە ڕێژەی نفووسـی کـورد لـە ترکیـادا لە25ملیۆن تێدەپەڕێت.

بە سەرنج دان بەوەی کە سەر ژمێریەکانی لای حکوومەت و هەندێ لایـەنی دیکـەش تـەنیا جـەماوەی کـوردی ناوچـەکانی ڕۆژهەڵات و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی لـەخۆدەگرێت و ئـاوڕ لـە کوردەکـانی ڕۆژاوا ناداتەوە، هەر وەها بـە ورد بوونـەوە لـە ئامـار و سـەر ژمێریـەکانی سـەردەمی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی کـە نفووسـی کوردەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانییـان لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتـەمدا پێـنج هــەزار کــەس بــەراورد کــردووە و هــەرواش بــە سـەرنجدان بــە جــەماوەری زۆری کــورد لــە ناوچــەکانی ڕۆژاوادا، دەتوانین بڵێین کە ڕێژەی 20 تا 25 ملیۆن بـۆ کوردەکـانی ترکیـا ڕێژەیـەکی ڕاسـت و واقیـع بینانەیـە. ئەڵبـەت بەشـێکی زۆری ئـەو رێژەیە لە ناوچەکانی ڕۆژاوای ترکیادا دەژین، بۆ وێنە ئەسـتەمبووڵ بە 3 تـا 4 ملیـۆن دانیشـتووی کـوردەوە گـەورەترین شـاری کـورد نشـینی ترکیایــە و لــە زۆربــەی شــارەکانی باشــووری ترکیــاش بەتایبەتی لێوارەکانی(مەدیتەرانە) کوردێکی زۆریان تێـدا دەژی بـە جۆرێك کە هەر ئێستا لە شـاری (ئەدەنـە)ی باشـووری ترکیـادا کـە دوو ملیۆن جەماوەری هەیە، زۆربەی دانیشتوانی کوردن، هـەر ئـەو

تێك شێوانەی بواری جەماوەری بەقازانجی کوردەکان بەتایبـەت لـە ڕۆژاوا و باشووری ترکیادا بۆتە هۆی نیگـەرانی و دڵـە ڕاوکێـی زۆری حکوومەتی ترك، ترس و دڵە ڕاوکێ لەوەی کە پێشبینی دەکرێت لە 20 تا 30 ساڵی ئایندەدا پێکهاتەی نەژادیی جەماوەری ترکیـا بـە قازانجی کوردەکان دەگۆڕدرێت و کوردەکان زۆربەی زۆری نفووسی ئەو وڵاتە پێك دێنن و هەر بەو شێوەیەش دەتوانن بگەنـە زۆربـەی مافە زەوت و پێشێل کراوەکانیان لە ترکیای کەمالیدا.

{بە هیوای ئەو ڕۆژە}

# کۆتایـــــــــی

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- برای هێژام (دیاری حسێن) کە ئەگەر ئەو نەبووبا ئەم بەرهەمەم بەم زووانە نەدەکەوتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە.
- جگەرگۆشەکەم (ئەدهەم عەباسی) کە پیت چنینی کتێبەکە بەرهەمی ماندووبوونی پەنجە ناسکۆڵەکانیەتی.

هەولێر

جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)

# تركێكی فاشی
# (گورگی بۆر)



**وێنەی توركێكی فاشی ئەندامی گرووپی گورگە بۆرەكان كەلەلایەن دەسەڵاتدارانی شۆڤینی تركەوە دژ بە كورد دامەزراوە**

ئەندامەكانی ئەم گرووپە وەك گەلە گورگ هێرش دەكەنە سەر كوردەكان و هەروەك گورگی هار لەتوپاریان دەكەن و سكیان دەدڕن. ئەوان لەكاتی هێرش كردنەكەیاندا وەكوو گورگ دەلوورێنن و بە پەنجەی دەستیان كەللە گورگ دروست دەكەن (وەك لە وێنەكەدا دیارە)، كە هێمای تایبەتی گرووپە دڕندەكەیانە. ئەم گرووپە زۆرتر لەگەنجە فاشییەكانی ترك پێكدێت كە لەلایەن (میت)ی بەدناوی تركیەوە لەسەر ڕەوشتی گورگی هار پەروەردە دەكرێن و دژی كورد هان دەدرێن.. بۆیە دەكرێ بڵێین گرووپی گورگە بۆرەكان نوێنەری ڕاستەقینەی ڕق و دڕندایەتی و شۆڤینیەتی تركن دژ بە گەلی كورد!!!

( وەرگێڕ )

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.